# ڕووداو RÛDAW

خوێنەری ڕووداو زۆرتر دەزانێت

ژمارە (427) دووشەممە 2016/10/10 – 18ی ڕەزبەری 2716 (750) دینار


فەرهاد ئەتروشی، پارێزگاری دهۆک بۆ (ڕووداو):

## پەشیمانم بوومە پارێزگار



**ڕووداو– دهۆک**

فەرهاد ئەتروشـی، پارێزگاری دهۆک لە هەڤپەیڤینێکدا لەگەڵ (ڕووداو)دا دەڵێت پەشـیمانە لەوەی بووەتە پارێزگار و ئەو پۆسـتە سـەری سـپی کردووە "پەشـیمانم، لە کاتێکی زۆر خراپدا ئەو ئەرکەم وەرگرت، قەیرانەکان ئەوەندە گەورەن دەڵێم خۆزگە ئەو ئەرکەم وەرنەگرتبا". ئەتروشی کە پێشتر مامۆستای زانکۆ بووە و دواتر بووەتە ئەندامی ئەنجوومەنی نوێنەرانـی عێـراق، دەڵێت کاری پەرلەمانتاری لە هەموو کارەکانی دیکەی خۆشـتر بووە، بەڵام ئەگەر لە نێوان ئەو سـێ کارەدا سەرپشـکی بکەن، ئەوا مامۆستایەتی هەڵدەبژێرێ. فەرهاد ئەترووشـی لە نەوەتەکاندا لە ڕێکخسـتنەکانی یەکگرتووی ئیسـلامی کوردسـتاندا کاری کـردووە، بـەڵام دوای ئەوەی دەچێتـە مالیزیا بۆ خوێندنی ماسـتەر، کە دەگەڕێتەوە دەبێتـە پارتـی. ئەترووشـی هـۆکاری ئەوە ڕووندەکاتـەوە و دەڵێت لەوێ لەسـەر باسکردنی کوردستان لەگەڵ ئیخوانەکان تووشی کێشەی زۆر بووە و بە کەسێکی ڕەگەزپەرسـت و نەتەوەیـی لەقەڵەمیـان داوە، بۆیـە نەیتوانیوە لـە ڕیزەکانی ئەوانـدا خزمەت بکات. . فەرهاد ئەترووشـی گرنگـی زۆر بە بواری هونەر دەدات و دەڵێت لەسـەر ئەوە سـەرۆکی حکومەت توانجی لێداوە "سەرۆکی حکومەت بە سوعبەتەوە پێیگوتم بوویت بە موتریب".

4 »

کێشەی پارێزگاری سلێمانی لە ئەنجوومەنی شوورایە

4

بەپێی ناوەڕۆکی نامەیەک:

تاڵەبانی، یەکێتی سپاردووە بە جێگرەکانی و هێرۆ ئیبراهیم ئەحمەد

7

لە تورکیا گۆڤەند و کارتۆنی کوردی قەدەغە دەکرێن

6

هۆشیار عەبدوڵڵا، پەرلەمانتاری فراکسیۆنی گۆڕان لە پەرلەمانی عێراق:

# بەغدا ئاگاداری دڵۆپ دڵۆپی فرۆشتنی نەوتی کوردستانە

پەرلەمانتارێکی کورد:

کورد هیچی لە بەغدا دەستناکەوێ

پەرلەمانتارێکی شیعە:

عێراق بەرەو ئەوە دەڕوات مووچەی فەرمانبەرانی کوردستان بدات

3 »



## 19 کورد بە تۆمەتی قاچاخچێتی لە سوێد بەندکراون

11 »

ڕاپۆرتە هەواڵ 2

ژن و منداڵی ئەفسەرە سووتێنراوەکە دیار نین



ڕاپۆرت 7

ڕێڕەوە ئێرانییەکە بە تەلەعفەر و شنگالدا دەڕوات

ژنان 14

کورد بۆ ژنهێنان بە گروپ دەچنە میسر



تەندروستی 18

لە کوردستان هەفتانە 18 ئافرەت تووشی جۆرە شێرپەنجەیەک دەبن



راپۆرتە هەواڵ
ژمارە ( 427 ) - دووشەممە 2016/10/10



## کارەبا دایکێک و کۆرپەکەی دەکوژێت

**رووداو- هەولێر**

هۆگر عەزیز، گوتەبێژی پۆلیسی هەولێر بە (رووداو)ی راگەیاند "کاژێر 7:30 خولەکی رۆژی یەکشەممە 2016/10/9 پۆلیس لە رووداوێکی دڵتەزێن لە کەمپی کەورگۆسک ئاگادارکرانەوە ، دوای گەیشتنی پۆلیس بۆ شوێنی رووداو دەرکەوت کەوا دایکێک و کۆرپەکەی بە کارەبا گیانیان لەدەستداوە" . دایکەکە ناوی دلڤین ئەحمەد موحسینە و تەمەنی 19 ساڵە و کۆرپەکەیشی تەمەنی 10 مانگە . بەگوتەی هۆگر عەزیز کۆرپەکە لەباوەشی دایکیدا بووە، دایکی ل دەستکاری بۆیلەری کردووە و کارەبا لێیداوە، بەو هۆیەش هەردووکیان دەستبەجێ گیانیان لەدەستداوە .

نەوتی کەرکووک بە سلێمانیدا دەبەنە ئێران

# مەریوانییەکان دژی تانکەرەکانی نەوتی کوردستان ناڕەزایی دەردەبڕن



### چالاکڤانێکی مەریوانی:
### بۆمبی نەوتی خراوەتە سەر رێگاکانمان

**فوئاد حەقیقی**
**رووداو- هەولێر**

کاژێر 10ی شەوە، تانکەرێکی سووتەمەنی لە مەریوانەوە بەرەو سنە دەچێت. لە راستیدا نە لە مەریوانەوە وەڕێکەوتووە نە ئامانجیشی سنەیە. لە نزیکی گوندی نگڵ وەردەگەڕێ و گڕ دەگرێ و لەگەڵ خۆیدا پێنج ئۆتۆمبێل دەسووتێنێ، حەوت لە سەرنشینانی ئۆتۆمبێلەکان دەسووتێن. یەکێکیان دەستبەجێ دەمرێ. شەشەکەی دیکەش دەگوازرێنەوە بۆ نەخۆشخانە، لەوانیش چواریان دەمرن، باری تەندروستیی دووانەکەی دیکەش کە ژن و مێردن، زۆر باش نییە.

ئەمە یەکەم رووداوی لەو جۆرە نییە لەسەر رێگای مەریوان- سنە روودەدات، بەڵام مەریوانییەکان ئیدی لەوە زیاتر خۆیان پێڕانەگیرا. هەوڵەکانیان بۆ پێشگیری لە هاتوچۆی تانکەرەکان لە رێگای سنە — مەریوانەوە وەگەڕخست.

سەرەتا بە کەمپەینێک دەستیان پێکرد. لە ماوەی 30 کاژێردا 5000 واژۆ کۆکرایەوە، بەڵام پێیانوابوو ئەمە بەس نییە. بۆیە چالاکڤانانی مەدەنی مەریوان، داوایان کرد گردبوونەوەی ناڕەزایی رێکبخەن.

خەڵکێکی زۆر بە دەم داخوازییەکەیانەوە هاتن. رۆژی 2016/10/4 لە بەردەم قایمقامیەتی شارەکەدا کۆبوونەوە. ئەوان داوایان کرد دەستبەجێ هاتوچۆی تانکەرەکانی باشووری کوردستان بۆ شاری مەریوان و سنە رابگیرێت. داواشیان کرد هەرچی زووە پرۆژەی نۆژەنکردەوەی رێگەی مەریوان- سنە، مەریوان — سەقز تەواو بکرێ کە ماوەیەکی زۆرە کاری تێدا دەکرێ، بەڵام نەک وەڵامیان نەدرایەوە، بەڵکو ژمارەیەکیان لێ دەستگیرکران، رێکخەرانی گردبوونەوەکەش بە کەفالەت ئازاد کران.

نزیکەی 12 ساڵە پرۆژەی راکێشانی رێگایەکی دووسایدی لە سنەوە بۆ مەریوان دەستی پێکردووە، بەڵام هێشتا بەشێکی زۆری ماوە تەواوبکرێ.

مەنسوور موورادی، نوێنەری شارەکانی مەریوان و سەوڵاوا لە پەرلەمانی ئێران دەڵێت "هۆکاری رەوشی خراپی جاددەکانی مەریوان — سنە بۆ کەمتەرخەمی بەرپرسانی باڵای پارێزگای سنە و تەنانەت ئێرانیش دەگەڕێتەوە".

ساڵانە ژمارەیەکی زۆر تانکەر لە باشووری کوردستانەوە نەوت و سووتەمەنی بۆ ئێران و وڵاتانی دیکە دەگوازنەوە، لە رێگاکانی رۆژهەڵاتی کوردستاندا تووشی رووداو دەبن، یان دەبنە هۆکاری رووداوی هاتوچۆ.

ساڵی 2006 دەروازەی باشماخ کرایە دەروازەیەکی نێودەوڵەتی و هاتوچۆکان لە مەریوانەوە زۆر زیاتر بوون، بەڵام ژێرخانەکانی گواستنەوە لەو شارە هەر وەک خۆی ماوەتەوە.

بەهرە عارفی، چالاکڤانی مەدەنی مەریوانی دەڵێ "کێشەی ئێمە تەنیا تانکەرەکان نییە، بەڵکو رێگای مەریوان بۆ سنەشە، رێگاکە تەنانەت ئەگەر تانکەریش هاتوچۆی پێدا نەکات، زۆر زۆر خراپە. بەڵام سەرەڕای ئەوەش هەندێ بۆمبی نەوتییان خستووەتە سەر رێگاکان".

قایمقامی مەریوان بە مەریوانییەکانی گوتووە "دوو ساڵی دیکە پرۆژەی جووتسایدی مەریوان — سنە تەواو دەبێت، بەهۆی کێشەی تەکنیکی زووتر لەوە ناتوانن تەواوی بکەن".

بەهرە عارفی گوتی "خەڵک بەمە رازی نەبوون و داوایان کردووە تاوەکو دوو سایدی مەریوان — سنە تەواو نەبێت، رێگە بە هاتوچۆی تانکەری نەوت نەدرێت".

# ئەفسەرێکی پێشمەرگە دەسووتێنرێ و ژن و منداڵەکانیشی دیارنین



**پشتیوان جەمال**
**رووداو- کۆیە**

ئەفسەرێکی وەزارەتی پێشمەرگە دوای هەفتەیەک لەدیارنەمانی، تەرمەکەی بە سووتاوی دەدۆزرێتەوە و ژن و منداڵەکانیشی دیارنامێنن.

شەوی 2016/9/28 لە مەلەوانگەیەکی تەواونەکراودا لە گەڕەکی زانکۆی شاری کۆیە، تەرمی رامیار عەبدولسەمیع، تەمەن 45 ساڵ کە نەقیبە لە وەزارەتی پێشمەرگە، بە سووتێنراوی دۆزرایەوە. بەهۆی زۆریی رێژەی سووتانەکەی سەرەتا نەناسرایەوە، دوای ئەوەی هێنرایە پەیمانگەی دادپزیشکی هەولێر، ناسرایەوە و رۆژی 2016/10/5 رادەستی کەسوکارەکەی کرایەوە.

عەمید محەممەد سەعید، بەڕێوەبەری پۆلیسی کۆیە بە (رووداو)ی راگەیاند "بۆ ناسینەوەی تەرمەکە لەلایەن کەسوکاریەوە سێ بەڵگە هەبوون، یەکەمیان کەسوکاری هاتن گوتیان دیار نییە، دووەمیان رەنگ و جۆری پانتۆڵ و تیشێرتەکەی، سێیەمیش کەسێکی خێزانەکەیان پزیشکی ددانە و پێشتر ددانی بۆ نەقیب رامیار چاک کردووە، بە ددانەکەی ناسییەوە".

نەقیب رامیار، 26 ساڵ بوو ژنی هێنابوو، خاوەنی دوو کچ و کوڕێک بوو. کچێکی خوێندکاری پەیمانگەیە و کوڕەکەشی پۆلی نۆی بنەڕەتی تەواو کردووە. کچەکەی دیکەشی بچووکە و تەمەنی سێ ساڵە.

سەرچاوەیەکی ئەمنیی ئاگادار لە شارۆچکەی کۆیە بە (رووداو)ی راگەیاند "دوای رووداوەکە ژن و منداڵەکانی دیار نەماون، کەسوکاریشی گومانیان هەیە دەستی ژنەکەی تێدا بێت".

دیار موفتی کە ئامۆزای نەقیب رامیارە، ئەو گومانەی پشتڕاست کردەوە و بە (رووداو)ی گوت "ژن و منداڵەکانی دوای دۆزینەوەی تەرمەکە دیارنەماون. ئێستا گومانمان بۆ دروست بووە کە ئەوانیش بەهەمانشێوە کوژرابن، یان ژنەکەی دەستی لەو کارەدا هەبێت".

ئایا نەقیب رامیار و ژنەکەی کێشەیان هەبووە؟ موفتی گوتی "بەهۆی نەمانی مووچە رەنگە کێشەیان هەبووبێت، نەقیب رامیار نزیکەی سێ مانگ بوو یەکەی مۆبایلەکەی پڕنەکردبووەوە، ئەوەش بەپێی ئەو زانیاریانەی لە دوای ونبوونەکەی لەلایەن دادگاوە داوا لە کۆمپانیای کۆرەک کراوە و کۆرەکیش پێیگوتوون".

سەبارەت بە باری داراییشی، موفتی گوتی "پێشتر خانووی خۆیان هەبوو، بەڵام بەمدواییە لە خانووی کرێدا بوون، جگە لەوەش لەم ماوەیەدا نەقیب رامیار ئۆتۆمبێلەکەی خۆی فرۆشت و دوکانی ئارایشتی بۆ ژنەکەی دانا".

### کێشەی نەقیب رامیار و هاوژینەکەی

دیار موفتی، کە ئامۆزای نەقیب رامیارە، زۆر پەسنی هاوژینی نەقیب رامیار دەدات و دەڵێت "ژنێکی زۆر بەڕێز و لەگەڵ هاوژینەکەی بێ کێشە بوو". بەڵام سەرچاوەیەکی ئەمنی لە شاری کۆیە دەڵێت کێشە لە نێوان ئەو ژنە و پیاوەکەدا هەبووە "نەقیب رامیار و ژنەکەی دوو سێ ساڵ بوو کێشەیان هەبوو، دۆسیەکەشیان لە دادگا بووە و ویستوویانە جیاببنەوە". دیار گوتی "راستە ویستیان جیاببنەوە، بەڵام کێشەکەیان چارەسەر کرا".

# مووچەی مانگانەی شاجوان یەک ملیۆن دینار دەبێت

### پێدرۆ فرانسیسکۆ، سەرپەرشتیاری هەڵبژاردنی شاجوانی هەرێمەکان:
### بودجەی هەڵبژاردنی شاجوانی کوردستان زۆر زۆرە و لە فەڕەنسا 30 هەزار دۆلاری تێدەچێ

**پشتیوان جەمال**
**رووداو- سلێمانی**

پێدرۆ فرانسیسکۆ، سەرپەرشتیاری هەڵبژاردنی شاجوانی هەرێمەکان لە مەکسیک دەڵێت ئەو بودجەیەی بۆ ئاهەنگی هەڵبژاردنی شاجوانی کوردستان تەرخان کراوە زۆر زۆرە. بەرپرسێکی گەشتوگوزاریش دەڵێت حکومەت یەک سەنتی بۆ ئەو ئاهەنگە خەرج نەکردووە و لەلایەن چەند کۆمپانیایەکەوە سپۆنسەر کرابوو.

شەوی 2016/10/6 ژالیا سابیر، بە شاجوانی کوردستان هەڵبژێردرا، دوو کچی دیکەش بە هاوەڵی شاجوان و یەکێکیش بە شاجوانی خەڵک هەڵبژێردرا. مەراسیمی هەڵبژاردنی شاجوان لەلایەن دەستەی گشتی گەشتوگوزار و کۆمپانیای بابیلۆنەوە رێکخرابوو، بەڵام هەر زوو لە میدیا و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانەوە رەخنەی توند لە پرۆسەکە گیرا.

سیما شەفیع کە یەکێک بوو لە کاندیدەکان بە (رووداو)ی گوت "پرۆسەکە عەدالەتی تێدا نەبوو، شاجوان لەسەر بنەمای سیڤی دەبێت، بەڵام داوای سیڤییان لێ نەکردین. یەکێک لە هاوەڵەکانی شاجوان نەشتەرگەریی جوانکاریی کردبوو. هەروەها یەکێکیشیان لەو باوەڕەدا نەبووین دەربچێت، چونکە دەبوو باڵای لە 165 سانتیمەتر کەمتر نەبێت، بەڵام ئەو باڵای 160 سانتیمەتربوو".

سیروان تۆفیق، بەڕێوەبەری بە بازاڕکردن لە دەستەی گشتی گەشتوگوزاری هەرێمی کوردستان بە (رووداو)ی گوت "ئێمە ئاسانکاریمان کرد و مەرجی باڵامان کردە 160 سانتیمەتر، چونکە ئافرەتی کورد بەگشتی باڵایان بەرز نییە".

پێدرۆ فرانسیسکۆ، کە لەگەڵ چەندین شاجوان کاری کردووە و خەڵکی مەکسیکە، بە (رووداو)ی راگەیاند "ئاساییە ئەو کچانەی بەشداری کێبڕکێی شاجوان دەکەن جوانکاری بکەن، بەڵام نابێت جوانکارییەکەی پێوە دیاربێ".

سەبارەت بە باڵای شاجوانیش، فرانسیسکۆ گوتی "لەسەر ئاستی جیهان ئەو کچانەی دەیانەوێ ببنە شاجوان، نابێت باڵایان لە 170 سانتیمەتر کەمتر بێت، بەڵام هەندێک وڵات باڵای کچەکانیان کورتە، بۆیە ئاساییە مەرجەکە بکرێتە 165 سانتیمەتر".

پیدرۆ کە لە تیڤییەکانەوە سەیری ئاهەنگی هەڵبژاردنی شاجوانی کوردستانی کردووە، گوتی "چەند تێبینییەکم لا دروست بوو، پێویست بوو ئاشکراکردنی ئەنجامەکان بەشێوەی کۆمپیوتەر یان بە سکرین نیشانی خەڵک و سپۆنسەرەکانیش بدرێت، ئەوەش نەک لەبەر گومان، بەڵکو مافی خەڵکە و دەبێت بیزانن".

بەشێک لە ئەندامانی لیژنەی هەڵسەنگاندنی شاجوان، لوبنانی و میسری بوون. سیما شەفیع دەڵێت "دەبێت عەرەبێک چی لە بارەی کولتووری کوردەوە بزانێت تا بڕیار لەسەر شاجوانی کوردستان بدات".

پێدرۆ گوتی "زۆربەی ئەندامانی لیژنەکە لوبنانی بوون، ئەوەشم پێ سەیرە، چونکە دەبێت پسپۆڕەکان لە هەرێمی کوردستان بن. دەتوانم بڵێم ئەوە بەرنامەیەکی لوبنانی بوو بۆ هەڵبژاردنی شاجوانی کوردستان".

بەڵام سیروان گوتی "ئەندامانی لیژنەکە تەنیا سێ لوبنانی تێدا بوو، ئێمە لە ماوەی سێ هەڵبژاردنی شاجواندا ژمارەی کوردەکانمان زیاد کردوون، چونکە خەڵکی ئێمە ئەزموونی لەو بوارەدا نییە".


بودجەی هەڵبژاردنی شاجوان 350 هەزار دۆلار بوو، پێدرۆ سەری لەو بودجەیە سوڕماوە و دەڵێت "بودجەکەی زۆر زۆرە، وڵاتێکی وەکو فەڕەنسا 30 هەزار دۆلاری بۆ خەرج دەکات". بەڵام سیروان گوتی "ئەو بودجەیە بۆ هەموو ئامادەکارییەکان بووە، نەک شەوی مەراسیمەکە. یەک سەنتی حکومەتی تێدا نەبووە".

سەبارەت بە مووچەی شاجوانیش کە بۆ ماوەی ساڵێکە، سیروان گوتی "مووچەی مانگانەی شاجوان یەک ملیۆن دینارە، جگە لە جلوبەرگ و ئارایشت و ئۆتۆمبێل و یەکەی نیشتەجێبوون کە بۆی دابینکراوە".



چوار مانگ خەریکی بووە

# گەنجێکی کورد قورئان دەنووسێتەوە



**راوچی حەسەن**
**رووداو- سلێمانی**

گەنجێکی دانیشتووی شاری سلێمانی، گەورەترین دەستنووسی قورئانی لە کوردستان تەواوکرد، وەزارەتی ئەوقافی حکومەتی هەرێمی کوردستانیش دەڵێت "تاوەکو ئێستا هیچ کەسێک نەیتوانیوە قورئانی دەستنووس بەم قەبارەیە لە هەرێمی کوردستان بنووسێتەوە".

سیروان حەمەدەمین ئیسماعیل، 25 ساڵ، دانیشتووی گەڕەکی بەکرەجۆی شاری سلێمانیە و خوێندکاری پەیمانگای تەکنیکی سلێمانی- بەشی کارەبایە، باسی چۆنیەتی نووسینەوەی قورئانی بۆ (رووداو) کرد و گوتی "ئەوە جاری سێیەمە قورئانی پیرۆز دەنووسمەوە، ئێستاش بە نیازی نووسینی نوسخەیەکی دیکەم".

سیروان باسی ئیشکردن و چۆنیەتی نووسینەوەی قورئانەکان دەکات و دەڵێت "لە نوسخەی یەکەم و دووەم زۆر ماندووبووم، چونکە ئەزموونم نەبوو. نزیکەی ساڵێکی خایاند، ئەوەی یەکەم و سێیەمیان لە 604 لاپەڕە پێکهاتوون و بە قەڵەمی جافی ئاسایی نووسراون، بۆ کاغەزەکەش فایلم بەکارهێناوە".

لەبارەی نوسخەی سێیەمی قورئانە دەستنووسەکە کە لە 2016/5/20 تاوەکو 2016/9/20 نووسیویەتییەوە، سیروان دەڵێت "ئەوەیان لە دوو جۆرەکەی دیکە لە قەبارە و شێواز و نووسینەوەیدا تەواو جیاوازە، چونکە ئەو دەستنووسە قەبارەکەی لەکاتی کردنەوەدا دەبێتە 100 بە 140 سانتیمەتر. دێڕەکانی لە نووسینی ئەوانی دیکە جیاوازە".

مەریوان نەقشبەندی، بەڕێوەبەری پەیوەندییەکان و پێکەوەژیانی ئایینی لە وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئایینی، لەبارەی دەستنووسەکەی سیروان بە (رووداو)ی راگەیاند "تاوەکو ئێستا هیچ دەستنووسێکی قورئان لەم جۆرە و لە وەزارەتی ئەوقافی هەرێمی کوردستان نییە، ئەو قەبارەیەی کە خۆی دەیڵێت بە دەستنووس لە هەرێمی کوردستان و وەزارەتی ئەوقاف نییە".

نەقشبەندی، لەبارەی ئەوەی کە ئایا ئەوان دەتوانن دەستنووسەکانی ببەنە یەکێک لە کتێبخانە بەنێوبانگەکان بۆ ئەوەی خەڵکی بیبینێ، گوتی "ئەگەر بیەوێت و خۆی ئارەزوو بکات، ئەو دەستنووسانەی بۆ دەبەینە ئەوپەڕی دونیا".



## پەرلەمانتارانی کورد: لە بەغدا ژیانمان لە مەترسیدایە

**ڕووداو– سلێمانی**

پەرلەمانتارێکی کورد لە پەرلەمانی عێراق کە نەیویست ناوی بڵاوبکرێتەوە بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند، هەندێک لە پەرلەمانتارانی کورد لە بەغدا لە ئوتێلێک لە ناوچەی سەوز نیشتەجێ دەبن کە بەرامبەر باڵەخانەی پەرلەمانی عێراقە، بەڵام دوای بڵاوبوونەوەی هەواڵی هەڵکوتانە ژووری عادل نووری، پەرلەمانتاری کورد، ئەوانیش هەست دەکەن مەترسی لەسەر ژیانیان دروست دەبێت. ئەو پەرلەمانتارە گوتی "داوای لێکۆڵینەوە لە ئیدارەی ئوتێلەکە و سەرۆکایەتی پەرلەمان دەکەین بەرامبەر ئەو کارە، چونکە ئەوە مەترسیدارە و ڕەنگە بەرامبەر ئێمەش دووبارە بکرێتەوە و ژیانمان لە مەترسیدا دەبێت".

### هۆشیار عەبدوڵڵا، پەرلەمانتاری فراکسیۆنی گۆڕان لە پەرلەمانی عێراق:

# بەغدا ئاگاداری دڵۆپ دڵۆپی فرۆشتنی نەوتـی کوردسـتانە

"داهاتی سلێمانی لە دەستی یەکێتیدایە و گەندەڵیی تێدا دەکرێ "

" لەمەودوا هەر کێشەیەک لە کوردستان هەبێ دەیبەینە بەغدا "

**هێڤیدار ئەحمەد**
**ڕووداو– هەولێر**

سەرۆکی فراکسیۆنی کۆمەڵی ئیسلامی لە پەرلەمانی عێراق داوا لە هەرێمی کوردستان دەکات خۆی نەوتی خۆی بفرۆشێ، چونکە بە گەڕانەوە بۆ بەغدا هیچی دەستناکەوێ. هاوکات پەرلەمانتارێکی دیاری بزووتنەوەی گۆڕان لە بەغدا دەڵێت "لەمەودوا هەر کێشەیەک لە هەرێمی کوردستان هەبێ، دەیبەینە پەرلەمانی عێراق و دەبێ هەرێمی کوردستانیش پابەندی بڕیارەکانی بێت".

ڕۆژی 2016/10/6 پەرلەمانی عێراق لێژنەیەکی بەنێوی "دەرخستنی ڕاستییەکان" لەسەر هۆکاری ڕاستەقینەی نەدانی مووچەی فەرمانبەرانی هەرێمی کوردستان پێکهێنا. ئەم لێژنەیە دەبێ لەماوەی یەک مانگدا ڕاپۆرتی خۆی پێشکەشی پەرلەمان بکات و هۆکارە ڕاستەقینەکان ئاشکرا بکات، لێژنەکە لە 11 ئەندام پێکهاتوون کە چواریان کوردن.

ئەم لێژنەیە لەسەر پێشنیازی پەرلەمانتارێکی دیاری فراکسیۆنی گۆڕان کە سەرۆکی پێشووی ئەو فراکسیۆنە بوو لە پەرلەمانی عێراق، پێکهێنراوە.

هۆشیار عەبدوڵڵا، پەرلەمانتاری گۆڕان لەوبارەیەوە بە (ڕووداو)ی گوت "تاوەکو ئێستا نازانین چۆن دەست بەکارەکانی خۆمان دەکەین، بۆیە لەیەکەم کۆبوونەوەی لێژنەکەدا میکانیزمی کارکردنی ئێمە دیاری دەکرێ کە لەگەڵ کێ و چۆن مامەڵە دەکەین، بۆ ئامادەکردنی ڕاپۆرتەکە".

پێش دەستبەکاربوونیان، هۆشیار عەبدوڵڵا داوا لە وەزارەتی سامانە سروشتییەکانی هەرێمی کوردستان دەکات دەرگای مەلەفەکانی فرۆشتنی نەوتی کوردستان بخاتە سەرپشت بۆ لێژنەکە "لەگەڵ وەزارەتی سامانە سروشتییەکان و لێژنەی سامانە سروشتییەکان لە پەرلەمانی کوردستان دادەنیشین، ئەگەر وەزارەتیش هاوکاریی ئێمە نەکات بۆ ئاشکراکردنی داتا و ژمارەکان، لەڕێی ئەندامانی لێژنەی سامانە سروشتییەکان داتا وەردەگرین و وەزارەت ئەوکات خۆی زەرەر دەکات".

### ڕێککەوتنی ئیجباری نەک ئیختیاری

پێکهێنانی لێژنە لە بەغدا لەسەر مووچەی فەرمانبەرانی کوردستان، هەوڵێکە بۆ ئەوەی بەغدا مووچەی فەرمانبەرانی کوردستان خەرج بکاتەوە کە لە سەرەتای ساڵی 2014 وە بڕیوەتی.

هۆشیار عەبدوڵڵا دەڵێت "ناکرێ حکومەتی عێراق لە بودجەی 2017 پشکی هەرێمی کوردستانی دیاری کردبێ بە 17% و وەکو 2015 و 2016 هیچی لێ خەرج نەکرێ".

دوای بڕینی بەشە بودجەی حکومەتی هەرێمی کوردستان، هەولێر و بەغدا لە کۆتایی 2014 ڕێککەوتنێکیان واژۆکرد کە هەرێمی کوردستان ڕۆژانە 550 هەزار بەرمیل نەوت بداتە بەغدا و ئەویش بەشە بودجەی هەرێمی کوردستان بنێرێ، بەڵام تەمەنی ڕێککەوتنەکە زۆر کورت بوو. هەردوولا یەکدییان بەوە تۆمەتبار کرد کە پابەندی ڕێککەوتنەکە نەبوون.

هۆشیار عەبدوڵڵا دەڵێت "ڕێککەوتنەکانی پێشتری نێوان هەولێر و بەغدا لەسەر نەوت و ناردنی مووچە بە جۆرێک بووە کە کام لایەن پابەندی ڕێککەوتنەکە نەبێ، لایەنەکەی دیکە مافی هەڵوەشاندنەوەی ڕێککەوتنەکەی هەیە، ئێمە دەمانەوێ ڕێککەوتنی ئەمجارە ئیختیاری نەبێ، بەڵکو ئیجباری بێ و هەردوولا پێوەی پابەند بن".

### بۆچی ڕێککەوتنەکە هەڵوەشایەوە؟

حاکم تارق گەردی، ئەندامی لێژنەی نەوت لە پەرلەمانی عێراق و ئەندامی ئەو لێژنەیەی کە بەغدا بۆ کێشەی مووچەی فەرمانبەرانی کوردستانی پێکهێناوە، بە (ڕووداو)ی گوت "بەغدابوو پابەندی ڕێککەوتنەکە نەبوو، هەرێمی کوردستان لە 2015/1/1 تاوەکو 2015/6/20 پابەندی ڕێککەوتنی نەوت بوو، هەرێمی کوردستان لەو ماوەیەدا بایی زیاتر لە 3 ملیار دۆلار نەوتی ڕادەستی عێراق کرد، بەپێی ڕێککەوتنەکە دەبووایە بەغدا چوار ملیار دۆلار ڕادەستی هەرێمی کوردستان بکات، کەچی تەنیا ملیارێک و 800 ملیۆن دۆلاری دا، بۆیە هەرێمی کوردستان بڕیاری دا خۆی نەوتەکەی بفرۆشێ".

### "کورد هیچی لە بەغدا دەستناکەوێ"

سەرۆکی فراکسیۆنی کۆمەڵی ئیسلامی لە پەرلەمانی عێراق داوا لە حکومەتی هەرێمی کوردستان دەکات، نەوتەکەی ڕادەستی بەغدا نەکات.

ئەحمەدی حاجی ڕەشید، سەرۆکی فراکسیۆنی کۆمەڵی ئیسلامی لە پەرلەمانی عێراق بە (ڕووداو)ی گوت "پشتگیری فرۆشتنی نەوتی کوردستان دەکەم بە سەربەخۆیی، چونکە بە گەڕانەوە بۆ بەغدا هیچمان دەستناکەوێ. بەڵام بەو مەرجەی پرۆسەی فرۆشتنی نەوتی کوردستان شەفاف بێ".

ئەحمەدی حاجی ڕەشید، کە بڕیاردەری لێژنەی داراییە لە پەرلەمانی عێراق، باسی خەرجکردنی داهاتی نەوتی کوردستان دەکات ئەگەر ڕادەستی بەغدا بکرێ "ئەگەر هەرێمی کوردستان نەوتی خۆی ڕادەستی عێراق بکات 30% لە داهاتەکەی بۆ حکومەتی عێراق و دەزگای شەهیدانی عێراقە، بەبێ ئەوەی شەهیدانی کوردستان بگرێتەوە، هەروەها دەدرێتە ئەو قەرزەی عێراق وەریگرتووە. بەشێکیشی دەدرێتە پارەی ئەو چەکانەی عێراق پێشتر کڕیونی و لە دژی کورد بەکارهێنراون".

ئەو ڕەخنەی توند لە بەغدا دەگرێ لەسەر ڕاگرتنی مووچەی فەرمانبەرانی کوردستان و دەڵێت "لەڕووی ئەخلاقییەوە نەدەکرا بەغدا سزای فەرمانبەرانی هەرێمی کوردستان بدات، چونکە ئەوانیش هاووڵاتیی عێراقین".

بە گوتەی سەرۆکی فراکسیۆنی کۆمەڵ لە پەرلەمانی عێراق: "حکومەتی عێراق 81 ملیار دۆلار قەرزدارە".

### "عێراق مووچەی فەرمانبەرانی کوردستان دەدات"

ئایا بەغدا ئامادەیە مووچەی فەرمانبەرانی کوردستان بدات؟ ئیبراهیم بەحر ئەلعلوم، ئەندامی فراکسیۆنی هاوپەیمانی شیعە لە پەرلەمانی عێراق بە (ڕووداو)ی گوت "دەمانەوێ لە ڕاستیی مەسەلەکە تێبگەین کە بۆچی فەرمانبەرانی کوردستان مووچە وەرناگرن و دوادەکەوێ". گوتیشی "ڕاستە نرخی نەوت دابەزیوە، بەڵام عێراق دەتوانێ مووچە دابین بکات، ئەمە ئەرکی پەرلەمانە و دەبێ حکومەتی عێراق ئەم کێشەیە چارەسەر بکات".

بەحرلعلوم هەروەها گوتی "ڕەنگە پێویست بکات ئەو لێژنەی پێکهێنراوە و منیش تێیدا ئەندامم سەردانی هەرێمی کوردستان بکات، بەڵام ئاراستەی حکومەتی عێراق ئەوەیە مووچەی فەرمانبەرانی کوردستان خەرج بکات".

### هەولێر و بەغدا ڕێکدەکەون؟

حکومەتی عێراق لە پرۆژە یاسای بودجەی 2017دا پشکی هەرێمی کوردستانی دیاری کردووە، بەڵام کاتێک کە هەرێمی کوردستان ئامادەبێ ڕۆژانە 550 هەزار بەرمیل نەوت ڕادەستی بەغدا بکات، بەغدا لە پارەی ئەو داهاتەی لەبەردەستێتی کە چوار ملیار دۆلارە، مووچەی فەرمانبەرانی کوردستان دەدات.

هەرێمی کوردستان ملیۆنێک و 400 هەزار مووچەخۆری هەیە. بەپێی ئامارەکانی وەزارەتی دارایی و ئابووری هەرێمی کوردستان، لەو ژمارەیە 690 هەزاریان فەرمانبەری هەمیشەیین. هەرێمی کوردستان مانگانە بۆ مووچەی فەرمانبەران پێویستی بە 860 ملیار دینارە، بەڵام ئێستا تەنیا دەتوانێ نیوەی ئەو پارەیە بۆ مووچەخۆران دابین بکات.

تاریق گەردی، جێگری سەرۆکی فراکسیۆنی پارتی لە پەرلەمانی عێراق دەڵێت "ئەگەر ڕێککەوتنیش بکرێ لەگەڵ بەغدا، بۆ ساڵی نوێ دەبێ و لە 2017 جێبەجێ دەکرێ". بەڵام سەرۆکی فراکسیۆنی کۆمەڵ بەدووری دەبینێ ڕێککەوتن بکرێ "وا تێناگەم هەولێر و بەغدا ئیرادەیان هەبێ بۆ ڕێککەوتن، تەنیا کات دەکوژن و بگرە ئەگەر لەژێر گوشاردا نەبێ لە یەکدی نزیک نابنەوە".

### عێراق و دراوی یەدەگ

بەهۆی دابەزینی نرخی نەوتەوە، بودجەی عێراق کورتی هێناوە، بۆیە ناچار بووە دەست بۆ پارەی یەدەگی بانکی ناوەندی ببات. پەرلەمانتارانی کوردیش دەڵێن "هەرێمی کوردستان مافی هەیە لەو یەدەگە پارەی بدرێتێ، بەڵام بەغدا نایداتێ".

هۆشیار عەبدوڵڵا دەڵێت "هەرێمی کوردستان مافی هەیە 17% لە پارەی یەدەگ خەرج بکات، بەڵام بەغدا نایداتێ".

نەجیبە نەجیب، پەرلەمانتاری پارتی لە پەرلەمانی عێراق وەڵامی فەرمیی عێراقی پێگەیشتووە کە بۆ لە دراوی یەدەگی عێراق پشکی کوردستان نادرێ و لەوبارەیەوە بە (ڕووداو)ی گوت "لەسەر ئەو پرسە خۆم پرسیارم لە عەلی عەلاق سەرۆکی بانکی ناوەندی کرد، پێیگوتم هەرێمی کوردستان مافی یاسایی خۆیەتی پشکی خۆی لە پارەی یەدەگ وەربگرێ، بەڵام بڕیاری سیاسی ناهێڵێ".

سەبارەت بە پارەی یەدەگی عێراقیش، حاکم تارق گەردی دەڵێت "عێراق 70 ملیار دۆلار یەدەگی لە بانکی ناوەندی هەبوو، بەڵام لە ماوەی ساڵ و نیوێکدا 30 ملیار دۆلاری بۆ مووچەی فەرمانبەران لێ خەرج کردووە، بەبێ ئەوەی بەشی هەرێمی کوردستان بدات".

### "گەندەڵی لە داهاتی ناوخۆی سلێمانیدا دەکرێ"

بەڕای سەرۆکی فراکسیۆنی گۆڕان لە پەرلەمانی عێراق کێشەکە تەنیا لەوەدا نییە کە بەغدا پارە نادا و داهاتی نەوتی کوردستانیش ناشەفافە، بەڵکو تەمومژێکی زۆر لەسەر داهاتی ناوخۆش هەیە.

هەرچەندە ئێستا ئیدارەی سلێمانی بە دەست بزووتنەوەی گۆڕانەوەیە و پارێزگاری سلێمانی سەر بە بزووتنەوەی گۆڕانە، بەڵام هۆشیار عەبدوڵڵا دەڵێت: "ئیدارەی سلێمانی لەدەست گۆڕاندا نییە، تاوەکو بزانرێ داهاتی ناوخۆ لەوێ چەندە و چۆن خەرج دەکرێ، هەمووی لە دەستی یەکێتیدایە، هەر یەکێتیە دەسەڵاتی سەرەکی لە وەرگرتنی باج و داهاتی نەوتدا هەیە و هەر ئەویش لێی بەرپرسە".

لەبارەی پۆستی پارێزگاری سلێمانیش کە ئێستا بە دەست گۆڕانەوەیە و قسە و باسی زۆری لەسەر دەکرێ، هۆشیار عەبدوڵڵا گوتی "بۆخۆم یەک دنیا تێبینیم لەسەر ئەوە هەیە کە پارێزگار لە دەست گۆڕاندایە و پارێزگاری بە وەکالەتیش دانراوە، ئەمە مانای ئەوەیە گۆڕان پارێزگاری هەیە و دەسەڵاتی نییە".

بەڵام ساڵح فەقێ، پەرلەمانتاری یەکێتی لە لیژنەی دارایی و ئابووری لە پەرلەمانی کوردستان بە (ڕووداو)ی گوت "داهات بە دەست حکومەتەوەیە. بەپێی ڕێکارە فەرمییەکان ئاڕاستەی شوێنی خۆی دەکرێ و هیچ پەیوەندییەکی بە یەکێتی نیشتمانی کوردستانەوە نییە".

بۆ داهاتی پارێزگاکەش گوتی "بەپێی ڕاپۆرتی وەزارەتی دارایی کە لە ڕابردوودا ئاڕاستەیان کردووین، ڕەنگە داهاتی خاڵە سنوورییەکان و فڕۆکەخانەی سلێمانی نزیکەی 20 ملیار دینار بێ، ئەوەش مانگانە گۆڕانکاری بەسەردا دێت، بەڵام لەو بڕەش ڕێژەی 80%ی پارەی نەقدییە و ئەوەی دیکە چەکە، داهاتەکەش ڕاستەوخۆ وەزارەتی دارایی سەرپەرشتی دەکات".

هەر لەبارەی داهاتی پارێزگای سلێمانی ڕابەر سدیق، بریکاری وەزارەتی دارایی و ئابووری لە هەرێمی کوردستان بە (ڕووداو)ی گوت "داهاتی سلێمانی کە کۆدەکرێتەوە، ئەوان تەنیا ژمارە بۆ ئێمە دەنێرن، بەڵام نەختینەکە و پارەی کاش لە سلێمانییە و لە بانکەکانی سلێمانیدایە".

سەبارەت بە بڕی ئەو پارەیەی لە سلێمانییەوە بۆ هەولێر دەنێردرێت، ڕابەر سدیق گوتی "نزیکەی سێ چوار مانگ دەبێ مانگانە 750 ملیۆن دینار دەنێرن ئەویش بۆ پێشمەرگە. هەروەها بەم دواییە مانگانە 500 ملیۆن دیناری دیکەش دەنێرن". گوتیشی "داهاتی مانگانەی گومرگەکانی سلێمانی نزیکەی 8 ملیار دیناری لەوانەی هەولێر و دهۆک زۆرترە، داهاتەکەش هەر لە سلێمانییە و ڕەوانەی هەولێر ناکرێ".

سەردار قادر، پارێزگاری سلێمانی بە وەکالەت، پێشتر لە بەرنامەی لەگەڵ ڕەنج لە کەناڵی ڕووداو گوتبووی، داهاتی پارێزگای سلێمانی ناگاتە 100 ملیار دینار.

### کێشەکانی کوردستان دەبەنە بەغدا

بزووتنەوەی گۆڕان دوای ڕەزامەندی پەرلەمانی عێراق لەسەر پێکهێنانی لێژنەیەک بۆ بەدواداچوونی کێشەی مووچەی فەرمانبەرانی کوردستان، ئێستا بە نیازە کێشەکانی دیکەی کوردستانیش بباتە بەغدا.

هۆشیار عەبدوڵڵا دەڵێت "ئیدی لەمەودوا لە غیابی پەرلەمانی کوردستاندا، هەر کێشەیەک لەوێ هەبێ دەیبەینە پەرلەمانی عێراق. بەو پێیەی پەرلەمانی عێراق پەرلەمانێکی فیدراڵییە و نوێنەرانی پارێزگاکانی هەرێمی کوردستانیشی تێدایە، دەبێ هەرێمی کوردستان پابەندبێ بە بڕیارەکانی".

بەڵام ئەحمەدی حاجی ڕەشید، سەرۆکی فراکسیۆنی کۆمەڵ پێیوایە پەرلەمانی عێراق دەسەڵاتی بەسەر کێشە سیاسییەکانی هەرێمی کوردستاندا نییە و دەڵێت "هەندێ تایبەتمەندی هەرێمی کوردستان هەن، پەرلەمانی عێراق بۆی نییە دەستیان تێوەربدات و کێشەی سیاسی نێوان حیزبەکانی کوردستان نابرێتە پەرلەمانی عێراق".

**پەرلەمانتارێکی شیعە:**
## عێراق بەرەو ئەوە دەڕوات مووچەی فەرمانبەرانی کوردستان بدات

**پەرلەمانتارێکی کورد:**
## بەغدا 30 ملیار دۆلاری لە دراوی یەدەگ خەرج کردووە بێ ئەوەی بەشی کوردستانی لێ بدات



### بەغدا لە دڵۆپ دڵۆپی ئاگادارە

هۆشیار عەبدوڵڵا، پەرلەمانتاری فراکسیۆنی گۆڕان لە پەرلەمانی عێراق لەبارەی ئاگاداربوونی بەغدا لە فرۆشتنی نەوتی کوردستان دەڵێت "بەغدا ئاگاداری دڵۆپ دڵۆپی فرۆشتنی نەوتی کوردستانە. هەرێمی کوردستان یەک بەرمیل نەوت لە ڕێگەی بەندەری جیهانەوە بفرۆشرێ، حکومەتی عێراق دەیزانێ، بەڵام ئەوەی بە قاچاخ دەفرۆشرێ نازانرێت".

گوتیشی "دەمانەوێ لە ڕێگەی پەرلەمان و حکومەتی عێراقەوە چاودێری دۆسیەی نەوتی کوردستان بکەین بۆ ئەوەی شەفاف بکرێ".

حکومەتی هەرێمی کوردستان ڕۆژی 6/10/2016 گرێبەستێکی لەگەڵ یەکێک لە بەناوبانگترین کۆمپانیاکانی وردبینی و چاودێریی دارایی واژۆ کرد کە کۆمپانیای دیلۆیتە و بڕیارە وردبینی لە داهاتی نەوتی کوردستاندا بکات.



## کۆنفرانسێک بۆ هەمەوارکردنی یاسای تیرۆر دەبەسترێ

**ڕووداو- سلێمانی**

بەمەبەستی کۆکردنەوەی را و سەرنجەکان بۆ هەمەوارکردنی یاسای بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر لە کوردستان، ڕێکخراوی هارتلاندی ئەلاینسی ئەمەریکی کۆنفرانسێک لە شاری هەولێر ساز دەکات، بەپێی راگەیەندراوێکی ئەو ڕێکخراوە کە وێنەیەکی بۆ (ڕووداو) نێردراوە رۆژی 2016/10/11 لە ئوتێل کریستاڵ بە ئامادەبوونی بەرپرسانی باڵای حکومەتی هەرێمی کوردستان و ئەنجوومەنی شوورا و ئەنجوومەنی دادوەری و پەرلەمانتاران، کۆنفرانسێک بۆ کۆکردنەوەی را و سەرنجەکان لەسەر هەمەوارکردنەوەی یاسای تیرۆر دەبەستن بۆ ئەوەی لە کاتی کاراکردنەوەی پەرلەمانی کوردستاندا پێشکەشی سەرۆکایەتی بکەن و ئامانجیشیان ئەوەیە لە کاتی هەموارەکەدا رەچاوی پاراستنی مافەکانی مرۆڤ بکرێت.

# کێشەی پارێزگاری سلێمانی لە ئەنجوومەنی شوورایە

**پشتیوان جەمال**
**ڕووداو- سلێمانی**

وەزارەتی ناوخۆی حکومەتی هەرێمی کوردستان چاوەڕێی وەڵامی ئەنجوومەنی شورا دەکات بۆ مەسەلەی یاساییبوونی بەخشینی دەسەڵاتەکانی پارێزگاری سلێمانی بە جێگرەکەی. لەنێوان لێدوانی وەزارەتی ناوخۆ کە دەڵێ سەردار قادر پارێزگاری بە وەکالەت نییە، قوباد تاڵەبانی، جێگری سەرۆکی حکومەت کە وەکو پارێزگار بەوەکالەت مامەڵەی لەگەڵ دەکات، پسپۆڕێکی یاسایی دەڵێت "قسەکەی وەزارەتی ناوخۆ راستە".

بەپێی ڕێککەوتنی یەکێتی نیشتمانی کوردستان و بزووتنەوەی گۆڕان پۆستی پارێزگاری سلێمانی بە دوو ساڵ لای هەریەکەیان دەبێت، رۆژی 2016/8/25 ئەو ڕێککەوتنە چووە بواری جێبەجێکردنەوە و ئاڵوگۆڕی پۆستەکانی پارێزگار و سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی پارێزگای سلێمانی بەڕێوەچوو کە د.ئاسۆ فەرەیدوون، پارێزگاری پێشووی سلێمانی دەستی لە کارکێشایەوە و دەسەڵاتەکانی بە وەکالەت رادەستی سەردار قادری جێگری لە پشکی گۆڕان کرد، هەر بەهۆی ئەو ڕێککەوتنەوە عەبدوڵلا نەورۆڵی پارێزگاری پێشووی هەڵەبجەش لە پشکی گۆڕان دەستی لەکارکێشایەوە و دەسەڵاتەکانی بە وەکالەت رادەستی عەلی عوسمانی جێگری کرد لە پشکی یەکێتی.

رۆژی 2016/10/5 وەزارەتی ناوخۆی حکومەتی هەرێمی کوردستان بە فەرمانی ژمارە 16129 کە واژووی کەریم شنگالی، وەزیری ناوخۆی لەسەر بوو رایگەیاند "تائێستا بەڕێز د.ئاسۆ فەرەیدوون پارێزگاری سلێمانییە و نابێت هیچ نووسراو و فەرمانێک ئیمزا بکرێت لە شوێنی پارێزگار، چونکە دەرچوونە لە تایبەتمەندی و دەسەڵاتەکان".

بەڵام رۆژی دواتر نووسینگەی رۆژنامەڤانی قوباد تاڵەبانی جێگری سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران راگەیەندراوێکی بڵاوکردەوە و رایگەیاند "هەموو لایەک دڵنیادەکەینەوە کە بەڕێز قوباد تاڵەبانی، جێگری سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران مامەڵە لەگەڵ بەڕێز سەردار قادر دەکات وەکو پارێزگاری سلێمانی بەوەکالەت تا ئەو کاتەی ڕێکارە یاساییەکانی پارێزگاری سلێمانی تەواو دەبن".

لەو بارەیەوە حاکم شێخ لەتیف، پسپۆڕی یاسای دەستووریی بە (ڕووداو)ی راگەیاند "لەڕووی یاساییەوە قسەکەی وەزارەتی ناوخۆ راستە، لەبەرئەوەی پارێزگار بە وەکالەت پێویستی بە مەرسوومە و وەکالەتیش کاتییە، بەپێی یاساش نابێت پارێزگار هەموو دەسەڵاتەکانی بداتە جێگرەکەی، بەڵکو پێدانی دەسەڵاتەکان جوزئییە".

سەبارەت بە نووسراوەکەی قوباد تاڵەبانیش، حاکم شێخ لەتیف گوتی "ئەوە یاسایی نییە، چونکە حکومەت دەبێت یەک حکومەت بێت، ناکرێت لایەک بڵێت پێوەی پابەندم و لایەکی دیکەش بڵێت پێوەی پابەندنیم".

بۆ دەستبەرکابوونی هەڤاڵ ئەبوبەکر وەکو کاندیدی گۆڕان بۆ پۆستی پارێزگاری سلێمانی، دەبێت مەرسوومی هەرێمی لەلایەن مەسعوود بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستانەوە دەربچێت، بەڵام بەهۆی تێکچوونی پەیوەندییەکانی بزووتنەوەی گۆڕان و پارتی، گۆڕان ئامادە نییە داوای دەرکردنی مەرسومی هەرێمی بۆ دەستبەکاربوونی پارێزگارەکەیان لە بارزانی بکەن.

د.ئیسماعیل نامیق، ڕێکخەری ژووری یاسایی بزووتنەوەی گۆڕان بە (ڕووداو)ی راگەیاند "هەر کاتێک کێشەی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان چارەسەر بوو، کێشەکەی د.هەڤاڵ ئەبوبەکریش چارەسەر دەبێت، چونکە د.هەڤاڵ خۆی قبووڵی ناکات لەلایەن سەرۆکێکی ماوەبەسەرچووی ناشەرعییەوە مەرسوومی بۆ دەربچێت".

سەبارەت بە بە وەزارەتی ناوخۆ کە دان بە پارێزگار بەوەکالەت نانێن، د.ئیسماعیل گوتی "ئەوەی وەزارەتی ناوخۆ بە تەواوی سیاسییە و لێدانە لە بزووتنەوەی گۆڕان و ئەنجوومەنی پارێزگای سلێمانی. ئەوە وەزارەتی ناوخۆ نییە بڕیار دەدات کێ پارێزگارە، بەڵکو ئەنجوومەنی پارێزگای سلێمانی ئەو بڕیارە دەدات".



(فۆتۆ: سەرتیپ عوسمان)

بەڵام د.سامی جەلال، بەڕێوەبەری گشتیی دیوان لە وەزارەتی ناوخۆی حکومەتی هەرێمی کوردستان بە (ڕووداو)ی راگەیاند "تائێستا رەزامەندی لەسەر پێدانی مۆڵەتەکەی ئاسۆ فەرەیدوون نەدراوە و فەرمانی بەخشینیمان رەوانەی ئەنجوومەنی وەزیرانمان کردووە و چاوەڕێی وەڵامین و کەسیش جێگەی ناگرێتەوە، ئێمە تاوەکو ئێستاش ئاسۆ فەرەیدوون لەڕووی یاساییەوە بە پارێزگار دەزانین، بەهەمانشێوەش بۆ عەبدوڵلا نەورۆڵی پارێزگاری هەڵەبجەش".

گوتیشی "رادەستکردنی هەموو دەسەڵاتەکان لەلایەن د.ئاسۆوە بە جێگرەکەی نایاساییە و دەبێت بەشێکیان رادەست بکات".

د.سامی زانیارییەکی نوێی ئاشکراکرد و گوتی "بۆ جەختکردنەوە لە یاساییبوونی خۆمان سەبارەت بە رادەستکردنی دەسەڵاتەکانی د.ئاسۆ فەرەیدوون بۆ سەردار قادر، لە رۆژی 2016/8/27ەوە داوای رای ئەنجوومەنی شوورامان کردووە و رەنگە ئەمڕۆ 2016/10/10 یان سبەی وەڵاممان بدەنەوە، ئێمەش بۆ رای گشتی بڵاودەکەینەوە، جەنابی وەزیریش رایگەیاندووە ئەنجوومەنی شوورا هەر بڕیارێک بدات پێوەی پابەند دەبین".

سەبارەت بە نووسراوەکەی قوباد تاڵەبانی کە مامەڵە لەگەڵ سەردار قادر وەکو پارێزگار بە وەکالەت دەکات، د.سامی گوتی "ڕێزم بۆ نووسراوەکەی هەیە، بەڵام هیچ لێدوانێکی لەسەر نادەم".

سەردار قادر پارێزگاری سلێمانی بە وەکالەت بە (ڕووداو)ی راگەیاند "وەزارەتی ناوخۆ بەرپرسی پارێزگارە دەبێت مامەڵەی لەگەڵدا بکەم، بەڵام ئەوان کە نەیانەوێت نووسراوی من وەکو پارێزگار بە وەکالەت وەربگرن، چیبکەم؟ بۆیە نووسراوەکان بۆ نووسینگەی بەڕێز جێگری سەرۆکی حکومەت رەوانە دەکەم، بەڕێزیشیان مامەڵە لەگەڵ وەزارەتی ناوخۆ و نووسینگەی بەڕێز سەرۆکی حکومەت دەکات، بەڵام ئەوەش چارەسەرێکی کاتییە".

سەردار قادر گوتیشی "ئەگەر وەزارەتی ناوخۆش لەڕووی یاساییەوە کێشەی تێدا دەبینێت، نووسینگەی جێگری سەرۆک وەزیران ئاگادار کردووەتەوە کە وەڵامم بدەنەوە، چونکە ناکرێت مامەڵەی هاووڵاتیان لەسەر پۆستێکی ئەم کەس و ئەو کەس پەکی بکەوێت".

سەباح شەهید فەتاح، سەرۆکی لیژنەی یاسایی لە ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی کە لە فراکسیۆنی یەکێتییە بە (ڕووداو)ی گوت "نووسراوەکەی بەڕێز قوباد تاڵەبانی تەواوە و ئێمە مامەڵەی لەگەڵدا دەکەین، چونکە دەڵێت تا تەواوبوونی بەربەستە کارگێڕی و ئیدارییەکان، بۆیە سەردار قادر پارێزگارە بە وەکالەت".

سەبارەت بە مامەڵەی وەزارەتی ناوخۆ کە دەڵێن ئاسۆ فەرەیدوون پارێزگارە، ناوبراو گوتی "ئەنجوومەنی پارێزگا دامەزراوەیەکی سەربەخۆیە و پەیوەندیمان بە وەزارەتی ناوخۆوە نییە، پارێزگاش لەڕووی ئیدارییەوە سەر بە وەزارەتە، بەڵام بەبۆچوونی من ئەوەی ناوخۆ زیاتر سیاسییە".

**بەرپرسێکی وەزارەتی ناوخۆ:**
**ئەنجوومەنی شوورا هەر بڕیارێک بدات پێوەی پابەندین**

**حاکم شێخ لەتیف:**
**ئەوەی وەزارەتی ناوخۆ لەبارەی پۆستی پارێزگاری سلێمانی دەیڵێت راستە**

**ڕێکخەری ژووری یاسایی بزووتنەوەی گۆڕان:**
**ئەوەی وەزارەتی ناوخۆ دەیڵێت تەواو سیاسییە**

---

**فەرهاد ئەتروشی، پارێزگاری دهۆک بۆ (ڕووداو):**

# ئەم پۆستە سەری سپی کردم و لێی پەشیمانم



مامۆستای زانکۆ بوو، دواتر بووە ئەندامی پەرلەمانی عێراق، ئێستاش پارێزگارە. بەلای ئەوەوە پەرلەمانتاری لە هەموویان خۆشتر بووە، بەڵام ئەگەر سەرپشکی بکەی، حەز دەکات بگەڕێتەوە زانکۆ. فەرهاد ئەتروشی، پارێزگارە گەنجەکەی پارێزگای دهۆک، قژی سەری پڕ بووە لە تاڵی سپی. لە هەڤپەیڤینێکدا لەگەڵ ( تۆڕی میدیایی ڕووداو) کە ڕۆژی سێشەممە لە بەرنامەی نوڕۆژ لە کەناڵی ڕووداو پەخش دەکرێ، دەڵێت ئەو پۆستە سەری سپی کردووە و پەشیمانە لەوەی بووەتە پارێزگار.

هەڤپەیڤین: شەهیان تەحسین
ڕووداو- دهۆک

**ڕووداو: دروشمی تۆ لە بانگەشەی هەڵبژاردن پاڵپشتی گەنج و خزمەتکردن بوو، دوای ئەوەی بووی بە پارێزگار هەر وای؟**

**فەرهاد ئەتروشی:** خزمەتکاری هەمووان بەپێی ئەو توانایەی لە بەردەستمە. بەڵێ پاڵپشتیی گەنجان دەکەم، هەرچەندە ئەرکی من قورسە بۆ پاڵپشتیی گەنجان.

**ڕووداو: تۆ پارێزگارێکی گەنجی، کارەکەت پیری نەکردووی؟**

**فەرهاد ئەتروشی:** خەڵک وا دەڵێ و دیارە سەرم سپی بووە، راستییەکەی هەست دەکەم ماندوو بووم. چونکە گوشارێکی زۆری کار و قەیران لەسەر قەیران، هەست دەکەم هەندێ شت لەبیر دەکەم.

**ڕووداو: پەشیمان نیت لەوەی بووی بە پارێزگار:**

**فەرهاد ئەترووشی:** بەڵێ پەشیمانم، من لە کاتێکی زۆر خراپدا ئەو ئەرکەم وەرگرت. شانازی بەوە دەکەم کە پارێزگارم و تاوەکو پێم بکرێ خزمەتی خەڵکی خۆم و کوردستان دەکەم، بەڵام قەیرانەکان ئەوەندە گەورەن دەڵێم خۆزگە ئەو ئەرکەم وەرنەگرتبا.

**ڕووداو: پێشتر مامۆستای زانکۆ بووی، دواتر بوویتە پەرلەمانتار، ئێستاش پارێزگاری، ئەگەر سەرپشکت بکەن کامیان هەڵدەبژێری؟**

**فەرهاد ئەتروشی:** هیچ کارێک هێندەی پەرلەمانتاری خۆشتر نەبوو، بەڵام بۆ ئایندە حەزم دەکرد لە زانکۆ بوومایە.

**ڕووداو: پەیوەندی باشت لەگەڵ ئەحمەد داودئۆغڵو، سەرۆکوەزیرانی پێشووی تورکیا هەبووە، ئەم پەیوەندییە چۆن دروست بوو؟**

**فەرهاد ئەتروشی:** ساڵی 1996 چووم بۆ مالیزیا بۆ خوێندن، لەوێ ماستەرم لە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان وەرگرت. لەو زانکۆیەی من لێی بووم بەڕێز داودئۆغڵو سەرۆکی بەش بوو. ئەو کاتەی هات بۆ زاخۆ بۆ بینینی کەمپی پەنابەران بانگی کردم، پێکەوە بە ئۆتۆمبێلەکەی ئەو گەڕاین، لەنێو ئۆتۆمبێل لێی پرسیم کەی لە مالیزیا گەڕایەوە، ژنت هێناوە؟ چەند منداڵت هەیە؟ پرسیاری هەندێ مامۆستای کرد و گوتی خۆشحاڵم کە ئێستا لێرەی.

**ڕووداو: پێش ئەوەی بچیتە مالیزیا یەکگرتوو بووی، کە هاتییەوە بووی بە پارتی، چۆن بوو وا گۆڕای؟**

**فەرهاد ئەتروشی:** ئەم بابەتە بۆ من گرنگە. ساڵی 1992 حەزم لە وەرزش بوو، ئەوکات لەگەڵ تیمێک کارمان دەکرد، بابەتەکانیان زۆرتر لەسەر رەوشت و نوێژ و شتی باش بوون و تەمەنی ئێمەش هی ئەوە نەبوو. هێدی هێدی دەرچوو تیمێکی ڕێکخستنە، کۆبوونەوەیان پێدەکردین، قەناعەتیان بۆ دروستکردین کە ڕێکخستنێکی باشە. دوای ئەوەی چوومە مالیزیا خەڵکێکم بینی سەر بە ڕێکخستنەکانی ئیخوان موسلمین بوون. عێراقی، فەلەستینی، ئوردنی، مەغریبی، جەزائیری، مالیزی، ئیندۆنیزییان تێدا بوو. بۆم دەرکەوت ئەوە ڕێکخستنێکی زۆر گەورەیە، لە کۆبوونەوەکاندا بۆ ماوەیەکی درێژ کێشەی ئێمە ئەوە بوو نەدەبوو بڵێین خەڵکی کوردستانین، بەڵکو دەبوو بڵێین عێراقین. گەیشتە ئەو رادەیەی ئێمەیان تۆمەتبار کرد بە دابەشکردنی عێراق. هەندێکیان زۆر دواکەوتوون، وا دەزانن بە دابەشبوونی عێراق قیامەت هەڵدەستێ، بەردەوام لەسەر ئەمە کێشە دروست دەبوو. جارێک بەرپرسێکی باڵای ئیخوان لە میسرەوە هات، نێوانی من و ئەو زۆر ناخۆش بوو، بە منیان دەگوت کەسێکی رەگەزپەرست و نەتەوەیی، بۆیە نەمتوانی لەگەڵیان بەردەوام بم.

**ڕووداو: چەند منداڵت هەیە؟**

**فەرهاد ئەتروشی:** سێ زارۆکم هەن، دوو کچ و کوڕێک. هەندێ ڕۆژ هەیە سێ کاژێر لەگەڵیانم، ڕۆژی واش هەیە کە دەگەڕێمەوە خەوتوون. ئەوەی ڕاستی بێ زۆر بەستراومەتەوە بە (دانان) کە منداڵی یەکەممە، ناڵێم لەوانەی دیکە زیاتر بەڵام وا هەست دەکەم تەحەیوز هەیە، چونکە منداڵی یەکەمم بوو. تەمەنێکی کەمی هەیە، بەڵام بە عەقڵێکی گەورەوە هەڵسوکەوت دەکات.

**ڕووداو: حەز دەکەی داناز ببێتە پارێزگار؟**

**فەرهاد ئەتروشی:** ئەو بڕیارە لە دەستی خۆیەتی، بڕیاری کۆمەڵگەش دەبێ کە تا چەند ئامادەن پارێزگارێکی ژنیان هەبێ، تاوەکو ئێستا لە عێراق و هەرێمی کوردستان پارێزگاری ژن نەبووە. ئامۆژگاری من ئەوە دەبێ پارێزگاری کارێکی زۆر قورسە، چونکە وەکو هیچ پۆستێکی دیکە نییە. بۆ نموونە وەزیری تەندروستی تەنیا بەرپرسە لە کەرتی تەندروستی، هەروەها شارەوانی، ناوخۆ، بەڵام پارێزگار بەرپرسە لەهەموو ئەم کارانە. هەندێجار کاژێر 12ی شەو دەگەڕێمەوە، یان دەچمە هەندێ شوێنی مەترسیدار.

**ڕووداو: پۆستی تۆ ئەمنی، خزمەتگوزاری و سیاسییە، ئەی چ بۆ هونەر دەکەی؟**

**فەرهاد ئەتروشی:** بەهۆی ئەو هاوکاری و هەماهەنگییەی بۆ کەرتی هونەر هەمانە، رەنگە زۆرجار رەخنەم لێگیرابێ، بەڵام بە قەناعەتەوە کردوومانە. هونەر ڕۆڵێکی گەورەی هەیە بۆ گۆڕینی کۆمەڵگا و گەیاندنی مەسج. تەنانەت جارێک سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان بە سوعبەتەوە گوتی تۆش بوویتە موتریب؟ لە فێستیڤاڵی فیلم لە دهۆک، ساڵی رابردوو هونەرمەندان لای جەنابی سەرۆکی حکومەت باسی منیان کردووە وەکو پاڵپشتێک بۆ هونەرمەندان. تەنانەت نووسینگەی منیش زۆربەیان هونەرمەندن و دەڵێن نووسینگەکەی هونەرییە.

**ڕووداو: گۆرانی دەڵێی؟**

**فەرهاد ئەتروشی:** (بەپێکەنینەوە) ناوەڵڵا، بۆ گۆرانیگوتن زۆر خراپم، بەڵام حەزم لێیە گوێ لە گۆرانیبێژە دێرینەکان بگرم، بەتایبەتی محەممەد شێخۆ، تەحسین تەها، محەممەد عارف، ئەردەوان و ئەیاز زاخۆیی.

**هیچ کارێک هێندەی پەرلەمانتاری بۆ من خۆش نەبوو**

**لە مالیزیا وازم لە یەکگرتوو هێنا**

**لای ئیخوانەکان کە باسی کوردستانم دەکرد قیامەت هەڵدەستا**

**حەز دەکەم بگەڕێمەوە زانکۆ**

**سەرۆکی حکومەت بە سوعبەتەوە پێیگوتم بوویت بە موتریب**

**زۆربەی کارمەندانی نووسینگەکەم هونەرمەندن**

## بەندەر ئەلحمێدی دەهام، فەرماندەی هێزی سەنادید لە ڕۆژئاوای کوردستان بۆ (ڕووداو)

# ئەگەر فیدراڵی ببێتە هۆی دابەشکردنی سووریا لە دژی دەوەستینەوە



کوڕی یەکێک لە گەورەترین هۆزە عەرەبەکانی ڕۆژئاوای کوردستانە کە ئەویش عەشیرەتی شەممەرە. فەرماندەی 4500 چەکدارە کە لە چوارچێوەی هێزێکی نافەرمیدا بەناوی هێزی ئەلسەنادید ڕێکخراون و شەڕی داعش دەکەن. بەندەر ئەلحمێدی دەهام فەرماندەی هێزەکانی ئەلسەنادید لەم هەڤپەیڤینەدا لەگەڵ (ڕووداو) باسی هۆکارەکانی دروستبوونی ئەو هێزە دەکات و دەڵێت ئەو هێزە تەنیا بۆ بەرگری لە ناوچەکانیان لە دژی داعش پێکهاتووە و هیچ بەرنامە و ئامانجێکی سیاسییان نەبووە، بەڵام ئێستا بارودۆخەکە گۆڕاوە و ئامانجی سیاسییان هەیە.
ڕووداو - هەولێر

**ڕووداو: هێزی سەنادید کەی دامەزراوە، ژمارەتان چەندە؟**

**بەندەر ئەلحمێدی:** سەنادید هێزێکی عەشایریە. لەگەڵ سەرهەڵدانی داعش، ناچاربووین ئەو هێزە دروست بکەین. واتە سەنادید هێزێکی بەرگریکارە، بارودۆخی ناوچەکە ناچاری کردین ئەو هێزە دروست بکەین. ڕۆژ لەدوای ڕۆژ گەورەبوو تاوەکو بووە هێزێک بەو قەبارەیەی ئەمڕۆ. ژمارەی ئەو کەسانەی چەکیان هەڵگرتووە و لەژێر ئاڵای سەنادید شەڕ دەکەن دەگاتە 4500 کەس، بەڵام هێزی (فەزعە)شمان هەیە کە کەسانی مەدەنیی عەشیرەتەکەمانن، تەنیا لەکاتی شەڕەکاندا چەک هەڵدەگرن و دێنە بەرەکانی شەڕ. ژمارەی ئەوان بە هەزارانە.

**ڕووداو: ئامانج و بەرنامەی سیاسیی سەنادید چییە؟**

**بەندەر ئەلحمێدی:** سەنادید هێزێکە بۆ خۆپاراستن دروست بووە. ڕۆڵەکانی هۆزەکەمان داوایان کرد چەک هەڵبگرن و شەڕی داعش بکەن، بۆئەوەی ناوچەکە لە مەترسیی داعش بپارێزین. کەواتە سەرەتا هیچ ئامانجێکی سیاسی و بەرنامەیەکی سیاسیمان نەبوو، بەڵام دوای گۆڕانی بارودۆخەکە، بە لەبەرچاوگرتنی ڕووداوەکانی دوایی و ئەو سەرکەوتنانەی ئەم هێزە بەدەستی هێناون، سەرکردایەتیی سیاسی ئامانجەکان دیاری دەکات. من کەسێکی سەربازیم، ئەوەندە دەزانم ئێمە بۆ بەرگریکردن لەخۆمان چەکمان هەڵگرتووە.

**ڕووداو: کورد پشتگیریی کردن بۆ دامەزراندنی هێزی سەنادید؟**

**بەندەر ئەلحمێدی:** مێژووی پەیوەندیمان لەگەڵ کورد متمانە بەیەکترکردن بەهێزتر دەکات. ئەمە ڕەنگدانەوەی لەسەر سەنگەرەکانی شەڕیش هەیە. متمانەی ئێمە بە کورد بۆ پەیوەندیی مێژوویی و هاوپەیمانێتی ڕابردوو دەگەڕێتەوە. لەهەموو قەیرانەکاندا لەگەڵ کورد هاوپەیمانیمان هەبووە. داعش هێرشی کردە سەر ناوچەکەمان کە کورد، عەرەب و ئاشووری لێ نیشتەجێیە. ناچاربووین لەگەڵ هەموو پێکهاتەکانی دیکە هاوپەیمانی بکەین، چونکە مەترسیی تیرۆر هەبوو. بەڵام هاوپەیمانی لەگەڵ کورد شتێکی دیکەیە، لە سەرەتای دامەزراندنی سەنادیدەوە لەگەڵ کورد بووینە هاوپەیمان. ئەو هاوپەیمانییەش ڕاستەوخۆ لەدژی داعش بوو. هەرچەندە بەر لە هاتنی داعش گرووپی تیرۆریستی بچووک هەبوون، بەڵام بە شەڕی سووک مەترسیی ئەو گرووپانەمان دەڕەواندەوە، بۆیە هاوپەیمانییەکی فەرمی نەبوو، بەڵام لەگەڵ هاتنی داعش هاوپەیمانیمان لەگەڵ کورد بووە هاوپەیمانییەکی فەرمی.

**ڕووداو: ئایا ناکۆکییە سیاسییەکان کاریگەرییان لەسەر هاوپەیمانیتان لەگەڵ کورد دەبێ؟**

**بەندەر ئەلحمێدی:** ئێمە هێزێکی بەرگریکارین و سیاسەت ناکەین، بۆیە ناکۆکیی سیاسی هیچ کاریگەرییەکی نییە. هاوپەیمانیمان لەگەڵ کورد هاوپەیمانییە لە سەنگەرەکانی شەڕ، نەوەکو هاوپەیمانییەکی سیاسی بێت. ڕووداوە سیاسییەکان بە ئاراستەی پەشیمانبوونەوە یان گۆڕان لە هاوپەیمانێتی لەگەڵ کورد و ئەوانەی دیکە ئاراستەمان ناکەن.

**ڕووداو: بەڵام گۆڕانکارییە سیاسییەکان گۆڕانکاری لە هاوپەیمانێتی دروست دەکەن؟**

**بەندەر ئەلحمێدی:** هەوڵ دەدەین لەگەڵ گۆڕانکارییەکان هەڵبکەین، بەبێ ئەوەی گۆڕانکاری لە سەنگەری شەڕ بکەین. واتە هەوڵ دەدەین گۆڕان لە مەسەلە لاوەکییەکاندا بکەین، بەبێ ئەوەی دەست بۆ مەسەلە سەرەکییەکان ببەین.

**ڕووداو: داعش لە لەنێوچوون نزیک دەبێتەوە. چۆن سەیری قۆناغی دوای داعش دەکەن؟**

**بەندەر ئەلحمێدی:** دڵنیام داعش لە لەنێچوون نزیک دەبێتەوە، پێموایە کۆتایی 2016 کۆتایی داعش دەبێت. پێموایە فیلمەکە لە کۆتایی نزیک بووەتەوە، بەڵام سەبارەت بە قۆناغی دوای داعش و چ گۆڕانکارییەک ڕوودەدات، ئەوە مەسەلەیەکی سیاسییە و من تەنیا لەسەر لایەنی سەربازی قسە دەکەم.

**ڕووداو: دوای داعش هێزی سەنادید دەمێنێتەوە، یان دەچێتە پاڵ هێزێکی دیکە؟**

**بەندەر ئەلحمێدی:** چوونە پاڵ هێزێکی دیکە زۆر بەدوور دەزانم. ئێمە سەرەتا بەرگریکار بووین، بەڵام ئێستا بارودۆخەکە گۆڕاوە، بووینەتە هێزێکی خاوەن توانا لەسەر زەوی، هەژموونی خۆمان هەیە و ناوچەیەکی دوور و درێژ دەپارێزین. ڕۆڵمان هەبووە لە لاوازکردنی داعش، سوپاس بۆ خوا سەرکەوتنمان بەدەستهێنا. ئەگەر بەراوردی بکەین بە هەموو سووریا، زۆرترین سەرکەوتنمان بەدەستهێناوە و کەمترین زیان بە ناوچەکەمان گەیشتووە. واتە بوونی خۆمان سەلماند، چاوەڕێی گۆڕانکارییە سیاسییەکان دەکەین تاوەکو سیاسییەکانمان بڕیاری پێویست بدەن.

**ڕووداو: چاودێران پێیانوایە دوای داعش کێشەی نوێ دەردەکەون و کێشە کۆنەکان نوێ دەبنەوە. ئێوە بە چ شێوەیەک ڕووبەڕووی ئەو کێشانە دەبنەوە کە دوای داعش سەرهەڵدەدەن؟**

**بەندەر ئەلحمێدی:** پێموایە چەندین کێشە سەرهەڵدەدەن، کێشەکان بەتایبەتی دوای داعش لە سووریا و عێراق گەورە دەبن. هیوادارم ئەو کێشانە نەبنە هۆکار بۆ ئەوەی هاوپەیمانەکانمان بگۆڕین کە تاوەکو ئێستا بە هاوبەشی لەگەڵیان شەڕی داعشمان کردووە.

## داعش هاوپەیمانێتیی ئێمە و کوردی کردە فەرمی

## 4500 چەکدارمان هەن

## دوای نەمانی داعش ناچینە پاڵ هیچ هێزێک

## داوامان کردووە بەشداری لە ئۆپەراسیۆنی مووسڵدا بکەین

**ڕووداو: دەنگۆی دانوستاندنێک هەیە لەگەڵ کوردی سووریا. گوایە بەڕێوەبەرایەتی خۆسەر و حکومەتی دیمەشق بەسەرپەرشتیی ڕووسیا دانوستاندن دەکەن. زانیاریتان لەبارەی ئەوە هەیە؟**

**بەندەر ئەلحمێدی:** زۆر زانیاریم لەبارەیەوە نییە، بەڵام شێخ ئەلحمێدی دەهام هەوڵی ئاشتبوونەوەی ناوخۆیی و دەرەکی داوە. داوای لە ئۆپۆزسیۆن کرد پشتی پێ ببەستن بۆ ئەوەی لەگەڵ حکومەتی سووریا ئاشتیان بکاتەوە، چونکە سووریا بەرگەی کاولکاریی زیاتر ناگرێت. شێخ بەهەموو شێوەیەک پشتگیری لە دانوستاندن دەکات. ئەوە گەورەترین ئاواتی ئێمەیە، چونکە بەهۆی ململانێی ناوخۆیی سووریا، زۆر شەکەت بووین، زۆر توانامان بەهەدەر داوە.

## لە هەموو قەیرانەکاندا لەگەڵ کورد هاوپەیمان بووین

## کۆتایی 2016 کۆتایی داعش دەبێت

## پاش دروستبوونی داعش پەیوەندیمان لەگەڵ سعودیە نەما

**ڕووداو: پەیوەندیتان لەگەڵ ئەمریکییەکاندا هەیە؟**

**بەندەر ئەلحمێدی:** سەرەتا پەیوەندیمان نەبوو، بەڵام کاتێک بوومە ئەندامی فەرماندارێتی هێزەکانی سووریای دیموکرات، زیاتر لە سێ چوار جار لەگەڵ هاوپەیمانێتی نێودەوڵەتی دانیشتم. داوای پشتگیری تایبەتم بۆ سەنادید کرد. باسی هەژموونی سەربازیی هێزی سەنادیدم بۆ کردن. ئەو کاتە ئێمە وەک هێزی شەممەر لەبەرەی پێشەوەی جەنگ بووین، بەڵام دوای گۆڕانی بارودۆخی جەنگ و هەندێک گۆڕانکاریی دیکە، ئەمریکییەکان لێرە دوورکەوتنەوە.

**ڕووداو: چی بوون ئەو گۆڕانکاریانە، دەتوانی باسیان بکەی؟**

**بەندەر ئەلحمێدی:** ناخوازم باسی ئەو هۆکارانە بکەم، بەڵام سەرەتا لەگەڵ هێزەکانی هاوپەیمانی نێودەوڵەتی دادەنیشتین، ئێستا ئەوان لەناوچەکەمان دوورکەوتوونەتەوە، کە لەگەڵیان دانیشتم پێمگوتن ئەگەر دەخوازن داعش گەمارۆ بدەن پێویستە پشتگیریی تایبەتی سەنادید بکەن. ئەوان زۆر لە نزیکەوە زانیاریان لەبارەی توانای سەربازیی ئێمە، هەژموونی ئێمە و پەیوەندییە دەرەکییەکانمان هەیە. دەزانن دەتوانین چی بکەین! لە وەڵامدا پێیانگوتم "ئێمە سەربازین و ناتوانین بڕیار بدەین" بەڵێنیان پێداین داواکاریەکانمان بگەیەننە بەرپرسانی ئەمریکی لە واشنتن. دوای ئەمە ڕووداوەکان گۆڕان، بە تورکیاوە خەریک بوون، بە شەڕی منبجەوە خەریک بوون. واتە هەستم کرد ئەوان بەکاری دیکەوە خەریکن.

**ڕووداو: ئەمریکا بە چەک پشتگیری کردوون؟ یان بەشێک لەو هاوکارییەتان وەرگرتووە کە ئەمریکا بە هێزەکانی سووریای دیموکراتی داوە؟**

**بەندەر ئەلحمێدی:** بەهیچ شێوەیەک هاوکاریمان لە ئەمریکا وەرنەگرتووە. ئەمریکا پشتگیری هێزەکانی سووریای دیموکراتی تەنیا بە کەرەستە و تەقەمەنی کردووە. تەقەمەنی و کەرەستەکەش تەنیا لەکاتی دەستپێکردنی شەڕ دابەش دەکرا کە بەشی پێداویستییەکانی شەڕی نەدەکرد، ئێمەش تەنیا بەشێکی کەممان وەرگرتووە.

**ڕووداو: پەیوەندیتان لەگەڵ ئەو هێزە ڕووسییە هەیە کە لە سووریان؟**

**بەندەر ئەلحمێدی:** هیچ پەیوەندییەکمان نییە.

**ڕووداو: پێش ماوەیەک لە حەسەکە شەڕ لە نێوان هێزە کوردییەکان و هێزەکانی ڕژێم دروستبوو. هەڵوێستتان لەو بارەیەوە چی بوو؟**

**بەندەر ئەلحمێدی:** ئێمە نە بە ڕاستەوخۆ و نە ناڕاستەوخۆ نەچووینە نێو ئەو مەسەلەیە. هەوڵمان دا بارودۆخەکە ڕاست بکەینەوە. چونکە ناوچەکەمان لە هەموو ناوچەکانی دیکەی سوریا سەقامگیرترە. بەتایبەتی قامیشلۆ و حەسەکە تووشی کاولکاری نەبوونە. بۆیە سوورین لەسەر ئەوەی شەڕ نەگاتە ئەو شارانە و بارودۆخەکە تێکنەچێت.

**ڕووداو: مەسەلەی ڕاگەیاندنی فیدراڵی بۆ باکووری سوریا نزیک دەبێتەوە. ئێوە چۆن سەیری ئەو مەسەلەیە دەکەن؟ ئایا پشتگیری لە ڕاگەیاندنی فیدراڵی دەکەن؟**

**بەندەر ئەلحمێدی:** ئەگەر ئێمە ڕاستەوخۆ پشتگیری لە فیدراڵیش بکەین، ئەو پشتگیرییە بۆ واتا ڕاستەقینەکەی فیدراڵییە. ئەوەی ئێمە لە پرۆسەی فیدراڵی تێگەیشتبین، دابەشکردنی سووریا نییە، بەڵام ئەگەر سروشت و ئاراستەیەکی دیکەی هەبێ، ئێمە لەدژی دەوەستینەوە.

**ڕووداو: گومانتان هەیە لەوەی ئەو فیدراڵیە بە ئاراستەیەکی دیکەدا بڕوات؟**

**بەندەر ئەلحمێدی:** گومانمان نییە، بەڵام ئەوەی لەبارەی فیدراڵی دەیزانین، وەکو هەموو نموونەکانی دیکەی فیدراڵییەکانی جیهانە. پێمانوایە درێژکراوەی بەڕێوەبەرایەتیی خۆسەرە. بەڕێوەبەرایەتی خۆسەر لەلای ئێمە سەرکەوتوو بوو، هەندێک مەسەلەی ڕاستکردەوە، ناوچەکەی لەکاولکاری پاراست. بینیمان پرۆژەیەکی سەرکەوتووە، بۆیە ئەوەی بزانین فیدراڵی پێشخستنی بەڕێوەبەرایەتی خۆسەرە.

**ڕووداو: شەممەرییەکان بەدرێژایی مێژوو پەیوەندییان لەگەڵ سعودیە هەبووە، ئێستا پەیوەندیتان لەگەڵ سعودیە چۆنە؟**

**بەندەر ئەلحمێدی:** پاش دروستبوونی داعش هیچ پەیوەندییەکمان لەگەڵ عەرەبستانی سعودیە نەما.

**ڕووداو: چۆن سەیری ڕێککەوتنی نێوان ڕەوتی ئەلغەد و بەڕێوەبەرایەتی خۆسەر دەکەیت؟**

**بەندەر ئەلحمێدی:** بەم دواییە بەو ڕێککەوتنەمان زانی، نازانین ناوەڕۆکەکەی چییە، بەڵام ئەو ڕێککەوتنە جێگای دەستخۆشییە.

**ڕووداو: ئێوە هێزێکی عەشاریری و خاوەن سیستەمێکی عەشایرین، بەڵام بەڕێوەبەرایەتی خۆسەر کە پەیەدە هێزی سەرەکییە تێیدا، ڕێکخراوێکی عەلمانین. دوو جیهانبینیی جیاوازتان هەیە، چۆن دەتوانن لەگەڵ یەکدی بگونجێن؟**

**بەندەر ئەلحمێدی:** وەکو ئاماژەم بۆ کرد، سەرەتا بۆ ڕەواندنەوەی مەترسییەکان لەسەر ناوچەکەمان، بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر کۆیکردینەوە. بیرمان لە ئاراستەی ئەوان و ئاراستەی خۆمان نەکردەوە. کاتێک زانیمان گەنجانی شەممەر بە چەکی ئەوان (پەیەدە) بەرەنگاری داعش دەبنەوە، بیرۆکەی هاوپەیمانێتی گەڵاڵە بوو. بینیمان برایانمان لە پەیەدە چەکدارن و بیرۆکەی پاراستنی ناوچەکەیان هەیە، بارودۆخ ئەو هاوپەیمانێتییەی سەپاند، بەبێ ئەوەی بیر لە ئاراستەی سیاسی بکەینەوە. ئێستا بارودۆخەکە گۆڕاوە، ئێمە بەرپرسی سیاسیمان هەیە کە شێخ حمێدی دەهام سەرۆکایەتی دەکات.

**ڕووداو: ئێستا مەسەلەی ئۆپەراسیۆنی مووسڵ خۆی بەسەر ڕۆژەڤەکانی دیکەدا سەپاندووە. ئایا لەبەرنامەتاندایە بەشداری لە ئۆپەراسیۆنی مووسڵدا بکەن؟**

**بەندەر ئەلحمێدی:** ئێمە بە فەرمی داوامان کردووە بەشداری لە ئۆپەراسیۆنی مووسڵ بکەین. چونکە هەمووتان دەزانن ئەندامانی عەشیرەتەکەمان لە مووسڵ دەژین. داوامان لە هاوپەیمانێتی نێودەوڵەتی کردووە، هەروەها نامەیەکمان ئاراستەی حکومەتی عێراق کردووە، بۆ ئەوەی بە 1500 چەکدار بەشداری لە ئۆپەراسیۆنی مووسڵ بکەین. گوتوومانە کە هەر دەبێت لە ئۆپەراسیۆنی مووسڵ بەشدار بین. بەگشتیش مووسڵ پەیوەندی بە ئێمەوە هەیە، چونکە سەنگی داعش لەوێیە. واتە کۆتایی شەڕی مووسڵ کۆتایی داعشە. پێمانوایە بە ئازادکردنی مووسڵ داعش کۆتایی دێت. بۆیە لەهەموو گۆشەکانەوە مەسەلەی مووسل بۆ ئێمە گرنگە و پێویستە بەشداری بکەین، بەڵام هێشتا وەڵامیان نەداوەتەوە.

### هێزی سەنادید

هێزێکی نافەرمییە و لەلایەن عەشیرەتی شەممەر لە سووریا لە ساڵی 2013 دامەزراوە. فەرماندەی هێزەکە بەندەر ئەلحمێدییە کە کوڕی ئەلحمێدی دەهام، شێخی عەشیرەتی شەممەرە. ژمارەی چەکدارانی ئەو هێزە 4500 کەسە و لە ناوچەکانی تەل حەمیس و تەل کۆچەرن لە ڕۆژئاوای کوردستان. بەشێکن لە هێزەکانی سووریای دیموکرات. هاوپەیمانن لەگەڵ هەریەک لە یەپەگە و ئەنجوومەنی سەربازیی سریانی. لە مانگەکانی شوبات و ئاداری 2015 لە حەسەکە هاوشانی هێزە کوردییەکان بەشدارییان لەشەڕی داعشدا کردووە. بەشداریی شەڕی ئەلهۆل و ئەلشەدادیان کردووە.

کوردستانی ڕووداو
ژمارە ( 427 ) – دووشەممە 2016/10/10





## ئەردۆغان: پەکەکە دەیەوێت چالاکییەکانی فراوان بکات

**ڕووداو– ئەنقەرە**

سەرۆککۆماری تورکیا سەرکۆنەی تەقینەوەکەی شەمزینان دەکات کە ڕۆژی 2016/10/9 ڕوویدا و تێیدا 10 سەرباز و 8 هاووڵاتی کوژران. ئەردۆغان گوتی "پارتی کرێکارانی کوردستان PKK هەوڵدەدات چالاکییەکانی فراوان بکات". هێرشەکانی پەکەکەش بە شەڕی عێراق و سووریا دەبەستێتەوە. ڕەجەب تەیب ئەردۆغان، سەرککۆماری تورکیا بەشێکی گوتارێکی لە کۆشکی سەرۆکایەتی بۆ تەقینەوەکەی شەمزینان تەرخانکرد و هێرشی کردە سەر پەکەکە و گوتی "ئەوانیش هاوشێوەی ئەندامانی فەتۆ و داعش بە خوێنڕشتن و هێرشکردن دەیانەوێت خۆیان بسەلمێنن".

(RTÜK)وتورکسات ئاگادارنین

# لە تورکیا گۆڤەند و کارتۆنی کوردی قەدەغە دەکرێن




### پەرلەمانتارێکی ئاکپارتی: بڕیارەکە بە هەڵە دراوە و حکومەت پەشیمان دەبێتەوە

### پەرلەمانتارێکی جەهەپە: حکومەت دەیەوێ تورکیا بکاتە یەکدەنگ و یەکڕەنگ

**ڕووداو– هەولێر**

دوای وەشاندنی گورزێکی گەورە لە میدیای سەر بە بزووتنەوەی گولەن، ئەمجارەیان گورزەکە بەر ڕاگەیاندنی کوردی لە باکووری کوردستان کەوت. بە یەک بڕیار 23 ڕادیۆ و تەلەفزیۆنی کوردی داخران. پەرلەمانتارێکی ئاکپارتی پێیوایە حکومەت بڕیارێکی هەڵەی داوە و پەشیمان دەبێتەوە. بەرپرسی یەکێک لە تەلەفزیۆنە داخراوەکانیش دەڵێت حکومەت هەڵە ناکات و لە بڕیارەکەی پاشگەز نابێتەوە.

ڕۆژی 2016/9/28 لەچوارچێوەی حوکمی باری نائاسایی لە تورکیا، بەبیانووی پشتگیریکردن لە بزووتنەوەی گولەن، بینالی یڵدرم، سەرۆکوەزیرانی تورکیا، بڕیاری داخستنی 23 کەناڵی ڕادیۆ و تەلەفزیۆنی دا. ئەویش بە پشتبەستن بە یاسای ژمارە 668 لە بڕیارنامەی بەڕێوەبردنی باری نائاسایی کە لە 2016/7/20 لە پەرلەمان دەرچووە.

پێشتر لە چوارچێوەی هەمان بڕیاردا چەندین تەلەفزیۆن، ڕادیۆ و ڕۆژنامەی سەر بە جەماعەتی گولەن داخران، بەڵام ئەو 23 کەناڵەی بەم دواییە داخران، نەک سەر بە گولەن نین، بۆ جارێکیش سەریان بە ماڵی گولەندا نەکردووە، زۆرتر ئەو کەناڵانانە بوون کە تەماشەڤانەکانیان کورد، عەلەوی و چەپەکان بوون.

#### گۆڤەند و کارتۆنی کوردی قەدەغە دەکرێ

بەپێی ڕاگەیەنراوەکانی حکومەت، بیانووی داخستنی ئەو کەناڵانە پروپاگەندەکردن بووە بۆ "بزووتنەوەی تیرۆریست و جوداخوازی فەتحوڵلا گولەن". بەڵام لەنێو ئەو کەناڵانەدا گۆڤەند تیڤی هەیە کە کەناڵێکی میوزیکە، هەروەها زارۆک تیڤی هەیە کە فیلم کارتۆنی دۆبلاژکراو بە زمانی کوردی پەخش دەکات.

دیلەک دەمیراڵ، بەڕێوەبەری کەناڵی زارۆک تیڤی دەڵێت "ئێمە تەنیا فیلم کارتۆنمان پەخش دەکرد، فیلم کارتۆنی بابە سەنفور پەخش دەکەین. کاتێک پەخشی کەناڵەکەمان ڕاگیرا، کارتۆنی مانگا و کەڵەشێر پەخش دەکرا".

ئێستا تاکە کەناڵی کوردی لە تورکیا کەناڵی تەڕەتە شەشە کە سەر بە حکومەتە. لوقمان ئایدۆغان، بەڕێوەبەری کەناڵی ئازادی تیڤی کە یەکێکە لەو کەناڵانەی داخراوە، بە (ڕووداو)ی گوت "لەدوای ئەو بڕیارە جگە لە تەرەتە 6 هیچ کەناڵ و ڕادیۆیەک بە زمانی کوردی لە تورکیا نەماوە".

هەندێک لەو کەناڵانە بە تەنیا دانەخراون، بەڵکو کەلوپەلەکانیشیان بوونەتە موڵکی دەوڵەت. ڕۆژی 2016/10/5 کەناڵی ئیمەجە کە کەناڵێکی هەواڵی بوو، ڕایگەیاند باڵەخانە و ئامێری کەناڵەکەیان بە تەرەتە سپێردراوە.

کەناڵەکەیان چاوەڕێی ئەو هەڵوێستەی حکومەت نەبوو. لوقمان ئایدۆغان دەڵێت "ئەوەی چاوەڕێ بێ جارێکی دیکە حکومەت ڕێگای کارکردنی پێبدات، خۆی هەڵدەخەڵەتێنێ".

خۆپیشاندانەکان دژی داخستنی ئەو کەناڵانە تادێت فراوانتر دەبن، چونکە هەر یەک لەو کەناڵانە بۆ پێکهاتەیەکی تورکیا سەمبولێکە. هەندێکیان بۆ کورد، هەندێکی دیکەیان بۆ عەلەوی و هەندێکی دیکەشیان بۆ چەپەکان، جەماوەری ئەو کەناڵانە بڕیاری داخستنی کەناڵەکان وەکو هەڕەشە بۆ سەر خۆیان دەبینن.

ڕادیۆی یۆن یەکێکە لەو 11 ڕادیۆیەی داخراوە. یۆن لەو ڕادیۆیانە بوو کە بەهۆی وەستانەوەی لەدژی کودەتای 15ی تەممووز، سوپاسنامەی لە دەزگای باڵای تەلەفزیۆن و ڕادیۆی تورکیا (RTÜK) پێدرابوو.

ئۆپۆزسیۆنی تورکیا پێیوایە ئەو هەڵمەتەی حکومەت و درێژەدان بەباری نائاسایی، تورکیا بەرەو یەکڕەنگی و یەکدەنگی دەبات.

گولسەران ئۆنانج، ژنە پەرلەمانتاری جەهەپە، لەبارەی داخستنی ئەو کەناڵانەوە بە (ڕووداو) گوت "ئەو کەناڵانە نە پەیوەندییان بە کودەتاوە هەبووە نە بە بزووتنەوەی گولەن. بەشێکی زۆری ئەو کەناڵانە موزیکی و کۆمەڵایەتین. تیڤی 10 گرنگی بە ئایین و باوەڕی عەلەوییەکان دەدات. زارۆک تیڤی فلیم کارتۆنی جیهانی بۆ کوردی دۆبلاژ دەکات. دیارە مەبەستێکی سیاسی لەپشت داخستنیانە، حکومەت بە بەکارهێنانی باری نائاسایی هەوڵ دەدات تورکیا یەکدەنگ و یەکڕەنگ بکات".

بەڵام مەحمود تورغول، پەرلەمانتاری هەدەپە دەڵێت ئاکپارتی بەو هەڵوێستەی ناتوانێ یەکدەنگی و یەکڕەنگی لە تورکیا دروست بکات. تورغول بە (ڕووداو)ی گوت "تورکیا یەکڕەنگی و یەکدەنگی ڕەتدەکاتەوە. کاتێک حکومەت دەبینێ کۆمەڵگا ویستی ئەو قەبوڵ ناکات، ناتوانێ بە کەناڵی یاسایی و دیموکراسی بگاتە مەرامەکانی، هەوڵ دەدات باری نائاسایی بۆ مەرامەکانی بەکاربێنێ، کەناڵی منداڵان، کولتووری و کۆمەڵایەتی دادەخات".

پەرلەمانتارێکی کورد لە فراکسیۆنی ئاکپارتی بەو مەرجەی ناوی بڵاونەکرێتەوە، بە (ڕووداو)ی گوت "ئەو بڕیارە بە هەڵە دراوە. بۆیە پێشبینی دەکەم حکومەت پاشگەز ببێتەوە".

بەڵام ئەمرا کەلەکچیلەر، کارمەندی ژیان تیڤی کە یەکێکە لە تیڤیە قەدەغەکراوەکان، دەڵێت "نەخێر ئەو بڕیارە بە هەڵە نەدراوە، بە مەبەست دراوە. چونکە (RTÜK) و تورکسات بەرپرسیارێتی ئەو بڕیارە ناخەنە ئەستۆی خۆیان".

جمهور داش، بەڕێوەبەری بەرنامەکان لە حەیات سەسی بە (ڕووداو)ی گوت "ئەو بڕیارەی حکومەت شتێکی نوێیە، چونکە تەنیا (RTÜK) بڕیاری کردنەوە و داخستنی تیڤی و ڕادیۆکان دەدات. ئەوە هەوڵێکە بۆ دروستکردنی دەسەڵاتێکی قۆرخکار لە تورکیا".

> **RTÜK ئاگای لێ نییە**
>
> دوای دەستپێکردنی پرۆسەی چارەسەری، چەندین کەناڵی کوردی ئاسمانی و لۆکاڵی لە تورکیا بە مۆڵەتی دەزگای باڵای ڕادیۆ و تەلەفزیۆنی تورکیا (RTÜK)کرانەوە. بەڵام بەڕێوەبەرانی (RTÜK) دەڵێن داخستنی کەناڵەکان بە بڕیاری ئەوان نەبووە. ڕۆ ئۆغز کە کارمەندی زارۆک تیڤییە بە (ڕووداو)ی گوت "بەڕێوەبەری گشتیی تورکسات بە هەڤاڵانی ئێمەی گوتووە کە ئەوان ئەو بڕیارەیان نەداوە. بەهەمانشێوە بەرپرسانی (RTÜK) یش وا دەڵێن، کەواتە ئەو بڕیارە یاسایی و ئیداری نییە، بەڵکو سیاسییە".

## چیدی بە کلاشینکۆفێک و 100 فیشەکەوە شەڕ ناکەن

# حکومەتی تورکیا چەکی قورس دەداتە جاشەکانی باکووری کوردستان

### سەرۆک جاشێک: ئەگەر ئێمە نەبووینایە ئێستا ناوچەکە لە بندەستی پەکەکەدا بوو

**ڕووداو– هەولێر**

ڕووداو — هەولێر

وەزیری ناوخۆی تورکیا کۆمەڵێک بەڵێن بە گوندپارێزانی کورد (جاشەکان)ی باکووری کوردستان دەدات، لەوانەش: پێدانی چەکی قورس و هەروەها، زیادکردنی مووچەکانیان.

#### گوندپارێز کێیە؟

لە باکووری کوردستان بەو کەسانە دەگوترێت گوندپارێز کە جلی سەربازییان لەبەردایە و چەکدارن، بەڵام ئەوانە نە سەربازن و نە پۆلیسن. زۆربەی ئەندامانی ئەو پێکهاتە نیمچە سەربازییە، کوردن. ئەوان بەساڵانە بەشداری لە ئۆپەراسیۆنەکانی سوپای تورکیا دژ بە پەکەکە دەکەن.

ئەگەرچی لەدوای دەستپێکردنی پرۆسەی ئاشتی، گوندپارێزان کەمتر لە جاران دەبوونە ڕۆژەڤ، بەڵام دوای تێکچوونی پرۆسەی ئاشتی، جارێکی دیکە گوندپارێزان دێنەوە بەرباس. بەتایبەتی دوای دەستبەکاربوونی سولەیمان سۆیلو وەکو وەزیری ناوخۆی تورکیا.

ڕۆژی 2016/9/24 وەزیری ناوخۆی تورکیا لە ئەنقەرە لەگەڵ سەرۆک جەردەوانانی 22 شاری تورکیا کۆبووەوە. لە کۆبوونەوەکەدا چەند بڕیارێک درا، لەوانە: سەرۆکایەتی بەڕێوەبردنی گوندپارێزی دروست دەکری کە چارەسەری کێشەی گوندپارێزان دەکات، بە تایبەتی مووچە و هەژمارکردنی خزمەت بەو بەڕێوەبەرایەتییە دەسپێردرێت. بڕیارێکی دیکەی ئەو کۆبوونەوەیە، دامەزراندنی تیمی تایبەتە بۆ گوندپارێزان. هەروەها چەکی قورسیشیان بۆ دابین دەکرێ.

زیا سەزۆن، سەرۆکی فیدراسیۆنی گوندپارێزان و خێزانی شەهیدان لە ئانادۆڵو کە 103 هەزار ئەندامی هەیە، خۆشحاڵە بە بڕیارەکانی وەزارەتی ناوخۆ. سەزۆن دەڵێت "ئەو کەسانەی شەڕیان لەگەڵ دەکەین چەکی قورسیان هەیە. گوندپارێزان بە 100 گوللە و کلاشینکۆفێک شەڕ دەکەن. پێویستە چەک و کەرەستەی سەربازی و جلوبەرگیان سەردەمیانە بێ. گوندپارێزان لەو بارودۆخەدا قوربانیی زۆر دەدەن. ئەمڕۆ ناوچەکە پێویستی بە سیستەمی گوندپارێزی هەیە، پێویستە مافە تایبەتییەکانی گوندپارێزان بدرێت و چەک و تەقەمەنی تازەیان بدرێتێ".

سەزۆن پێیوایە ئەوان یارمەتیدەرێکی باشی سوپای تورکیان و دەڵێت "ئەندامانی پەکەکە لەو گوندانەی گوندپارێزی لێ نییە، بە ئاشکرا دێن و دەچن. بەڵام ناچنە نێو ئەو گوندانەی گوندپارێزی تێدایە. بۆیە پێموایە گوندپارێزی شادەماری ناوچەکەیە. ئەگەر گوندپارێزان نەبوونایە، ئێستا ئەو ناوچەیە لەبندەستی پەکەکەدا دەبوو".

عەلی ئۆزجان، سەرۆکی گوندپارێزان و سەرۆکی عەشیرەتی ئاڵیا لە سێرت کە یەکێک بووە لە بەشداربووانی کۆبوونەوە لەگەڵ وەزیری ناوخۆی تورکیا بە (ڕووداو)ی گوت "بەگوێرەی بڕیاری کۆبوونەوەکە دروستکردنی تیمی تایبەت بۆ گوندپارێزان ئارەزوومەندانەیە. ئەو گوندپارێزەی دەبێتە تیمی تایبەت مووچەی تیمی تایبەتی دەدرێتێ".



لەدوای ساڵی 2003، گوندپارێزان داوا لە حکومەت دەکەن مووچەکانیان زیاد بکات و خزمەتیان بۆ حیساب بکات، بەڵام تا ئەمدواییە حکومەت گوێی بە داواکاریەکانیان نەداوە، بۆیە زۆر کەس پێیوایە وەڵامدانەوەی داواکارییەکان گوندپارێزان پەیوەندی زۆربوونی هێرشەکانی ئەمدواییەی پەکەکەوەیە.

جڤاکناس شێرۆ، ناوی خوازراوی پسپۆڕێکی بواری کۆمەڵایەتییە لە باکووری کوردستان، لەبەر بارودۆخی ئەمنی داوایکرد ناوی وەکو جڤاکناس شێرۆ بڵاوبکرێتەوە، بە (ڕووداو)ی گوت "هەر کاتێک ئەگەری چارەسەری کێشەی کورد کەم دەبێتەوە، زیاتر گرنگی بە گوندپارێزان دەدرێت. کەواتە چارەسەری کێشەی کورد و سیستەمی گوندپارێزی پەیوەندییەکی پێچەوانەیان هەیە".

بەڵام عەلی ئۆزجان، ڕەتیکردەوە بەتەنگەوەهاتنی حکومەت بۆ داواکارییەکانیان پەیوەندی بە چڕبوونەوەی شەڕی پەکەکەوە هەبێ و دەڵێت "پەکەکە لە شاخەکان نەماوە، زیاتر لە نێو شارەکان دایە. بەرەنگاربوونەوەی پەکەکە لە شارەکان کاری گوندپارێزان نییە، بەڵکو کاری پۆلیسە". عەلی ئۆزجان ڕەخنەی لە پرۆسەی چارەسەری گرت و گوتی "ئەو پرۆسەیە پەکەکەی لە باشووری ڕۆژهەڵاتی تورکیا بەهێزکرد".

یەکێک لە بەشداربووانی کۆبوونەوەکە کە نەیویست ناوی بڵاوبکرێتەوە بە (ڕووداو)ی گوت "وەزیری ناوخۆ پێیگوتین ئەگەر لە بەرەنگاربوونەوەی پەکەکەدا ڕۆڵی باشتان بینی ئەوە بیر لە زیادبوونی ژمارەی گوندپارێزان دەکەینەوە".

جڤاکناس شێرۆ کە چەند توێژینەوەی کۆمەڵایەتی لەبارەی ژیانی گوندپارێزان کردووە دەڵێت "لەسەر داواکاری گوندپارێزان ئەو کۆبوونەوەیە کراوە. بە حکومەتیان گوت ئەگەر دەخوازن گوندپارێزان کاریگەریان لەشەڕدا هەبێ، داواکارییەکانیان بۆ جێبەجێ بکەن، کۆبوونەوەکەش لەسەر ئەو بنەمایە بوو".

> **69 هەزار گوندپارێز هەن**
>
> بە گوێرەی یاساکانی تورکیا دوو جۆر سیستەمی گوندپارێزی هەن، یەکێکیان سیستەمی گوندپارێزی کاتییە کە یاساکەی لە ساڵی 2014 دەرچووە. ژمارەی گوندپارێزانی کاتی 47 هەزار و 510 کەسە. هەروەها گوندپارێزی خۆبەخشیش هەن کە ژمارەیان 21 هەزار و 800 کەسە. لە کۆبوونەوەی سەرۆکی گوندپارێزان و وەزیری ناوخۆی تورکیا کە لە ڕۆژی 24/9/2016 بەڕێوەچوو، بڕیاردرا ژمارەی گوندپارێزان زیادبکرێ.

> **تاوانەکانی گوندپارێزان**
>
> لەدوای دەستپێکردنی پرۆسەی ئاشتی لە ساڵی 2013، ناوەندێکی توێژینەوە بەناوی (سورەچ) لە ڕاپۆرتێکدا بەناوی (گوندپارێزانی کاتی و پرۆسەی چارەسەری) دەڵێت "گوندپارێزان چەکەکانیان بۆ بەرژەوەندی خۆیان بەکاردێنن، چونکە هێزە ئەمنیەکانی دەوڵەت پشتگیریان دەکەن". ناوەندەکە پشت بە ئاماری وەزارەتی ناوخۆی تورکیا دەبەستێت و دەڵێت: "لە نێوان ساڵانی 1985 – 2003 گوندپارێزان 4804 تاوانیان کردووە. هەروەها 2376 گوندپارێزیش بە تۆمەتی هاوکاریکردنی پەکەکە سزادراون".

# ڕێڕەوە ئێرانییەکەی پارێزەری هیلالی شیعی بە تەلەعفەر و شنگالدا دەڕوات

رووداو- هەولێر

لە ناوچەیەک کە هێندە لە مووسڵیش دوور نییە، هێزێکی سەربازی بە نیازی جێبەجێکردنی پلانێکن کە ماوەی 30 ساڵە ئێران خەونی پێوەدەبینێ. ئەمە هێزی میلیشیا شیعەکانی عێراقە کە ماوەی دوو ساڵە لە دژی داعش دەجەنگێ، بەڵام بۆ ئۆپەراسیۆنەکەی مووسڵ رۆڵێکی راستەوخۆی پێ نەدراوە.

بەگوێرەی راپۆرتێکی رۆژنامەی گاردیەنی بەریتانی، لە کاتێکدا سوپای عێراق کە لە باشوورەوە هێرش دەکەنە سەر مووسڵ، میلیشیا شیعەکان لە دیوی رۆژئاواوە رێگە لە چەکدارانی داعش دەگرن بۆ ئەوەی نەتوانن بەرەو رەققە رابکەن. ئەگەرچی دەگوترێ بەشدارینەکردنی میلیشیا شیعەکان بۆ دڵنیاکردنەوەی سوننەکانە لەوەی گرتنەوەی مووسڵ، مەسەلەیەکی تایفی نییە.

بەپێی راپۆرتەکە، تاران زۆر گوێی لەوە نییە حەشدی شەعبی لە گرتنەوەی مووسڵدا بەشدار دەبێ یان نا، لەبەر ئەوەی ئەم میلیشیایانە بە بەشدارینەکردنیان لەو ئۆپەراسیۆنە دەتوانن پارێزگاری لە هیلالی شیعی بکەن کە لە ئێرانەوە بە عێراق و سووریادا دەگاتە لوبنان لەسەر دەریای نێوەڕاست.

بۆ وەدیهاتنی ئەم خەونەی ئێران، ناوچەی رۆژئاوای مووسڵ رۆڵێکی جەوهەری دەگێڕێ. بەرپرسێکی ئەوروپی کە نەیویستووە ناوی ئاشکرا بکرێ، بە رۆژنامەی (گاردیەن)ی راگەیاند "ئێران زۆری هەوڵداوە بەمە بگات". بەبۆچوونی ئەو بەرپرسە ئەوروپییە، دەستگرتن بەسەر رۆژئاوای مووسڵدا هەم "شانازی"یە بۆ ئێرانییەکان و هەمیش سوودی گەورەی هەیە، چونکە بە گرتنی ئەم ناوچەیە رێڕەوێک دەکەنەوە کە "دەتوانن لە نێوان تاران و دەریای نێوەڕاستدا هەرکاتێک ویستیان، خەڵکی خۆیان و کەلوپەل بگوازنەوە، لە کاتێکدا رێگاکە لەلایەن خەڵکانی سەر بەخۆیان دەپارێزرێ.

ئەو رێڕەوە کە ئامانجەکەی بریتییە لە پاراستنی ئەوەی پێیدەگوترێ (هیلالی شیعی) لە ساڵی 2014ەوە دروست بووە. ئەم رێڕەوە بە بەشە عەرەبییەکەی عێراق، هەرێمی کوردستان و پاشان رۆژئاوای کوردستاندا تێدەپەڕێ و ئینجا دەگاتە حەلەب. ئەم نیازەی ئێران نیگەرانیی وڵاتانی ناوچەکەی لێکەوتووەتەوە، لەوانەش تورکیا کە نیگەرانە لەوەی ئەم پلانە چ مانایەک بە پەیوەندییەکانی نێوان تاران و پارتی کرێکارانی کوردستان (پەکەکە) دەبەخشێ.

رۆژنامە بەریتانییەکە دەڵێت پلانەکە بە هەماهەنگیی نێوان بەرپرسانی حکومی و ئەمنیی تاران، بەغدا و دیمەشق ئامادەکراوە و کۆمەڵێک گۆڕانکاری دیمۆگرافیش لەخۆدەگرێ کە بەشێکیان هەر ئێستا لە نێوەڕاستی عێراق و باکووری سووریا جێبەجێ دەکرێن.

بەپێی راپۆرتەکەی گاردیەن، کۆریدەرەکە رێک لەو خاڵە سنوورییەوە دەستپێدەکات کە ئێران ماوەی 12 ساڵە بۆ گواستنەوەی چەک و تەقەمەنی و راوێژکاری سەربازی بۆ عێراق بەمەبەستی لێدانی هێزە ئەمریکییەکان بەکاریدێنێ. رێگەکە بە بەعقووبە، ناوەندی پارێزگای دیالەدا تێدەپەڕێت کە چەندین سەدەیە شیعە و سوننەکانی عێراقی تێدا دەژی.

ژمارەیەکی زۆر لە میلیشیاکانی حەشدی شەعبی لە شاری شرگات جێگیرکراون و ئامادەن بەرەو رۆژئاوای مووسڵ بجووڵێن، کە لە باشووری رۆژهەڵاتەوە تەنیا 50 میل لە شاری شنگال دوورە. شنگال و ناوچەکانی باشووری بەشێکی ئەم هیلالە شیعییە پێکدەهێنێ. شاری تەلەعفەریش لەم نێوەدا رۆڵێکی میحوەری دەگێڕێ.

بەرپرسێکی باڵای هەواڵگری بە رۆژنامەی گاردیەنی راگەیاندووە، ناوچەکانی نێوان تەلەعفەر و شنگال رۆڵێکی گرنگیان لە جێبەجێکردنی پلانەکەدا هەیە. شاری تەلەعفەر هەتا ئێستاش لەژێر کۆنترۆڵی داعشدایە، بەڵام شنگال لە تشرینی دووەمی ساڵی پارەوە ئازاد کراوە و ئێستا گۆڕەپانی ململانێیەکە لەنێوان هێزەکانی پێشمەرگەی سەر بە هەرێمی کوردستان و گەریلاکانی پەکەکە کە لە قەندیلەوە فەرمان وەردەگرن. ئەم هێزانەی سەر بە پەکەکە، هاوکات لەلایەن حکومەتی عێراقیشەوە پشتگیریی دارایی دەکرێن و بەشێکیان خراونەتە چوارچێوەی هێزەکانی حەشدی شەعبییەوە.

بەرەو باکووریش سەرۆک هۆزێکی عێراقی بەناوی عەبدولڕەحیم ئەلشەممەری هەیە کە لە ناوچەی رەبیعە دەستی دەڕوات. ئەلشەممەری لەلایەن هێزەکانی حەشدی شەعبییەوە یارمەتی دەدرێت و پەیوەندییەکی نزیکیشی لەگەڵ حکومەتی سووریا هەیە. لە دیمانەیەکی هەفتەنامەی ئۆبزەرڤەری بەریتانیدا، سەرۆک هۆزە عێراقییەکە گوتبووی "ئێران دەسەڵاتێکی ئەوتۆی لەم ناوچانەدا نییە"، سەبارەت بە پەکەکەش گوتبووی کە لەگەڵ کوردەکانی ناوچەکە یەکیگرتووە، هەر بۆیە هیچ کێشەیەکی لەگەڵیان نییە.


لە چواڕییانەکەی رەبیعەوە رێگەیەک بەرەو لای قامیشلۆ، کۆبانێ و عەفرین دەچێت، هەر سێ ناوچەکەش لەژێر کۆنترۆڵی یەکینەکانی پاراستنی گەل (یەپەگە)دان. بەرپرسە باڵا ئەوروپییەکە لەمبارەیەوە بە گاردیەنی راگەیاندووە "یەپەگە رێک لەو شوێنەن کە ئێران دەیەوێ، بەڵام نازانم ئاخۆ ئێران هەڵسەنگاندنێکی دروستی بۆ هەڵوێستی تورکیا کردووە یان نا".

لە هەموو قەیرانی نێوخۆیی سووریادا، ئێران زیاترین فۆکەس و توانای خۆی لەسەر حەلەب چڕکردووەتەوە. نزیکەی 6 هەزار میلیشیا لەم شارە کۆبوونەتەوە کە بەشێکیان شیعەی عێراقین، بۆ ئەوەی لە ئۆپەراسیۆنی کۆنترۆڵکردنی رۆژهەڵاتی ئەم شارەدا بەشداری بکەن کە هەتا ئێستاش لە ژێر کۆنترۆڵی چەکدارانی ئۆپۆزیسیۆنی سووریادایە و چاوەڕێ دەکرێت هاوکات لەگەڵ ئۆپەراسیۆنی مووسڵ، دەست بە ئۆپەراسیۆنی کۆنترۆڵکردنی ئەو بەشەی حەلەبیش بکرێ.

ئەوانەی لە نزیکەوە مامەڵەیان لەگەڵ قاسم سولەیمانی، فەرماندەی سوپای قودسی ئێراندا کردووە، دەڵێن سولەیمانی هەموو شتێکی خستووەتە گرەوی بردنەوەی جەنگی سووریاوە، بەجۆرێک ئێران بتوانێ لەم جەنگە پڕخەرجییەدا تموحەکانی خۆی بەرەو پێش بەرێت. ساڵی 2014، فەرماندەکەی سوپای قودس، بە ئەحمەد چەلەبی گوتبوو "ئەگەر سووریا لەدەست بدەین تارانمان لەدەستداوە، بۆیە ئێمە هەموو ئەم پشێوییە دەگۆڕین بۆ دەرفەت و شانسێک، بۆ پاراستنی بەرژەوەندییەکانی ئێران".

کەواتە کۆنترۆڵکردنی حەلەب بۆ دروستکردنی ئەم کۆریدۆرە زەروورە. بەرپرسانی سووری و عێراقی بۆ گاردیەنیان ئاشکرا کردووە کە رێڕەوەکە لە حەلەبەوە بەرەو حومس دەچێ، لەوێشەوە بەرەو باکووری سووریا و بە جەرگەی ناوچەی عەلەوییەکانی سووریادا دەڕوات. کۆتایی کۆریدۆر یان هیلالی شیعەی ئێران بەندەری لازقییەیە کە بە درێژایی جەنگی نێوخۆیی سووریا لە ژێر کۆنترۆڵی حکومەتی سووریادا ماوەتەوە.

عەلی خزەیری کە لە نێوان ساڵانی 2003 بۆ 2011 راوێژی پێشکەش بە هەموو باڵیۆزەکانی ئەمریکا لە عێراق کردووە، لە لێدوانێکدا بۆ گاردیەن هۆشداری داوە لەوەی ئەم بەستەرەی نێوان تاران و دەریای نێوەڕاست "بە مانای قایمبوونی شوێنپێی ئێرانە لە عێراق و شام، بەمەش ئێران تموحە ناوچەییەکانی زۆرتر دەبێ". خزەیری چاوەڕێ دەکات "ئێران لە دوای سەرگرتنی ئەم پلانەی، بیر لە کردنەوەی رێڕەوێکی هاوشێوە لە وڵاتانی کەنداویش بکاتەوە".



نەخشەی رێڕەوی هیلالی شیعی لە تارانەوە بۆ دەریای ناوەڕاست

بەپێی ناوەڕۆکی نامەیەک:

# تاڵەبانی، یەکێتی سپاردووە بە جێگرەکانی و هێرۆ ئیبراهیم ئەحمەد

**هۆمەر دزەیی، راوێژکاری پێشووی مام جەلال:**
**مام جەلال پێیگوتم کاک نەوشیروان و د.کەمال فوئاد و بەرهەم ساڵح دەتوانن شوێنی من بگرنەوە**

**بەرپرسێکی یەکێتی: ئەوەی هۆمەر دزەیی باسی دەکات کۆنە**


(فۆتۆ: سەرتیپ عوسمان)

نەوزاد مەحموود
رووداو- سلێمانی

لە سەروبەندی ئاڵۆزتربوونی کێشە نێوخۆییەکانی یەکێتیدا، وەک چارەسەری دەردەکان، باسی نامەیەکی مام جەلال تاڵەبانی دەکرێ کە هەرچەندە ئێستا لەسەر کورسییەک ژیان بەڕێدەکات، بەڵام هێشتا وا دیارە عەساسیحرییەکەی کار دەکات لەوکاتەی زۆرینەی کێشەکان هەر لە دەوری کورسییەکەی ئەو دەخولێنەوە. ئایا تاڵەبانی نەیدەزانی دوای خۆی، گرێی بەڕێوەبردنی یەکێتی هێندە ئاڵۆز دەبێت کە بە کەس ناکرێتەوە؟

یەکێک لە بەرپرسانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان، دڵنیا نییە لەوەی تاڵەبانی نامەی بۆ بەڕێوەبردنی یەکێتی نووسیبێت و لای بەرپرسانی باڵای یەکێتی داینابێ، بەڵام پێیوایە حیزبەکەی ئەوەندەی دەزگا و دامەزراوە هەیە کە بتوانن کێشە نێوخۆییەکان چارەسەر بکەن "ئەنجوومەنی ناوەند 100 کەسن، سەرکردایەتی 45 کەس زیاترن، مەکتەبی سیاسی نزیکەی 20 کەسن، خۆ دەکرێ بە کۆبوونەوەیەکی ئەو سێ دەزگایە چارەسەرێک بدۆزنەوە".

یوسف زۆزانی، ئەندامی مەکتەبی رێکخستنی یەکێتی کە لە پێشوودا رۆڵی زۆری هەبوو لە نزیککردنەوەی تاڵەبانی و نەوشیروان مستەفا، دەڵێت بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی ئێستای یەکێتی، نابێ چاوەڕێی نامەی مام جەلال بکرێت و دەزگاکانی یەکێتی لە کۆبوونەوەیەکدا رۆڵی نیمچە کۆنگرەیەک بگێڕن و چارەسەرێک بدۆزنەوە "مام جەلال چی بکات ئەگەر ئەوان نەتوانن لەسەر بابەتێک رێکبکەون و بوار نەدەن کێشەکان لەوە زۆرتر گەورە ببن".

باری تەندروستیی تاڵەبانی شەوی 2012/12/17 لە بەغدا تێکچوو دوای ئەوەی دووچاری جەڵتەیەکی مێشک هات. رۆژانی دواتر روون بووەوە کە یەکێتی ناو یەکێتی بە تاڵەبانییەوە بەندە.

ئێستا زۆرتر لە هەموو کاتێک باسی نامەیەکی مام جەلال دەکرێت، گوایە بۆ دوای خۆی، تێیدا ناوی ئەوانەی هێناوە کە دەتوانن یەکێتی بەڕێوەببەن.

بەرپرسێکی یەکێتی نیشتمانی کوردستان کە داوای کرد ناوی بڵاونەکرێتەوە، دەڵێ ئەو نامەیەی ئێستا لە میدیاکاندا باسی دەکرێت، نامەی مام جەلالە و سێ کەسی تێدا دەستنیشان کراوە کە دەتوانن یەکێتی بەڕێوەببەن "لە نامەکەدا ناوی کاک کۆسرەت و کاک بەرهەم و هێرۆخان هاتووە". گوتیشی "من بۆ خۆم دڵنیام ئەو نامەیە هەیە و لای کاک کۆسرەت نامەکەم بینیوە و ناوی ئەو سێ کەسەی تێدایە، بەڵام نازانم نامەکە کەی نووسراوە".

لەدوای نەخۆشکەوتنی تاڵەبانییەوە کێشە نێوخۆییەکانی یەکێتی قووڵتر بوونەتەوە، ئێستا دوو باڵ "ناوەندی بڕیار" و "زۆرینە" خۆیان بە دەمڕاستی یەکێتی دەزانن، بەهۆی ئەو ناکۆکییەی نێوانیان نە دەتوانرێ وادەی کۆنگرەی حیزبەکە دیاری بکرێ و نە لەسەر شێوازێکیش پێکدێن بۆ ئەوەی کاروبارەکانی یەکێتی پێ هەڵسوڕێنن. تاکە شتێک کە لە گوتاری هەردوولادا جێی دەبێتەوە "رێبازەکەی مام جەلال"ە، هەر بۆیە ئێستا نامەیەک کە بەدەستوخەتی تاڵەبانی نووسرابێت، تارادەیەک هیوابەخشە بۆ ئەوەی ئاو بە ئاگری ناکۆکییەکاندا بکات.

فەرید ئەسەسەرد، ئەندامی سەرکردایەتی یەکێتی دەپرسێ "ئایا نامەیەک هەیە لە مام جەلالەوە بۆ ئەو مەبەستە؟" ئینجا دەڵێ: "مام جەلال بەهۆی نەخۆشییەکەیەوە رەنگە ئێستا نەتوانێ بە باشی قسە بکات تاوەکو میکانیزمێک بۆ بەڕێوەبردنی یەکێتی دەستنیشان بکات، بەڵام ئەگەر بتوانێ بە نووسین بینووسێت و دیاری بکات، ئەوە چارەسەرێکی باشە".

هۆمەر دزەیی کە ماوەیەکی زۆر راوێژکاری سیاسی مام جەلال بووە لە کۆشکی سەرۆکایەتی کۆماری عێراق، ئاشکرای دەکات کە بەراشکاوی لەگەڵ تاڵەبانی باسی جێنشینی ئەوی کردووە و لە وەڵامدا مام جەلال سێ ناوی باس کردووە "جەنابی مام جەلال خۆی بۆ من باسی چەند کەسایەتییەکی کرد کە بە شایەنی زانین جێگای بگرنەوە، لەوانە نەوشیروان مستەفا (پێش ئەوەی گۆڕان جیابکاتەوە) و کەمال فوئاد و بەرهەم ساڵح".

دزەیی زیاتر باس لەو گفتوگۆیەی خۆی و مام جەلال دەکات و دەڵێ "جارێکیان لە واشنتن لێمپرسی کە پشت بەخوا تەمەنت 100 ساڵ دەبێت، بەڵام خۆ تەمەن هەر تەواو دەبێت، لە دوای تۆ کەسی وا هەیە شوێنی تۆ بگرێتەوە؟ یان حیزبەکەی تۆیش وەک حیزبەکەی جەمال عەبدولناسری لێدێت، چونکە هەموو شتەکان شەخسی جەمال عەبدولناسر بوو کە ئەو نەما، حیزبەکەیشی کۆتایی هات، لێمپرسی ئایا حیزبەکەی تۆیش وای لێدێت؟"

بەڵام بەرپرسەکەی یەکێتی کە دەڵێت نامەیەکی مام جەلالی لەوبارەیەوە بینیوە، سەبارەت بەو سێ ناوەی هۆمەر دزەیی باسی دەکات، گوتی "ئەوە کۆنە، هی کاتێکە کە کاک نەوشیروان لەنێو یەکێتی بوو، د.کەمالیش لە ژیاندا مابوو، ئەو نامە نوێیەی من باسی دەکەم هی دوای جیابوونەوەی کاک نەوشیروانە لە یەکێتی".

ئەو دەڵێ مام جەلال ئەو نامەیەی بۆ ئەوە نەنووسیوە کە ئەو سێ کەسە بۆ هەتاهەتایە یەکێتی بەڕێوەببەن "بەڵکو تەنیا بۆ قۆناغێک بووە تاوەکو کۆنگرە دەبەسترێ و لەوێ سکرتێری نوێ دەستنیشان دەکرێ".

## تاڵەبانی کەی نامەکەی نووسیوە؟

شاڵاو عەلی عەسکەری، گوتەبێژی ناوەندی بڕیاری یەکێتی لەکاتی بەشداریکردن لە بەرنامەی رووداوی ئەمڕۆی تەلەڤزیۆنی رووداو لە رۆژی 2016/10/5 باسی لە نامەیەکی جەلال تاڵەبانی کرد، بۆ ئەوەی دوای خۆی کێ یەکێتی بەڕێوەببات.

شاڵاو عەلی عەسکەری، سەبارەت بەو نامەیە گوتی "دوای ئەوەی مام جەلال بۆ نەشتەرگەری ئەژنۆی چووە ئەڵمانیا، نامەیەک دەنووسێت، بۆ ئەوەی ئەگەر خوانەخواستە شتێکی لێهات، کێ یەکێتی بەڕێوەبەرێت تاوەکو کۆنگرە دەبەستین".

لەبارەی نێوەڕۆکی نامەکەی تاڵەبانی، شاڵاو عەلی عەسکەری گوتی "ناوەڕۆکەکەی ئاشکرا ناکەم، بەڵام یەکێتی بە چەند برادەرێک دەسپێرێت، زۆر لە برادەرانیش نامەکەیان بینیوە و خوێندوویانەتەوە".

ئابووری
ڕووداو
ژمارە (427) - دووشەممە 2016/10/10



## 90 هەزار تۆن تەماتە لە پێنجوێن بەرهەمهاتووە

**ڕووداو- پێنجوێن**

عەبدولڕەحمان عەلی، ئەندامی لیژنەی کشتوکاڵ لە پەرلەمانی کوردستان بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند، ئەمساڵ لە سنووری قەزای پێنجوێن نزیکەی 12 هەزار دۆنم زەوی کراوەتە تەماتە و گوتی "بەرهەمی ئەمساڵی جووتیارانی ناوچەکە نزیکەی 90 هەزار تۆن تەماتەیە و ئەوەش لەبەرئەوەی کەشوهەوای پێنجوێن بۆ بەرهەمهێنانی تەماتە لەبارە. ئەو 90 هەزارەش بڕێکی زۆرباشە و بەشی نیوەی زیاتری پێداویستییەکانی هەرێمی کوردستان دەکات". لە ماوەی ڕابردوودا جوتیارانی پێنجوین دژی هاوردەکردنی تەماتەی ئێرانی گردبوونەوەیەکیان سازکرد، بەو هۆیەش حکومەت گومرگی خستە سەر تەماتەی هاوردەکراوی زیادکرد.

### دەبووایە ئێستا کوردستان هەنار ڕەوانەی دەرەوە بکات

# 60%ی هەناری بازاڕەکانی کوردستان خۆماڵییە

ڕەوا عەبدوڵڵا
ڕووداو- هەولێر

بە پێچەوانەی زۆرلە بەرهەمە کشتوکاڵییەکانی کوردستان، کە ساڵ بە ساڵ لە پاشەکشەدان، بەرهەمی هەنار ڕووی لە زیابوونە. بەرپرسێکی وەزارەتی کشتوکاڵ دەڵێت خاکی کوردستان زۆر گونجاوە بۆ هەنار، ئەگەر پەرە بە چاندنی بدرێ، کوردستان دەتوانێت هەنار بنێرێتە دەرەوە.

بەپێی ئاماری وەزارەتی کشتوکاڵ، ساڵی 2010 بەرهەمی هەناری خۆماڵی 14 هەزار و 822 تۆن بووە، بەڵام ساڵی ڕابردوو بەرزبووەتەوە بۆ 24 هەزار و 852 تۆن.

بەپێی هەمان ئامار، ساڵی ڕابردوو 41 هەزار تۆن هەنار لە کوردستان بەکاربراوە کە 60%ی بەرهەمی خۆماڵی بووە. بەڵام بڕی بەرهەمی خۆماڵی هێشتا نەگەیشتووەتە ئەو بڕەی لە پلانی ستراتیژیی وەزارەتی کشتوکاڵدا دانرابوو کە دەبووایە لە ساڵی 2013دا بگاتە ئاستی خۆبژێوی.

حوسێن حەمەکەریم، بەڕێوەبەری گشتیی باخداری و دارستان و پاوان لە وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو دەڵێت، وەزارەتی کشتوکاڵ بەرهەمی هەناری وەک یەکێک لە بەرهەمە ستراتیژییەکانی میوە دیاری کردووە، هەر بۆیە پلانیان بۆ گەشەپێدانی هەبووە، بەڵام بەهۆی کەمیی ئەو بودجەیەی حکومەت بۆ کەرتی کشتوکاڵ دابینی دەکات، نەیانتوانیوە پلانەکانیان جێبەجێ بکەن و بەرهەمی هەنار تا ئاستی خۆژێنی زیادبکەن.

بە گوتەی ئەو بەرپرسەی وەزارەتی کشتوکاڵ، ئەو بڕە بەرهەمەی هەبووە بە هەوڵی جوتیاران بووە و دەڵێت "درەختی هەنار بەرگریی بۆ نەخۆشی باشە و پێویستی بەخزمەتی زۆر نییە، بۆیە جوتیاران گرنگی تایبەتیان بەچاندنی داوە، حکومەتیش بۆ پارێزگاری و بەبازاڕکردنی بەرهەمەکانیان لە وەرزی پێگەیشتن هاوردەکردنی هەناری قەدەغە کردووە، یان باجی خستووەتە سەر، ئەمەش وای کردووە ساڵ بەساڵ بەرهەمی هەنار زیاد بکات و ئێستا 60%ی ئەو هەنارەی لە بازاڕەکاندایە خۆماڵییە".

هەنار پێویستی بەخاکێکی تێکەڵ و کەشوهەوایەکی مام ناوەند هەیە، ئەو تایبەتمەندێتییەش لەزۆربەی ناوچەکانی هەرێمی کوردستاندا هەیە، بۆیە لە زۆر ناوچەی کوردستان هەنار دەچێنرێ.

حوسێن حەمەکەریم، پێیوایە ئەو هۆکارانەی وا دەکەن بەرهەمی هەنار نەگاتە ئاستی خۆبژێوی، بریتین لە نەبوونی باخی هەنار بە ڕووبەری فراوان، گرفتی بەبازاڕکردنی، کەمیی کۆگای هەڵگرتن، بەپیشەسازینەکردنی بەرهەمەکان و کەمیی هاوکاریی وەزارەتی کشتوکاڵ بۆ پێشخستنی بەرهەمەکە.

ناوبراو دەڵێت "ئەگەر ئەم گرفتانە چارەسەر بکرێن، هەرێمی کوردستان نەک پێویستی بە هاوردەکردنی هەنار نابێت، دەتوانێت هەناردەشی بکات".

ئازاد محەممەد، جوتیارێکی پێشکەوتووی پارێزگای هەڵەبجەیە و خاوەنی باخێکی 16 دۆنمی هەنارە لە نزیک سەیدسادق ، بەرهەمی ساڵانەی باخەکەی دەگاتە نزیکەی 90 تۆن، ئەو دەڵێت "ئێمەی گرفتی بەبازاڕکردنی بەرهەممان نەک کەمی بەرهەم".

هەرچەندە باخێکی زۆری هەنار لە کوردستان هەیە، بەڵام بە بڕشت نین و زۆرجاریش تووشی نەخۆشی دەبن. ئازاد محەممەد، لە ڕێگەی تاقیکردنەوە و پشتبەستن بە ئەزموونی خۆی توانیویەتی پەرە بە بەرهەمی باخەکەی بدات دەڵێت "گرفتی جوتیار لەوەدایە بەهۆی کرمی هەنار کوالێتی بەرهەمەکەیان باش نابێت، دوای لێکۆڵینەوەم بۆم دەرکەوت لەناوەڕاستی مانگی شوبات تاوەکو ناوەڕاستی مانگی ئادار، پەپولەیەکی بچووک دێت و لەنێو گوڵی هەنار گەرا دادەنێت جوتیاران بەرشاندن پەپولەکە لەنێو دەبەن بەڵام ناتوانن گەراکەی لەنێو ببەن، من دەرمانێکم دۆزیتەوە توانای لەناوبردنی گەرای پەپولەکە هەیە".

گرفتێکی دیکەی جوتیاران تەقینی هەنارەکانیانە، ئازاد دەڵێت "هۆکاری ئەم تەقینە نازانستیی ئاودانی هەنار، بۆیە دەبێت لە ناوەڕاستی مانگی ئابەوە ئاودانی هەنار کەمبکەنەوە".

هەروەها لە هەندێک ناوچەدا هەنار لایەکی دەسووتێ و ڕەق دەبێ. ئازاد محەممەد هۆکاری و چارەسەری ئەو گرفتەش دەزانێت و دەڵێت "گەورەترین هەڵەی جوتیاران هەڵپاچینی لقەکانی هەنار و هێشتنەوەی چەند لقێکە کە ئەمە وادەکات هەنارەکان ڕەش ببن و کەمترین بەر بگرن، بۆیە جگە لە تولەکانی ژێرەوە نابێت هیچ لقێکی هەنار هەڵبپاچرێ".

وەزارەتی کشتوکاڵ ، هیچ ڕووپێویەکی بۆ ڕووبەری باخ و ژمارەی دار و بڕی بەرهەمی ساڵانەی هەنار نییە، تاکە پێوەری وەزارەتی کشتوکاڵ بۆ هەڵکشان و داکشانی بەرهەمی هەنار، داتای کۆکراوەی گومرگەکانی سەوزەو میوەیە کە لەڕێگەی لیژنەکانی چاودێری نرخ، ڕۆژانە تۆماردەکرێ. بەپێی داتاکان بەرهەمی ساڵانەی باخەکانی هەنار لە پارێزگای هەولێر نزیکەی 8000 تۆنە.

لوقمان مستەفا، بەڕێوەبەر باخداری هەولێر، پێیوایە بەرهەمی ساڵانەی هەناری باخەکانی پارێزگای هەولێر لەوە زیاترە کە لەئاماری وەزارەتی کشتوکاڵ هاتووە .چونکە لە کاتی پێگەیشتن بەرهەم بەشێکی زۆری جوتیاران لە دەرەوەی گومرگەکان بەرهەمەکانیان دەفرۆشن، بەشێکیشی دەبەخشن.

بە مەبەستی پاراستن و پەرەپێدانی بەرهەمی هەنار وەزارەتی کشتوکاڵ لەماوەی ساڵانی 2009 تاوەکو 2011 بەبڕی زیاتر 196 ملیۆن دینار، پاڵپشتی چاندنی 232 دۆنم هەناری بۆ ژمارەیەک جوتیار کرد، کە 45 دۆنمی بەر پارێزگای هەولێر کەوت.

لوقمان مستەفا دەڵێت "ئامانجمان لەدروستکردنی ئەم باخە نموونەییانە ئاشناکردن و ڕاهێنانی جوتیاران بوو لەسەر شێوازی تازەی چاندن و خزمەتکردنی باخەکان تاوەکو بتوانین لە ڕێگەیانەوە بڕ و کوالێتی بەرهەکانیان پێشبخەین، لەم هەنگاوەشدا سەرکەوتووبووین ئێستا بەشێک لە جوتیاران پەیڕەوی سیستەمی نوێی چاندن دەکەن و بەرهەمیشیان باشە".



(فۆتۆ: فەرزین حەسەن)

### گرفتی هەنار لە کوردستان:

- کرمی هەنار کە بەرهەمەکەی دەگەنێ
- تەقینی هەنار بەهۆی نازانستیی ئاودان
- هەڵپاچینی هەنار کە بەرهەکەی ڕەق و ڕەش دەکات
- کەمیی کۆگای هەڵگرتن
- - نەدۆزینەوەی بازاڕێک لە کاتی پێگەیشتنی بەرهەم
- هاوردەکردنی هەناری وڵاتان بە قاچاخ
- نەبوونی کارگەی دروستکردنی سرکەی هەنار

### "هەناری کوردی لە بەریتانیا یەکەم بووە"

ئازاد محەممەد، جوتیارێکی پێشکەوتووی پارێزگای هەڵەبجەیە و خاوەنی باخێکی 16 دۆنمی هەنارە، کە ساڵانە 90 هەزار تۆن بەردەدات. ئەو جوتیارە دەڵێت "لە ساڵی 2007 بەشداریم لە پێشەنگایەکی هەنار لە بەریتانیا کرد، لەنێو 96 وڵاتدا هەنارەکانی من پلەی یەکەمیان بەدەستهێناوە". بۆیە پێیوایە هەناری کوردستان بەگشتی و هەڵەبجە بەتایبەتی لەڕووی کوالێتییەوە لە ئاستی باشترین هەنارەکانی جیهاندایە.

**بڕی هەناری بەکاربراوی خۆماڵی و هاوردە (بە تۆن) لە شەش ساڵی ڕابردوودا**

| هەناربەکاربراو | خۆماڵی | هاوردە | کۆی گشتی |
|---|---|---|---|
| 2010 | 14.822 | 22.328 | 37.150 |
| 2011 | 15.672 | 15.152 | 30.824 |
| 2012 | 18.534 | 15.913 | 34.447 |
| 2013 | 26.243 | 21.862 | 48.105 |
| 2014 | 21.418 | 16.317 | 37.735 |
| 2015 | 24.852 | 16.305 | 41.156 |

### پێنج جۆری بۆ جووتیاران دەستنیشان کردووە

# وەزارەتی کشتوکاڵ کواڵیتی نۆکی خۆماڵی بەرزدەکاتەوە



## بازرگانێک: نۆک بۆ فەلافل لە ڕووسیاوە دەهێنین

ڕەوا عەبدوڵڵا
ڕووداو- هەولێر

بەرپرسێکی وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو، دەڵێت بەهۆی بڵاوبوونەوەی نەخۆشی و پەیڕەوکردنی شێوازی کۆن لە چاندن و نەبوونی پلان بۆ گەشەپێدان و بەبازاڕکردنی، بەرهەمی نۆک لە هەرێمی کوردستان بە بەراورد بە پێنج ساڵ لەمەوبەر بەڕێژەی 65% کەمیکردووە.

بەپێی ئاماری وەزارەتی کشوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو، بەرهەمی نۆک ساڵ بە ساڵ لەپاشەکشە دایە، بەجۆرێک لەساڵی 2010دا بەرهەمی جووتیاران نزیکەی 18 هەزار و 600 تۆن نۆک بووە، بەڵام ساڵی ڕابردوو بۆ 6576 تۆن دابەزیوە، تێکرای بەرهەمی 5 ساڵی ڕابردووش لە 7000 تۆن تێنەپەڕیوە.

ئارۆز ئەحمەد، بەڕێوەبەری توێژینەوە لە وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو، هۆکاری کەمبوونەوەی بەرهەمی نۆک بۆ بڵاوبوونەوەی نەخۆشی دەگەڕێنێتەوە و دەڵێت "لەڕاپۆرتی بنکە کشتوکاڵییەکانی پارێزگاکان بۆمان دەرکەوتووە بەهۆی بڵاوبوونەوەی نەخۆشیی ئەسکۆکایتا و فیوزاریۆم، بڕشتی نۆک بە ڕێژەی 80% دابەزیوە، ئەمەش وایکردووە جووتیاران چاندنی نۆک فەرامۆش بکەن".

### نۆک لە ڕووسیاو مەکسیک هاوردەدەکرێ

جووتیار عومەر، خاوەنی کۆمپانیای نەورەس بۆ بازرگانی گشتی و هاوردەکردنی خۆراک کە مانگانە زیاتر لە 6 هەزار تۆن خۆراک لەتورکیاوە هاوردە دەکات دەڵێت "لە هەرێمی کوردستاندا خواستێکی زۆر لەسەر نۆک هەیە".

جووتیار عومەر، ئاماژەی بەوەدا بەهۆی کەمی بەرهەمی خۆماڵییەوە، لە چەند وڵاتێک نۆک هاوردە دەکات و گوتی "نۆکی ورد لەڕوسیا هاوردە دەکەین کە خواردنگەکان زۆرتر بۆ دروستکردنی فلافل بەکاریدێنن، نۆکی درشتیش لە مەکسیک و هندستان هاوردە دەکەین".

ئەو بازرگانە پێشتر بۆ کڕینی بەشێک لە بەرهەمەکانی، پشتی بە بەرهەمی خۆماڵی دەبەست، بەڵام ئێستا هەموو بەرهەمەکانی لە دەرەوە هاوردە دەکات و دەڵێت "پێشتر نۆکی ناوچەی بەردەڕەش و ئاکرێ و هەریرم دەکڕی کە زۆر لە مەکسیکی و هێندی باشتر بوو، بەڵام چەند ساڵێکە بەرهەمی ناوخۆ زۆر کەمبووە، بۆیە نۆکی ڕووسی و هیندی و مەکسیکی هاوردە دەکەین".

### کواڵیتی نۆکی خۆماڵی بەرز دەکرێتەوە

وەزارەتی کشتوکاڵ لەڕێگەی ڕێکخراوی ICARDA کە ڕێکخراوێکی نێودەوڵەتییە بۆ بەرهەمهێنانی تۆوی سەوزە و میوە، نزیکەی 100 جۆر تۆوی نۆکی بەدەستهێناوە، دوای چەند ساڵێک توێژینەوە لەڕێگەی هەردوو بەڕێوەبەرایەتی توێژینەوەی کشتوکاڵی هەولێر و سلێمانی توانیان 5 جۆر نۆکی گونجاو لەگەڵ کەشوهەوای کوردستان هەڵبژێرن کە بڕشتیان دوو بەرامبەر بەرهەمی نۆکی خۆماڵییە و بەرگریشیان بۆ نەخۆشی زۆرە.

لەکۆی ئەم پێنج جۆر نۆکەی لە توێژینەوەکان پەسندکراون، سێ جۆریان لە کشتوکاڵی سلێمانی توێژینەوەیان لەسەرکراوە.

زانا محەممەد، بەڕێوەبەری توێژینەوەی کشتوکاڵی پارێزگای سلێمانی بە (ڕووداو)ی گوت "لەو سێ جۆر نۆکەی پەسندمان کردن، سێ جووتیارمان هەڵبژارد و هەر جووتیارێک پێنج کیلۆ نۆکمان لەو سێ جۆرە پێدان بۆ چاندن، نزیکەی 150 کیلۆ بەرهەمیان هەبوو. ئەمساڵ بەنیازین ئەو 150 کیلۆیە بدەینە 16 جووتیاری دیکە بیچێنن، بۆ ئەوەی بڕێکی زۆر بنەتۆمان دەستبکەوێ و بەسەر جووتیاراندا بڵاولا بکەینەوە".

ئارۆز ئەحمەد، بەڕێوەبەری توێژینەوە لە وەزارەتی کشتوکاڵ ئاماژەی بە تایبەتمەندی ئەو پێنج جۆرە نۆکە کرد کە پەسەندیان کردووە و گوتی "بڕشتیان دوو بەرامبەری بڕشتی نۆکی خۆماڵییە. باڵایان بەرزە و دەتواندرێت بە دەراسە دروێنە بکرێت".

د.ئەنوەر عومەر، بەڕێوەبەری گشتی پلان و بەدواداچوون لە وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو دەڵێت لەچوارچێوەی چاکسازییەکانی حکومەت بۆ بوژانەوەی کەرتی کشتوکاڵ و گەشەپێدانی هەندێ لە بەرهەمە کشتوکاڵییەکان تا ئاستی پڕکردنەوەی پێداویستی ناوخۆ، لەپلانیاندایە لەڕێگەی دابینکردنی بنەتۆی باش و کۆنترۆڵی نەخۆشییەکان و بەبازاڕکردنی بەرهەمەکانیان، هاوکاری جووتیاران بکەن تاوەکو جارێکی دیکە ڕوو لە چاندنی نۆک بکەنەوە.

### 56 هەزار تۆن نۆک دەخورێ

بەپێی داتاکانی وەزارەتی کشتوکاڵ، هەرێمی کوردستان ساڵانە پێویستی بە 56 هەزار و 140 تۆن نۆکە هەیە. ئەگەر هەر تاکێک ساڵانە 10 کیلۆگرام نۆک بخوات. بەڵام تێکرای بەرهەمی ساڵانەی جووتیاران لە حەوت هەزار تۆن نۆک تێپەر ناکات. بۆیە بەرهەمی خۆماڵی بەشی تەنیا 12%ی پێویستیی ناوخۆ دەکات و 88%ی ئەو نۆکەی لە نێوخۆدا بەکاردێت، هاوردەکراوە.

### پلانەکە سەری نەگرت

بەپێی پلانی پێنج ساڵەی ستراتیژیی وەزارەتی کشتوکاڵ کە لەساڵی 2013 کۆتایی هات، دەبووایە بەرهەمی ساڵانەی نۆک بۆ 50 هەزار تۆن زیادی کردبا. بەڵام بەپێچەوانەوە بەڕێژەیەکی بەرچاو کەمی کردووە.

د.ئەنوەر عومەر، بەڕێوەبەری گشتیی پلان و بەدواداچوون لە وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو، دەڵێت "بەهۆی کەمی بودجە لە پلانەکە زیاتر گرنگیمان بەگەشەپێدانی گەنم و گۆشتی مریشک و شیرەمەنییەکان دا، بۆیە نەمانتوانی هیچ بودجەیەک بۆ پەرەپێدانی نۆک تەرخان بکەین".

# دیلۆیت.. دەروازەیەک بەرەو شەفافیەت لە کوردستان



عومەر ئەحمەد

گرێبەستی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەگەڵ گەورەترین کۆمپانیای ژمێریاری و چاودێریی دارایی جیهان، دیلۆیت، یەکێکە لە گرنگترین رووداوەکانی ساڵی 2016، بەتایبەتی لەو رووەوە کە هەر لە کاتی دەستپێکردنی چالاکییە نەوتییەکان لە هەرێمی کوردستاندا بەهەر هۆکارێک بێت، قسە و باسی زۆر لەسەر شەفافبوون و چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ داهاتی نەوت و گاز کراوە.

دەستپێکردنی هاوکارییەکانی دیلۆیت لەگەڵ حکومەتی هەرێمی کوردستان لە کاتێکدایە کە لە زیاتر لە 150 وڵاتی جیهاندا، حکومەت و کۆمپانیاکان بەمەبەستی دەستەبەرکردنی شەفافیەت لە داهات و خەرجییەکانیاندا، وەک لایەنێکی سەربەخۆی جێی متمانە و باوەڕپێکراوی خاوەن نێوبانگی نێودەوڵەتی، پشت بە خزمەتگوزارییەکانی دیلۆیت دەبەستن.

شێوازی کارکردنی دیلۆیت و کۆمپانیاکانی دیکەی وەکو دیلۆیت کە چوار کۆمپانیای گەورەن و بە "چوار گەورەکە" ناسراون ، بەپێی دەیان ستانداردی نێودەوڵەتییە کە هیچ حکومەت و لایەنێک ناتوانێت کاریگەری لەسەر کارەکانی و ئەنجامی راپۆرتەکانی دروست بکات. هەر لەبەر ئەوەشە ئامادەیی دیلۆیت لە هەرێمی کوردستان و کارکردنی لەگەڵ کەرتی نەوت لە هەرێمی کوردستان هێمایەکە بۆ ئەوەی خەریکە دەلاقەیەک دەکرێتەوە بۆ شەفافکردنی داهاتی گشتی لە هەرێمی کوردستاندا کە بەزۆری لە داهاتی نەوت پێکهاتووە. هاتنی دیلۆیت هەروەها دەتوانێت پێگەی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەرووی شەفافیەتەوە لە ئاستی نێودەوڵەتیدا بەرز بکاتەوە.


گرنگیی گرێبەستەکەی نێوان حکومەتی هەرێمی کوردستان و کۆمپانیای دیلۆیت لەوەدایە بەپێی گرێبەستەکە وردبینییەکانی کۆمپانیاکە، سەرجەم پرۆسەکانی نەوت و گاز لە هەرێمی کوردستان دەگرێتەوە، هەر لە بەرهەمهێنان و هەناردەکردن و فرۆشتنی نەوتەوە، چ لە رێگەی بۆریی نەوتی کوردستانەوە بێت یان لە بازاڕی نێوخۆ، تا پاڵاوگەکان و بەرهەمە نەوتی و گازییەکان و سەرجەم ئەو برە پارانەی لە کۆمپانیاکانی نەوت لەبەر رۆشنایی یاسای نەوت و گازی هەرێمی کوردستان و شایستە داراییەکانی کۆمپانیاکانی نەوت لە هەرێمی کوردستان وەرگیراون. بە واتایەکی دیکە، کارەکانی ئەو کۆمپانیایە هەموو لایەنەکانی کەرتی نەوت و گاز لە هەرێمی کوردستان دەگرێتەوە. لەبەر ئەوەی حکومەتی هەرێمی کوردستان بڕیاری داوە هاووڵاتیان لە راپۆرتەکانی دیلۆیت ئاگاداربکاتەوە، ئەوە وەک دەرگایەکی گەورەیە کە حکومەت بەڕووی هاووڵاتیاندا دەیکاتەوە.

بەناوبانگترین پێناسەی شەفافیەت ساڵی 1996 لەلایەن "جۆن کرەیگ" و "جۆرج کۆپتیک" دوو ئابووریناسی ناوداری جیهانی پێشەکش کرا. ئەو دوو ئابووریناسە شەفافیەت بە کردنەوەی دەلاقەی گەورە بەڕووی خەڵک ناودەبەن بۆ ئەوەی ئاگاداربن لە بنەماکان و ئەرکەکانی حکومەت، ئامانج و سیاسەتە داراییەکان، زانیاری لەسەر ژمارە بانکییە گشتیەکان. هەروەها شەفافیەت پێناسە دەکەن بە دەستگەیشتن بە زانیاریی پشتڕاست و ورد و لەکاتی خۆی نە تەنیا لە کەرتی گشتی، بەڵکو لە کەرتی تایبەتیش.

هەر بۆیە گرێبەستەکەی نێوان حکومەتی هەرێمی کوردستان و کۆمپانیای دیلۆیت وەک کردنەوەی دەلاقەیەکە لەلایەن حکومەتەوە بەڕووی خەڵکدا بۆ ئەوەی ئاگاداربن لە داهاتەکان و چۆنیەتی خەرجکردنی سامانی گشتی، هەر چۆن لە پێناسەکردنی دەستەواژەی شەفافیەتدا هاتووە.

دیلۆیت جگە لەوەی وردبینی بۆ هەزاران بانک و کۆمپانیای گشتیی گەورە دەکات، لەگەڵ حکومەتەکانیش هاوکارییەکانی بەرفراوانی هەیە. لە کارە گرنگەکانی کۆمپانیای دیلۆیت لەگەڵ حکومەتی وڵاتان، ئەو هاوکارییە بەرفراوان و زەبەلاحەیە کە لەگەڵ حکومەتی هیندستان دەیکات، بە چەشنێک کە زۆربەی کاری چاودێرییە داراییەکانی وەزارەت و دامودەزگاکانی ئەو وڵاتە ئەنجام دەدات.

یەکێکی دیکە لە خزمەتگوزارییەکانی دیلۆیت، خزمەتگوزاریی دژە گەندەڵی و دژە بەرتیلە. ئەگەر داوای لێبکرێت، کۆمپانیای دیلۆیت دەتوانێت لەرێی کارە راوێژکارییەکانییەوە لێکۆڵینەوەی ورد لە کەیسەکانی گەندەڵی دارایی بکات. ئەگەر حکومەتی هەرێمی کوردستان لە داهاتوودا هاوکارییەکانی لەگەڵ کۆمپانیای ناوبراو پەرە پێبدات بۆ بوارەکانی دیکەی وەک گرێبەستە گشتییەکان یان لێکۆڵینەوە لە خەرجی و داهاتی وەزارەتەکان، دەتوانێت لە داهاتوودا لە بواری بودجەدانان و چاودێریکردنی جێبەجێکردنی بودجە خزمەتی گەورە بە رێکخستنەوەی چواچێوەی دارایی هەرێمی کوردستان و پەرەپێدانی شەفافیەتی دارایی لە هەرێمی کوردستان بکات.



## یاسای زێڕین

میشل کۆمدێسۆی، سەرۆکی پێشووی سندووقی نێودەوڵەتیی دراو لە ساڵی 1999 لە وتارێکدا " شەفافیەت"ی بە "یاسای زێڕین"ی هەموو ئابوورییەکانی جیهان ناوزەد کرد. ناوبراو دەڵێت شەفافیەت بەردی بناغەی سیستمی نوێی دارایی نیشتمانی و نێودەوڵەتییە. بەپێی نوێترین راپۆرتەکانیش ئەو وڵاتانەی کە لەڕووی داراییەوە خاوەن دیسیپلینێکی بەهێزن، ئەوانەن کە لە بواری شەفافیەتی دارایی باشتر کاریان کردووە.

## بڕیارەکەی ئۆپێک قوربانیی دەوێ

# سعودیە هەتا کوێ لەگەڵ ئۆپێک هاودەنگ دەبێ؟

رووداو - هەولێر

محەممەد بن سەلمان، وەلی وەلیعەهدی سعودیە، بە ئەرکێکی قورس وەزیری وزەی وڵاتەکەی رەوانەی کۆبوونەوە نافەرمییەکەی 28ی ئەیلولی ئەمساڵ کرد کە ئەندامانی رێکخراوی وڵاتانی هەناردەکاری نەوت (ئۆپێک)ی لە پەراوێزی کۆڕبەندی نێودەوڵەتیی وزە لە جەزائیر کۆکردەوە. جێبەجێکردنی فەرمانەکەی بن سەلمان ئاسان نەبوو، لەبەر ئەوەی وەزیری نەوت دەبوایە لە لایەکەوە رێککەوتنێک لەگەڵ ئێرانییەکان بکات، لەلایەکی دیکەش ئاگای لە پشکەکانی سعودیە بێت لە بازاڕەکانی نەوتدا.

ئەو هەنگاوەی بن سەلمان جۆرێک لە دابڕانیشە لەو سیاسەتەی ریاز بۆ ماوەی زیاتر لە دوو ساڵە پەیڕەوی دەکات، واتە "بەرهەمهێنان هەتا دوایین ئاستی توانای وڵات و هەناردەکردن هەتا دوا ئاستی داواکاریی بازاڕ". لە ماوی یەک ساڵی رابردوودا سعودیە هەموو ئەو داواکارییانەی پشتگوێ خستبوو کە لەلایەن وڵاتە هەژارەکانی ئۆپێکەوە بۆ دابەزاندنی ئاستی هەناردەکردنی نەوت کرابوون.

بەپێی کۆدەنگییەکەی جەزائیر، ئۆپێک ئاستی بەرهەمهێنانی خۆی بە رێژەی 1% بۆ 2% دادەبەزێنێ. ئەوە یەکەمجاریش بوو لە ماوەی هەشت ساڵی رابردوودا ئۆپێک بڕیارێکی لەم چەشنە بدات. ئەم هەنگاوەی ئۆپێک جارێکی دیکە نرخەکانی نەوتی بەرزکردەوە. نرخی نەوتی ئەمریکی بۆ یەکەمجار لە ماوەی چوار مانگی رابردوودا ئاستی 50 دۆلاری تێپەڕاند، هەروەها نرخەکانی نەوت لە نێوان رۆژی کۆبوونەوەکە هەتا رۆژی هەینی 7ی تشرینی یەکەم، بەرێژەی 13% بەرزبووەتەوە.

هەڵبەت دابەزینی ئاستی نەوتی کۆگاکانی ئەمریکا هۆکارێکی دیکەی هەڵکشانی بەهای نەوتە. بەگوێرەی راگەیەنراوی فەرمانگەی کارگێڕیی زانیارییەکانی وزەی ئەمریکا، لە هەفتەی کۆتایی مانگی پێشوو نەوتی خاوی نێو کۆگاکانی ئەمریکا بە بری سێ ملیۆن بەرمیل دابەزیوە، ئەوەش پێنجەم هەفتەی لەسەر یەک بوو کە ئاستی نەوتی کۆگاکان دادەبەزی و ئاماژەیەکیشە بۆ ئەوەی خەریکە لە نێوان خستنەڕوو و داواکاری هاوسەنگییەک دروستدەبێت.

بەڵام شۆکە گەورەکە بۆ چاودێرانی بازاڕی نەوت بڕیارەکەی 28ی مانگی پێشوو بوو، لە کاتێکدا ماوەی دوو ساڵ ئۆپێک لە حاڵەتی دوو دڵیدا مابووەوە. رازیبوونی سعودیە بە دابەزاندنی ئاستی بەرهەمهێنان ئەو پرسیارەی دروستکردووە ئاخۆ ریاز بە سیاسەتی نەوتی خۆیدا چووەتەوە، هەروەها سعودیە هەتا کوێ ئامادەیە پابەند بێت بە جێبەجێکردنی بڕیارەکە.

سەرچاوەکانی نزیک لە کاربەدەستانی کەرتی وزەی سعودیە ئاماژەیان بەوەداوە کە شازادە بن سەلمان بڕیاری گۆڕانێکی گەورەی لە ستراتیژی بەرهەمهێنانی نەوتی سعودیە نەداوە، واتە ئەگەرچی چاوەڕێ دەکرێ قورسایی بڕیارەکەی ئۆپێک لەسەر سعودیە بێت و لە کۆتایی ئەمساڵدا نزیک 400 بۆ 500 هەزار بەرمیل نەوت لە بەرهەمهێنانی ئەم وڵاتە کەم بکرێتەوە، بەڵام بە هەرحاڵ سعودیە بەر لە کۆبوونەوەکەی ئۆپێکیش بە نیاز بووە ئاستی بەرهەمهێنانی نەوتی وڵاتەکەی کەم بکاتەوە.

سەرچاوەکان هەروەها ئاشکرایان کردووە کە خالید ئەلفالیح، وەزیری وزەی سعودیە، بە نیازبووە ئاستی دەرهێنانی نەوتی سعودیە لە سەقفی پێوانییەکەی هاوینی ئەمساڵەوە بەرەو ئاستێکی سەقامگیرتر دابەزێنێ، واتە ئاستی بەرهەمهێنانی وەرزی بەهاری ئەمساڵ.

بەرپرسێکی وەزارەتی وزەی سعودیە بە رۆژنامەی وۆڵ ستریت جورناڵی ئەمریکی راگەیاندووە بڕیارەکەی ئۆپێک بە مانای گۆڕان لە سیاسەتی نەوتی سعودیە نایەت. شانشین هەتا ئێستاش توانای ئەوەی هەیە داواکاری کڕیارەکانی نەوت دەستەبەر بکات و پشکەکانی خۆی لە بازاڕ لەدەست نەدات.

هەرچەندە سعودییەکان دەیانەوێ وەهای پیشان بدەن دانیشتنەکەی جەزائیر کاریگەرییەکی ئەوتۆی لەسەر پیشەسازیی نەوتی ئەم وڵاتە دانانێت، بەڵام شارەزایانی بازاڕی نەوت دەڵێن بەپێی ئەو بڕیارە سعودیەکان دەبێ قوربانییە گەورەکە بدەن، کۆمەڵێک هۆکاریش کاریگەرییان لەسەر رێژەی قوربانیدانەکەی سعودیە دەبێ، لەوانەش سەقامگیری وڵاتانێکی وەکوو لیبیا و نایجیریا.

ئۆلیڤەر ژاکوب، بەڕێوبەری کۆمپانیای راوێژکاری وزەی پێترۆمەتریکس، بە ئاژانسی بلومبێرگی راگەیاندووە ئەگەر بڕیارەکەی ئۆپێک لیبیا و نایجیریا نەگرێتەوە، بەڵام بەم حاڵەشەوە هەردوو وڵاتەکە کێشە نێوخۆییەکانیان بەردەوام بێت، ئەمە ئاسانکارییەک دەبێ بۆ سعودیە بۆ ئەوەی بەڵێنەکانی خۆی بەرێتەسەر. بەڵام ئەگەر ئەم دوو وڵاتە لە بازاڕەکانی نەوتدا چالاک بن، ئەوە ئەرکی ریاز قورستر دەبێ. پێشتر نایجیریا و لیبیا ئاماژەیان بەوە دابوو کە بڕیارەکەی ئۆپێک بۆ دابەزاندنی ئاستی بەرهەمهێنانی نەوت ئەوان ناگرێتەوە، بڕیاریشە هەتا کۆتایی ئەمساڵ بەهەردوو وڵاتەکەوە رۆژانە یەک ملیۆن بەرمیل ئاستی بەرهەمهێنانی ئۆپێک بەرزبکەنەوە.

بەپێی کۆدەنگییەکەی جەزائیر، ئۆپێک دەبێ ئاستی بەرهەمهێنانی خۆی لە 33.24 (پێوەری مانگی ئاب) بۆ 32.5 ملیۆن بەرمیل لە رۆژێکدا دابەزێنێ.

کێشەی سەرەکیش لە کۆدەنگییەکەی 28ی مانگی پێشوودا ئەوەیە ئەگەر لیبیا و نایجیریا یەک ملیۆن بەرمیلی دیکەیان خستە سەر ئاستی بەرهەمهێنانی رۆژانەی نەوتی ئۆپێک، هەروەها ئێرانیش 400 هەزار بەرمیلی دیکەی بۆ ئەو برە زیادکرد، چ رێوشوێنێک دەگیرێتەوەبەر بۆ ئەوەی ئاستی بەرهەمهێنانی نەوتی ئۆپێک لە 32.5 یان 33 ملیۆن بەرمیل رابگیرێت، ئەمە جگە لەوەی هەتا ئێستا دیار نییە رووسیا چ جۆرە رێککەوتنێک لەگەڵ ئۆپێکدا دەکات و بە چ مەرجێک لە کەمکردنەوەی بەرهەمهێناندا بەشداری دەکات.

وەکوو نەرتێکی هەمیشەیی، هەرکاتێک ئۆپێک بڕیاری کەمکردنەوەی دەرهێنانی نەوتی دەرکردبێت، سعودیە پشکی شێری لە دابەزاندنەکە بەرکەوتووە. نیگەرانی چاودێرانی بازاڕی نەوت ئەوەیە ئاخۆ ئەمجارەش سعودیە ئەم بەرپرسیارێتییە دەخاتە سەر شانی خۆی، لە کاتێکدا ئەمە کاریگەرییەکی بەرچاو لەسەر پشکەکانی سعودیە لە بازاڕەکانی نەوتدا دادەنێ.

بەگوێرەی داتاکان، ئاستی بەرهەمهێنانی نەوتی ئۆپێک لە سەرەتای تشرینی یەکەمەوە بۆ 33.75 ملیۆن بەرمیل لە رۆژێکدا بەرزبووەتەوە، کە ئارامی رەوشی نایجیریا و لیبیا رۆڵی سەرەکییان تێیدا بینیوە. بەم پێیەش ئەگەر ئۆپێک لەسەر دابەزاندنی ئاستی بەرهەمهێنان بۆ 32.5 ملیۆن بەرمیل سوور بێت، ئەوە دەبێ 1.25 ملیۆن بەرمیل لە بەرهەمی رۆژانەی رێکخراوەکە کەم بکاتەوە. لەم حاڵەتەشدا دەبێ پێداچوونەوە بۆ کۆدەنگییەکەی جەزائیردا بکرێ و پشکی هەرکام لە وڵاتەکان لە کەمکردنەوەکە سەر لەنوێ هەموار بکرێتەوە.




## پێشبینی بۆ کۆبوونەوەی داهاتووی ئۆپێک

ئێی مۆرس، سەرۆکی گرووپی بازرگانیی سیتی گروپ، پێشبینی دەکات ئۆپێک لە کۆبوونەوە فەرمییەکەی 30 تشرینی دووەمی ئەمساڵ کە لە ڤیەننا دەکرێت، لەسەر کەمکردنەوەی ئاستی دەرکێشانی نەوت بە بری 800 هەزار بەرمیل لە رۆژێکدا رێکبکەوێ، پشکی سعودیەش لەم دابەزاندنە خۆی لە 500 هەزار بەرمیل دەدات لە رۆژێکدا.

ئامانجی سەرەکی تورکە داعشەکان لێدانی کوردە

# کورد بەشێکی گەورەی تۆڕەکانی داعش لە تورکیا پێکدێنن

رووداو- Atlantic Council

پەرەسەندنی داعش، راستەوخۆ پەیوەندی بە سەرکەوتنەکانی ئەو رێکخراوەوە لە سووریا و عێراق هەبوو، بەڵام تۆڕەکانی ئەم گرووپە لەسەر سنوور کە بۆ گواستنەوەی چەکدار و تەقەمەنی بەکارهێنراوە، لەسەر بناغەیەکی کۆنتر دامەزراوە کە چەند دەیەیەکە رێکخراوەکانی وەکوو قاعیدە لە شارە جیاجیاکانی تورکیا دروستیان کردووە.

لە سەرەتای جەنگی نێوخۆی سووریادا، تورکەکان دەچوونە هەر کام لە رێکخراوەکانی بەرەی نوسرە (بەرەی فەتح ئەلشامی ئێستا) و ئەحرار ئەلشام. بەڵام لەگەڵ راگەیاندنی خەلافەت لەلایەن داعشەوە، تورکەکانیش ئاراستەی خۆیان بەرەو ئەو گرووپە گۆڕی. لە زۆربەی حاڵەتەکاندا تورکە بە تەمەن و میانساڵەکان دەچوونە نێو رێکخراوەکانی سەر بە قاعیدە، بەڵام ئەوانەی گەنجتر بوون روویان لە داعش دەکرد.

ئەم لێکۆڵینەوەیە لەسەر بنەمای کۆمەڵێک لێکۆڵینەوەی کەیسەکان کراوە کە تێیاندا تۆڕی وەرگرتنی چەکدار لەلایەن داعش، رۆڵی تورکەکان لەم پرۆسەیەدا و رێخۆشکەربوونی ژینگەی سیاسیی تورکیا بۆ ئەم پرۆسەیە، روونکراوەتەوە. بە گوێرەی زۆربەی سەرچاوەکان ئەوانەی رۆڵی سەرەکییان لە راکێشانی گەنجەکان بۆ لای داعش و قاعیدە هەیە، هەمان ئەو کەسانەن کە پەیوەندییان بە جیهادییەکانی ئەفغانستانەوە هەبووە.

## دابڕانی نوسرە و داعش

بەپێی ئەو بەڵگانەی سەبارەت بە چۆنێتی گواستنەوەی چەکدارە توندڕەوەکان هەیە، پاش جیابوونەوەی نوسرە لە دەوڵەتی ئیسلامیی عێراق، تۆڕێکی گەورەی نوسرە کە چەکدار، یارمەتی دارایی و تەقەمەنییان بۆ ئەم گرووپە کۆدەکردەوە، بەیعەتیان بە داعش دا.

بەگوێرەی زانیارییەکانی ئەکادیمیای سەربازیی ئەمریکا (ناسراو بە وێست پۆینت) تەنیا لە نێوان سەرەتای 2013 تا کۆتایی 2014 زیاتر لە 4600 چەکداری داعش ئاودیوی سووریا بوون کە 96%یان لە رێگەی شەش شاری سنووریی سووریاوە ئاودیو بوون: یایلاداغی، ئاتما، ئیعزاز، ئەلراعی، جەرابلوس و گرێسپی. بۆ زۆربەی چەکدارە بیانییەکان ئیستەنبوڵ خاڵی یەکەمی هاتنە نێو تورکیایە، پاشان لە رێگەی دەستوپەیوەندەکانی داعشەوە بۆ دوو شاری شانلیئورفا و غازی عەنتاپ لە تورکیا دەگوازرێنەوە، لەوێشەوە بەرەو کلیس، ئەلبەیلی و ئاکچەقەڵا بەرێ دەکەون.

زۆربەی زانیارییەکان ئاماژە بەوە دەکەن کە داعش لە نێو سەلەفییەکانی تورکیادا شانەی دروستکردووە، هەندێک لە ئەندامانی ئەو شانانە چوونەتە سووریا و دواتر گەڕاونەتەوە و باسی ئەزموونی خۆیان لە نێو "خەلافەت" و رێکخراوە توندڕەوەکانی دیکەی سووریا کردووە، بۆ ئەوەی چەکداری دی راکێشن. ئەمە لە درێژخایەندا کێشەی گەورە بۆ دەزگا ئەمنییەکانی تورکیا دروستدەکات، لەبەر ئەوەی ساڵانێکە ئەم شانانە چالاکن و ئەندام کۆدەکەنەوە.

## داعش چۆن چەکدار کۆدەکاتەوە؟

بە گوێرەی داتاکان، داعش شێوازی جۆراوجۆری کۆکردنەوەی چەکدار بەکاردەهێنێ، بەڵام کاریگەرترینیان شێوازی رووبەڕووە، کە تێیدا ئەندامانی داعش لە نێو کۆمەڵگە، گەڕەک یان شوێنی کاری خۆیاندا لەسەر کۆمەڵێک کەسی دیاریکراو کاردەکەن. بۆ بەهێزکردنی ئەم هەوڵانەش داعش لە رێگەی دەزگاکانی پڕوپاگەندەی خۆی ئەو هەست و سۆزە دەقۆزێتەوە کە لە تورکیا بۆ دامەزرانی دەوڵەتی ئیسلامی هەیە.

**ئەم هەوڵە پڕوپاگەندەییە لە سێ قۆناغدا خۆی دەبینییەوە:**

**یەکەم:** ئەو چەکدارانەی چوون بۆ سووریا، لەسەر فەیسبووکەکانیان پۆست لە بارەی ئەزموونی خۆیان لە سووریا بڵاودەکەنەوە.

**دووەم:** لە دوای جودابوونەوەی نوسرە لە داعش، ژمارەیەک لە ماڵپەڕە تورکی زمانە سەلەفییەکان دەستیان بە بڵاوکردنەوەی گوتار بۆ لایەنگری داعش کرد.

**سێیەم:** لە حوزەیرانی 2015ەوە، دارولخیلافە (لقێک لە تۆڕی میدیای ئەلحەیاتی داعش) بە شێوەیەکی فەرمی دەستی بە بڵاوکردنەوەی گۆڤاری قوستەنتینییە کرد. گۆڤارەکە هەر لە ساڵی پارەوە هەڵوێستێکی توندی بەرامبەر بە حکومەتی تورکیا وەرگرتووە، بە تایبەتیش دوای ئەوەی گرێسپی کەوتە دەست هێزەکانی یەپەگە. لە چاپەکانی کانوونی دووەم و نیسانی ئەمساڵدا زمانێکی زبرتر بەرامبەر بە حکومەتی تورکیا بەکارهێنراوە. لە هەردوو ژمارەکانی ئەو رۆژنامەیەدا سوپای تورکیای بە دامەزراوەیەکی "بێ دین" ناوبردووە کە ئەندامەکانی "کافر"ن. ئەم دوو ژمارەیەی رۆژنامەی قونستەنتینییە هاوکات بوون لەگەڵ بەرزبوونەوەی ژمارەی هێرشەکانی داعش بۆ سەر بنکە سەربازییەکانی تورکیا لە عێراق و ناوچەکانی نزیک کارکامش.

## حاڵەتەکانی راکێشان و کۆکردنەوەی چەکدار

پێدەچێ داعش و نوسرە لە چوار شاری ئیستەنبوڵ، ئادیامان، قۆنیا و ئیزمیر لە چوارچێوەی ستراتیژێکی هاوشێوەدا چەکدار و لایەنگری نوێیان راکێشابێ. لە هەموو حاڵەتەکاندا ئەوەی چەکدارەکان رادەکێشێت خۆی خەڵکی کۆمەڵگە، گەڕەک یان شوێنەکەیە و لە نێو دانیشتوانی ئەو شوێنەدا لایەنگر بۆ داعش دەدۆزێتەوە، یان کەسێک یەکێک لە ئەندامانی خێزانەکەی خۆی بەو کەسە دەناسێنێ کە ئەندام کۆدەکاتەوە. بە لایەنی کەم دوو کەس هەبوون کە لە دەرەوەی کۆمەڵگەی سەلەفییەکانی تورکیا بوون و دواتریش بوون بە ئەندامی داعش: ئەم دوو کەسەش ساڤاش یڵدز و مەسعود یونای بوون.

لە 2013 مەسعود یونای نامەیەکی بۆ خێزانەکەی خۆی نارد و ئاگاداری کردنەوە کە بەنیازە بچێتە نێو داعش لە سووریا. یونای، بە رەچەڵەک کوردە و لە ناوچەی گوینگویرەنی ئیستەنبوڵەوە بەرەو سووریا چووە. ئەو لەگەڵ دوو کەسی دیکە خەریکی کاری نەخشی سەر دیوار بوون و هەر لەوێش لەگەڵ کەسێکی دیکە بەناوی محەممەد حەنیفی ئۆروج ئاشنا بوون. بەگوێرەی راپۆرتەکان ئۆروج وای کردووە یونای بتوانێت پەیوەندی بە فەرماندەیەکی داعش لە حەلەب بە ناوی کورسات بکات. دواتریش پەیوەندییەکانی نێوان یونای و کورسات لە رێگەی فەیسبووکەوە بووە و هەر لەم رێگەیەشەوە قەناعەتی پێهێناوە برواتە غازی عەنتاپ و لەوێوە ئاودیوی سووریا بێت. لە ماوەی پەیوەندییە فەیسبووکییەکاندا یونای ریشی وەکوو هی سەلەفییەکان لێکردبوو، دۆخی میانڕەوانەی مزگەوتەکانی تورکیای رەتدەکردەوە، ئامادە نەبووە لای ئافرەتان دانیشێ و گازندەی لە ژمارەی زۆری جگەرەکێشەکان هەبووە.

نموونەیەکی دیکەی هاوشێوەی مەسعود یونای، کوردێکی دیکەی نیشتەجێی گوینگویرەن بووە بە ناوی حوسێن پەری. پەری بە رەچەڵەک خەڵکی ئادیامانە و لە ساڵی 2014ەوە بەشداری لە وانەکانی رێکخراوی ئاینی (هیسادەر) کردبوو. حوسێن پەریش وەکوو مەسعود یونای لە ماوەی وانەکاندا وردە وردە سیماکانی سەلەفیبوونی لێ دەرکەوتووە. لەو ئەندامانەی داعش کە پەری زیاترین پەیوەندی لەگەڵیدا هەبووە کەسێک بووە بە ناوی ئوسامە. ئوسامە پێشنیاری بۆ پەری کردبوو دەقە توندڕەوەکانی ئیخوان موسلمین بخوێنێتەوە، بە تایبەتیش ئەوانەی بە ناوی بڵاوکردنەوەی ئەجێندای ئیسلامیی سەلەفی شەرعییەتیان بە بەکارهێنانی توندوتیژی دەدا. حوسێن پەری لە ئەیلولی 2014ەوە بوو بە ئەندامی داعش، لە تشرینی دووەمی هەمان ساڵدا چووە سووریا و لەوێ چووە نێو هێزێک کە کوردێکی خەڵکی قۆنیا بە ناوی ئەبو عوسمان ئەلکوردی و عەبدولسەلامی برای فەرماندەییان دەکرد.

کەسی سێیەم ئیلیاس ئایدنە کە وەکوو دوو نموونەکەی دیکە نیشتەجێی گوینگویرەن و بە رەچەڵەکیش خەڵکی قۆنیا بوو. ئایدن زوو زوو سەردانی مزگەوتی گەڕەکەکەی خۆیانی کردووە، بۆ ئەوەی لەوێ چەکدار بۆ داعش بدۆزێتەوە. پاش دروستکردنی پەیوەندیش لەگەڵ کەسەکە، وردە وردە دانیشتنی لەگەڵ ئەندامەکانی دیکە بۆ رێکدەخستن.

ئایدن حکومەتی ئێستای تورکیای بە "دارولحەرب" و سیاسەتمەدارەکانی تورکیای بە "کافر" ناوبردووە. ئایدن لە ساڵی 2011 لە لایەن پۆلیسی تورکیاوە دەستگیرکرا و دواتریش ئازادکرا. کاری سەرەکیشی بریتی بووە لە کۆکردنەوەی ئەندام و لایەنگر بۆ داعش و گواستنەوەیان بۆ نێو سووریا.

## تورکیا لەبەر پەکەکە ئاگای لە داعشە کوردەکان نەماوە

## ئادیامان.. شوێنی دارشتنی پلانی هێرشەکان

لە ئادیامان (سەمسوور) لە باکووری کوردستان، شانەیەکی گەورەی داعش هەیە، لەو 10 هێرشەی داعش لە نێو تورکیا، هەشتیان پەیوەندی راستەوخۆیان بە شانەکەی ئادیامانەوە هەیە. ئەم شانەیە 31 ئەندامی سەرەکی هەبووە، کە خەڵکی تورکیا و ئەڵمانیا بوون. مستەفا دۆکماچی سەرکردەی چالاکییەکان و ئەحمەد کۆرکماز، سەرکردەی ئایدیۆلۆژی گرووپەکەن.

بە گوێرەی راپۆرتەکان کۆرکماز چەکدار و خۆکوژی بۆ داعش پەیداکردووە و ماوەیەکیش لە سووریا یان لەسەر سنوورەکانی نێوان تورکیا و سووریا خەریکی کاری مرۆیی بووە. هەر لەو سنوورانەش لە گەنجەکان نزیک بووەتەوە و پاش ماوەیەک بردوونی بۆ ماڵەکەی خۆی، هەروەها ماوەیەکیش لە چایخانەیەک لە ئادیامان دایناون، کە خاوەنی چایخانەکە یونس ئالاگوز و براکەی عەبدولڕەحمان ئالاگوز، دواتر خۆیان تەقاندەوە. یونس لە تەمووزی پارساڵ لە پرسوس خۆی تەقاندەوە و دوو مانگ دواتریش براکەی لەگەڵ کەسێکی سووریی نەناسراو هێرشیان کردە سەر وێستگەی شەمەندەفەری ئەنقەرە.

بەر لە 2013ەش زۆربەی ئەندامانی داعشی ئەم شارە روویان لە حەلەب کردووە. یەکێک لە ئەندامانی ئەم گرووپە ساڵی 2013 و لەگەڵ دامەزراوەی هاوکارییە مرۆییەکان چووە بۆ حەلەب. زۆربەی هاوکارییە مرۆییەکانی تورکیا بۆ سووریا لە رێگەی ئەم دامەزراوەیەوە دەنێردرێ.

بەگوێرەی راپۆرتەکان کۆرکماز لە ئازاری 2015 چووەتە سووریا. لەو کاتەشەوە کەسێکی دیکە بە ناوی ئیبراهیم بالی ئیدارەی هێرشەکانی داعش لە تورکیا دەکات، کە زۆرینەیان پەیوەندییان بە شانەکەی شاری ئادیامانەوە هەیە.

## کتێبخانەکەی قۆنیا

بەگوێرەی دانپێدانانی ساڤاس یڵدز، کە یەپەگە دەستگیری کردووە، بەرپرسی شانەی داعش لە قونیە کەسێکە بە ناوی مستەفا گونەش، کە مێژوویەکی دوورودرێژی کردەوەی توندڕەوانە لە تورکیای هەیە. گونەش پێشتر پەیوەندی بە محەممەد کاپلانەوە هەبووە کە ئەویش لایەنگری لە دامەزراندنی دەوڵەتێکی ئیسلامی کردووە و لە 1997یش ئوسامە بن لادن، سەرکردەی پێشووی قاعیدەی بینیوە، بەڵام لەرووی میتۆدییەوە لەگەڵ داعش ناکۆک بووە. گونەش لەساڵی 2008 پەیوەندییەکانی بە کاپلانەوە پچڕاند و لە سوڵتانبەیلی لە ئیستەمبوڵ شانەیەکی دامەزراند. هەمان ساڵ پۆلیسی تورکیا ژمارەیەک لە ئەندامانی ئەو شانەیەی دەستگیرکرد و بە گوێرەی راپۆرتەکان گونەش بەرەو میسر رایکرد، بەڵام لە 2014 گەڕایەوە تورکیا.

بەمەبەستی راکێشانی ئەندام بۆ داعش، گونەش بەشداری پرسەی زۆربەی ئەو هاووڵاتییە تورکانەی دەکرد کە لە جەنگی دژی حکومەتی سووریادا کوژرابوون، لە هەندێک حاڵەتیشدا ماڵ بە ماڵ گەڕاوە و باسی "جیهاد"ی بۆ خەڵکی قۆنیا کردووە. ئەگەر کەسێکیش بڕوای بە قسەکانی هێنابا، یەکسەر دەیبردە کتێبخانەیەک، کە تێیدا لەبارەی ئیسلامەوە گفتوگۆ دەکرا.

## شانەکەی ئیزمیر

لە ئیزمیر، مورات بایساڵ (ساری مورات) بەرپرسی کۆکردنەوەی ئەندام بۆ داعش بووە. وەکوو هەموو کەیسەکانی دیکە، لە ئیزمیریش بۆ ماوەی چوار مانگ لەگەڵ کەسەکاندا باسی ئایینی دەکرا و دواتریش رەوانەی سووریا دەکران. بایساڵ پەیوەندی بە جەماعەتەکانی دیکەشەوە هەبووە کە لە یەکێکیاندا ساڤاس یڵدزی دۆزیوەتەوە و رایکێشاوە.

یڵدز، کە بە رەچەڵەک کورد و خەڵکی وان بووە، لە ئەدەنەوە بەرەو ئیزمیر و لەوێشەوە بەرەو سووریا بەڕێکەوتووە، دوای ئەمەش پەیوەندی لەگەڵ ئیلهام بالی دروستکردووە.

یڵدزیش وەکوو یونای هیچ پێشینەیەکی سەلەفیگەری نەبووە، بەڵام ئاوەڵزاواکەی بە کۆمەڵێک سەلەفی ناساندووە، یەکێک لەوانیش ئەیوب هوجا بووە کە پێشتر لە ئەفغانستان چەکدار بووە.

یڵدز بەهۆی کزبوونی کار لە ئەدەنە رووی لە ئیزمیر کردبوو، بەڵام پاش تەنیا شەش مانگ یڵدز و خاڵی هاوژینەکەی لە رێگەی گازیعەنتەپ و کلیسەوە چوونە سووریا، پاش ماوەیەکی کورتیش گەڕایەوە تورکیا بۆ ئەوەی هاوژین و منداڵەکانی لەگەڵ خۆی ببات.

لە سووریا، یەکەمجار یڵدزیان بردووەتە شارۆچکەی سولوک لە نزیک گرێسپی، لەوێ لەگەڵ گرووپێک چەکداری تورک دایانناوە کە ناویان فورسە ئەلخەلیفە تابورلاری بووە. کەسێک بەناوی عەبدولحەمید، بەرپرسی گرووپەکە بووە، ئەبوو تەڵحە چاودێری مەشقە سەربازییەکان و ئەبوو نووریش چاودێری مەشقە جەستەییەکانی کردووە.

## داعش و ململانێی نێوان کورد و حکومەت

لە گونگۆرەن و ئادیامان پاش راکێشانی دانیشتووە کوردەکان، دەیاننێرن بۆ جەنگ لە دژی شەڕڤانانی یەکینەکانی پاراستنی گەل (یەپەگە). ژمارەیەکی زۆر لە بەڵگەکان ئەوە پشتڕاست دەکەنەوە کە ئەندامە تورکەکانی داعش کار لەسەر زۆرکردنی گرژییەکانی نێوان تورک و کورد دەکەن. ئەو فایل و دوکۆمێنتانەی لە یونس دورماز گیراون ئاشکرای دەکەن کە ئەو داعشانەی لە تورکیا هاتوون چوار ئامانجی سەرەکییان بۆ هێرشەکانی خۆیان داناوە، کە بریتین لە کورد، عەلەوییەکان، ناوەند و دامەزراوە نێودەوڵەتییەکان و دامەزراوە ئەمنییەکانی تورکیا. زۆربەی هێرشەکانی داعش لە نێو تورکیا بۆ سەر ئامانجە کوردییەکان بووە (رێپێوان، زەماوەند، کەمپەین و هتد)، بەڵام لە ماوەی چەند مانگی رابردوودا داعش ژمارەیەک هێرشی بۆ سەر ناوەندە پەیوەندیدارەکان بە ئابووری و بازرگانی و گەشتیاریی تورکیا دەستپێکردووە.

هێرشەکانی داعش لە ماوەی زیاتر لە یەک ساڵی رابردوودا ئەوە دەردەخەن کە داعش دوو ئامانجی ستراتیژی لە هێرشەکان هەیە، بۆ دەستەبەرکردنی هەرکام لە ئامانجەکانیش گروپێکی تایبەتی داناوە: ئامانجی یەکەمیان تێکدانی زۆرتری پەیوەندییەکانی کورد و تورکە لەسەر ئاستی سیاسی و کۆمەڵایەتی، ئامانجی دووەمیشیان لاوازکردنی ئابووری تورکیا و لەکەدارکردنی ئەو متمانەیەی خەڵک بە حکومەتی تورکیای هەیە.

## حکومەتی تورکیا و سەر ئێشەی داعش

لەساڵی 2013ەوە هەتا ئاداری 2015 داعش و گرووپە توندڕەوەکان ئازادانە لە تورکیا ئەندامیان رادەکێشا، بەڵام لە ئاداری ساڵی پارەوە تورکیا هێرشێکی بەربڵاوی بۆ سەر شانەکانی ئەم گرووپە دەستپێکردووە. ئەمەش وایکردووە ئەندامەکانی داعش لە تورکیا روو لە چالاکی ژێرزەمینی و شاراوە بکەن، لەم حاڵەتەشدا پێشبینی و مەزندەکردنی هێرش و بەرنامەکانی ئەم گرووپە کارێکی سەختترە.

کێشەیەکی دیکە کە چەکدار و لایەنگرانی داعش دەشێ لە درێژخایەندا بۆ تورکیا دروستی بکەن، پەیوەندی بە ژمارەی زۆری بەندکراوەکانی داعش لە زیندانەکانی تورکیا هەیە، لەم حاڵەتەدا مەترسی ئەوە هەیە بەندکراوەکان بە میتۆدی دەرەوە لە نێو زیندانەکانیشدا خەڵک بۆ لای بیری توندئاژۆیی رابکێشن. زۆربەی ئەو لێکۆڵینەوانەی لەسەر تۆڕەکانی داعش کراون، بایەخیان بە لایەن و گرووپە کوردییە سەلەفییەکانی ناوچە کوردییەکان نەداوە، کە پشتگیری لە بیرۆکەی دەوڵەتێکی ئیسلامی لەسەر بنەما ئایدیۆلۆژییەکانی سەلەفییەت دەکەن. فۆکەسی دەزگا ئەمنییەکانی تورکیا لەسەر پەکەکە، رێگەی خۆشکردووە بۆ ئەوەی گرووپە توندئاژۆکان ئاسانتر ئەندام کۆبکەنەوە و بناغەی ململانێ و پێکدادانێکی نوێ لە ناوچە کوردییەکان لە نێوان سەلەفییەکان و لایەنگرانی پەکەکە دابڕێژن.




لە 10 هێرشی داعش لە نێو تورکیا، هەشتیان پەیوەندی راستەوخۆیان بە شانەکەی داعش لە ئادیامانەوە هەیە

## سوید کۆچبەرانی ئەفغانی دیپۆرت دەکاتەوە

**ڕووداو– ستۆکهۆڵم**

ڕۆژی 2016/10/6 حکومەتی سوێد و ئەفغانستان لەبارەی پرسی کۆچبەرانی ئەفغانی ڕێککەوتنێکیان واژۆکرد. بەپێی ڕێککەوتنەکە بە هەزاران پەنابەری ئەفغانی کە داوای مافی پەنابەرییەکەیان لە سوید ڕەتکراوەتەوە دەبێ سوید بەجێبهێڵن، ئەگەر نا بەناچاری سوید دەریان دەکات. وەزیری داد و کۆچ مۆرگان یۆهانسۆن بە بەشی هەواڵەکانی ڕادیۆی سوید ئێکۆتی ڕاگەیاندووە کە ئەو ڕێککەوتنامەی سوید لەگەڵ ئەفغانستان واژۆی کردووە تایبەتە بەوەی کە ئەفغانستان هاووڵاتیانی خۆی وەرگرێتەوە. بەپێی ئامارەکانی دەزگای کۆچی سوێد لە دوو ساڵی ڕابردوودا زیاتر لە 42 هەزار کۆچبەری ئەفغانی داوا مافی پەنابەریان لەسوید کردووە.



## تەنیا لە ستۆکهۆڵم و یۆتۆبۆری 35 ڕێکخراو و ناوەندی کوردی داخراون

# ڕێکخراوە کوردییەکان لە سوێد ڕوو لە ئاوابوونن

**ڕووداو – ستۆکهۆڵم**

ڕێکخراوە کوردییەکانی ئەوروپا و بە تایبەتی ئەوانەی سوێد، ڕوو لە کزی دەکەن و بەشێکیان ئۆفیسەکانیان دادەخەن و چالاکییەکانیان دەوەستێنن. چالاکڤانێکی کورد دەڵێت "پارەیان لە کوردستانەوە بۆ نایەت، بۆیە کارەکانیان ڕادەگرن".

بەشێک لەو ڕێکخراوە کوردییانە ناوی دیارن و پێشتر خاوەن کاریگەریی بوون. وەکو کتێبخانەی کوردی لە سوێد و فیدراسیۆنی ڕێکخراوەکان لە فینلاند، بەڵام بەپێی لێدوانی چالاکڤانێک "بەشێک لەوانەی ڕاوەستاون لە گەندەڵییەوە تێوەگلابوون و ببوونە ناوەندی بەسەربردنی کات و بەشێوەی نایاسایی پارەیان لە کوردستان وەردەگرت".

ڕێباز جەلال، چالاکڤانە و پێشتر لە یەکێک لەو ڕێکخراوانە کاری کردووە، بە (ڕووداو)ی گوت "زۆربەیان مووچەیان هەبوو، لەوانە بوون کە پێیاندەگوترێت بندیوار. بۆ نموونە کادری نێو ڕێکخراوەکان هەبوو وەک خۆبەخش سەردانی دامەزراوە سوێدییەکانی دەکرد، لە کاتێکدا مووچەکەی لە کوردستان نزیکەی دوو ملیۆن دینار بووە".

بەپێی زانیارییەکانی (ڕووداو)، تەنیا لە شاری ستۆکهۆڵم 24 ڕێکخراو و سەنتەری کوردی داخراون، هەروەها لە شاری یۆتۆبۆریش کە دووەم گەورەترین شاری سوێدە و زۆرترین پەنابەری کوردی لێیە و زۆربەیان خەڵکی باشووری کوردستانن، 11 ڕێکخراو و سەنتەر کارەکانیان وەستاندووە.

زۆر لە کادرانی باڵا و بەرپرسانی ئەو ناوەندانە، وەستانی کارەکانیان دەبەستنەوە بە سەرقاڵی و کاری دیکەی ڕۆژانەوە. هەندێک لەوان دان بەو ڕاستییەدا دەنێن کە قەیرانی داراییان هەیە.

حەمید باوەنوور، بەرپرسی پێشووی کۆمەڵەی کولتووریی کوردی بە (ڕووداو)ی گوت "قەیرانی دارایی کوردستان کاریگەریی خۆی هەیە، بەڵام تەمەڵیی ئێمەمان هۆکاری سەرەکییە".



چالاکییەکی کولتووری یەکێک لە ڕێکخراوە کوردییەکان لە ستۆکهۆڵمی پایتەختی سوێد

گوتیشی "بەداخەوە کەس زۆر کاریگەری لەسەر دامەزراوە هەیە، نەمانی من لەو شوێنە کۆتایی بە کۆمەڵەکەمان هێنا، ئەگەرنا لە سوێد پارەیەکی زۆر هەیە".

باوەنوور خەمساردیی کەسانی دوای خۆی بە هۆکاری سەرەکیی داخستنی ڕێکخراوەکەیان دەزانێ "ئامادە نەبوون خۆیان ماندوو بکەن و بچن پارە پەیدا بکەن کە ئەوەش ڕێکاری خۆی هەیە و زیرەکیی دەوێت".

کۆمۆن و پارێزگا و بەشێک لە وەزارەتەکان لە سوێد لەسەر بنەمای کار و پرۆژە پارە بە ڕێکخراوەکان دەبەخشن، بەڵام وەکو باوەنوور گوتی "ئەوە زیرەکیی دەوێت و هەندێک کورد کەمتر ئەو زیرەکی و ئامادەییەیان هەیە، لەو ئاستەدا نین، بتوانن پارە لە حکومەتی سوێد وەربگرن. پارەی بێ بەرنامەی کوردستانیش تەمەڵی کردبوون".

ڕزگار شێخانی، نووسەر و وەرگێڕ دەڵێت: "بابەتی ڕێکخراوەیی و کولتووری، هاوکاریی حکومەتی دەوێت و دەبوو حکومەتی هەرێمی کوردستان نەهێڵێت کاری ئەو دامەزراوانە بوەستێ. دەبووایە ستراتیژی خۆی هەبێ بۆ کوردی تاراوگە و ڕێکخراو و ناوەندە کولتوورییە کوردییەکان، هاوشێوەی تورکیا و سعودیە و ئێران".

پێشتر کتێبخانەی کوردی کە گەورەترین ناوەندی کولتووری و ڕۆشنبیریی کوردی سوێدە، لە سیمینارێکدا ڕایگەیاند "ئەگەر فریامان نەکەون و کۆمەکمان نەکەن ناچارین دایبخەین".

سستبوونی کاری ئەو ڕێکخراوانە زۆرتر بەهۆی بڕینی بودجەیانە لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە.

سەربەست مەنمی، بەرپرسی ڕێکخراوی لاوانی باشوور لە ستۆکهۆڵم بە (ڕووداو)ی گوت: "پارەیەکی کەممان لە وەزارەتی ڕۆشنبیری لە هەرێمی کوردستان وەردەگرت، تەنیا بۆ ئۆفیس بوو، کارەکانی دیکە خۆبەخشانە بوون. بەڵام نەمانی ئەو پارەیە کاریگەریی خۆی هەبوو".

نوێنەرایەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ستۆکهۆڵم بەشێکی تایبەت بەو بوارانەی نییە، پاشکۆی ڕۆشنبیری و کولتووریی باڵیۆزخانەی عێراقیش بە بیانووی نەبوونی کات، لێدوانیان بۆ (ڕووداو) نەدا. بەڵام بەپێی زانیارییەکان جگە لە چالاکییە کولتوورییە عەرەبییەکانی پاشکۆی باڵیۆزخانە، پاڵپشتیی چەند ڕێکخراوێکی نزیک لە چەند حیزبێکی عەرەبی و کوردی سوێدیان کردووە.

ڕێباز جەلال کە لە باشووری کوردستان لەدایک بووە و لە سوێد گەورە بووە، نەیشاردەوە بەشێک لە کادری ڕێکخراوەکەیان، مووچەیەکی دیاریکراویان لە کوردستانەوە بۆ چووە.

ئەو لە سەنتەرێکی کولتووری بووە و گوتی "دوو لەو کەسانەی موتەفەریغ بوون بۆ کارەکانی ڕێکخراو، بە پلەی سەربازیی باڵا لە کوردستان خانەنشین بوون. ئەو دوو کەسە زۆر گەنجیش بوون، بەڵام بەهۆی نەهاتن و دواکەوتنی پارەکەیان، کاری ڕێکخراوەکەیان سست کرد، ئیدی منیش جێمهێشت".

هەندێک لە حیزبەکانی باشووری کوردستان لە ئۆفیسی ڕێکخراوە کوردییەکانی سوێد کارەکانیان دەکرد. بەشێکی زۆر لە پارتەکانیش ڕێکخراوی نزیک لەخۆیان هەبوو کە لەلایەن حکومەتی سوێدەوە پارەی ئۆفیسیان وەردەگرت و کاری ناوەندەکانی خۆشیان لە ڕێگەی حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە بەڕێوەدەبرد.

### چالاکڤانێکی کورد:

### ڕێکخراوە کوردییەکان لەو ئاستەدا نین حکومەتی سوێد پارەیان بداتێ

### 480 ملیۆن دیناریان بۆ دەچوو

بەپێی ئەو زانیاریانەی دەست (ڕووداو) کەوتوون، مانگانە تەنیا لە ڕێگەی هەردوو وەزارەتی دارایی و ڕۆشنبیری حکومەتی هەرێمی کوردستان، هەروەها بەڕێوەبەرایەتی پێشووی ڕێکخراوەکان لە سلێمانی، زیاتر لە 480 ملیۆن دینار بۆ ئەو ڕێکخراو و ناوەندە کوردیانە دەچوو کە لە ئەوروپان، بەڵام ئێستا ئەو پارەیەیان بۆ ناچێت. بۆیە زۆربەیان ناچاربوون ئۆفیسەکانیان دابخەن.

ڕێباز جەلال بە (ڕووداو)ی گوت "ژمارەی ئەو کەس و ڕێکخراوانەی ئەو پارەیەی حکومەتی هەرێمی کوردستانیان وەردەگرت و باجیان لێ دەدایە سوێد، لە پەنجەکانی دەست تێپەڕی نەدەکرد".

## ژمارەی قاچاخچیانی کورد زیادیان کردووە

# 19 کورد بە تۆمەتی قاچاخچێتی لە سوێد بەندکراون

### قاچاخچییەکی کورد:

### ئێمە زۆر لە ئەفغانی و ڕۆمانی و یۆنانییەکان باشترین

**ڕووداو– ستۆکهۆڵم**

نیزامەددین ساڵح، برا و برازاکەی لە نزیک پردی نێوان مالمۆ و دانیمارک هەڵگرت بۆ ئەوەی بەرەو ستۆکهۆڵمیان ببات، بەڵام زۆری نەبرد کەوتە نێو مەفرەزەیەکی پۆلیسەوە و دەستگیر کرا. نیزامەددین خۆی وا نیشان دەدات کە قاچاخچی نییە و ئەو تەنیا چاکەیەکی لەگەڵ برا و برازاکەی کردووە، بەڵام لە ڕێگەی کامێراکانەوە دەرکەوت کە پێشتریش کەسی دیکەی بردووە و هێناوە و بلیتی کەشتیشی بۆ کڕیون.

نیزامەددین دەڵێت "وەک قاچاخچییەک مامەڵەم لەگەڵ کرا کە گوایە بە پارە خەڵک دەهێنم و دەبەم، بەڵام من تەنیا هاوکاریی ئەو خەڵکەم کردووە، ئەوان کەسی لێقەوماو بوون". بەڵام بەپێی یاساکانی سوێد، ئەو جۆرە هاوکارییەی نیزامەددین باسی دەکات کاری نایاساییە و دەچێتە خانەی قاچاخچێتی و بازرگانیکردن بە مرۆڤەوە.

بەپێی زانیارییەکانی پۆلیسی سوێد، کاری قاچاخچێتی بە کۆچبەران زیادی کردووە و تەنیا ئەمساڵ 363 کەس بە تۆمەتی قاچاخچێتی دەستگیرکراون کە 19 لەو قاچاخچییانە کوردن.

بەشێک لەوانەی دەستگیرکراون خۆیان وەک کەسانی بێ تاوان دەناسێنن، بەشێکی دیکەش نکۆڵی ناکەن لەوەی کە قاچاخچین، بەڵام وەک کەسانی مرۆڤدۆست خۆیان دەناسێنن لەکاتێکدا بەشێک لە کۆچبەران گلەیی لە مامەڵەی قاچاخچیانی کورد دەکەن.

### چێشتخانەیان بەکارهێناوە

هاوشێوەی نیزامەددین، دوو کورد لە چێشتخانەیەکی کوردی لە باشووری سوێد و نزیک لە شاری مالمۆ، بەهۆی ئەوەی ژمارەیەکی زۆر کۆچبەر لە چێشتخانەکەیاندا بوون، دەستگیرکراون.

هاوڕێ ئەنوەر کە لەگەڵ هاوبەشەکەی چێشتخانەی نەورۆز بەڕێوەدەبەن، بە (ڕووداو)ی گوت "هاوکاریی کۆمەڵە گەنجێکی کۆچبەرمان کرد کە برسییان بوو، پارەیان پێ نەبوو، کەچی پۆلیس دەستگیری کردین". گوتیشی "زانیم ئەوەی ئێمە دەیکەین کارێکی باش نییە، چونکە ئەوانە کۆچبەری نایاسایین، بەڵام هاوکاریی ئەوانم پێش بەرژەوەندییەکانم خست".

ئەگەرچی ئەوان ئێستا لە زینداندا نەماون، بەڵام کێشەیەکی زۆریان بۆ دروست کرا و هێشتا لێپرسینەوە لەگەڵیان کۆتایی نەهاتووە.

بەپێی یاساکانی سوێد، هەر کەسێک لە شوێنی کارەکەی کۆچبەری نایاسایی بحەوێنێتەوە، بە ملیۆنێک کرۆن و شەش مانگ بەندکردن سزا دەدرێت.

### بەدڵسافی خۆیان تێدەکەون

پارێزەر ئازاد ڕەحیمی کە دانیشتووی شاری مالمۆیە بە (ڕووداو)ی گوت "دڵسافی و نەزانیی زۆر لە بیانییەکانی ئەم وڵاتە، تووشی زۆر کێشەیان دەکات".

ڕەحیمی ئامۆژگاریی پەنابەرانی کورد دەکات کە هەموو کاتێک هاوکاریی کۆچبەران نەکەن "جۆرێک لە هاوکاری هەیە کێشە بۆ خۆت و کۆچبەرەکەش دروست دەکات، بۆیە دەبێت بە وریایی مامەڵە لەگەڵ یارمەتیدانی کۆچبەران بکەی. بەڵام پۆلیس جیاوازی لە نێوان ئەوانە دەکات کە تێدەکەون و ئەوانەی بەڕاستی قاچاخچین، زۆربەی ئەوانەی ئێستا لە زیندانەکاندا ماون، بەڕاستی قاچاخچین".

بابەتەکە تەنیا لە هەڵە و پەنادانی کۆچبەراندا کۆتایی نەهاتووە. بە گوتەی ئەو پارێزەرە "چەند کەیسێک هەیە کە سزاکەیان چەند جارێک قورستر دەبێت، لەوانەش داڵدەدانی ژمارەیەک کۆچبەر کە هێشتا خۆیان تەسلیم نەکردووە و لە بارەگای ڕێکخراوێکی کوردی مابوونەوە. گوتیشی "هەموو ئەوانەی ئاگاداری ئەم کارە بوون، گیراون و سزاکەشیان ڕەنگە لە سزای قاچاخچییەکی ئاسایی زیاتر بێت".

### داستانەکان دووبارە دەبنەوە

لوقمان گەرمیانی کە خۆی خاوەنی هیچ پەڕێکی فەرمیی مانەوە نەبووە، زیاتر لە هەزار و 500 کەسی دەربازی سوێد و فینلاند کردووە. ئەو لە نێو گرتووخانەی ماشتاوە هاوشێوەی داستانە کۆنەکانی قاچاخچییەکان، خۆی بە شای قاچاخچییەکان دەناسێنێ.

گەرمیانی لە کونجی زیندانەوە بە (ڕووداو)ی گوت "لە پێناو مرۆڤایەتی ئەوەم کردووە، نەک بۆ پارە پەیداکردن". ئەمە گوتەی زۆربەی ئەو قاچاخچیانەیە کە دەستگیر دەکرێن. بەڵام هەمیشەش زۆرینەیان بە قۆڵبڕین و مامەڵەی ناشیرین و پارەخواردن و کاری نامرۆیی تۆمەتبار دەکرێن.

لوقمان بەرگری لە قاچاخچیانی کورد دەکات و دەڵێت "بە بەراورد لەگەڵ ئەفغانی و ڕۆمانی و یۆنانییەکان، قاچاخچیانی کورد زۆر باشتر بوون، کەمترین پارەیان وەرگرتووە و خەڵکیشیان ئازار نەداوە".

شەماڵ کەرکووکی دوو هەفتە دەبێت ئازاد کراوە، بەڵام دەبێت 25 هەزار دۆلار (150 هەزار کرۆن) بداتە دەوڵەتی سوێد. ئەو دەڵێت "ئەو سزایە قبوڵ ناکەم و پارێزەرم گرتووە".

تۆمەتی شەماڵ ئەوەیە کە بە ئۆتۆمبێلەکەی خۆی چووەتە ئۆسلۆ و لەوسەر کۆچبەرێکی لەگەڵ خۆی هێناوە، بەڵام لە زاری خۆیەوە چیرۆکەکە بەجۆرێکی دیکەیە "بە سەردان چووم و لەوێ کەسێکی نزیکی خۆمم بینی و زانیم تێکەوتووە، بۆ ئەوەی تووشی هەڵە نەبێت، لەگەڵ خۆم هێنامە سوێد، بەڵام بەرلەوەی تەسلیمی بکەم، دەستگیرکرام".

شەماڵ پێیوایە کاری نایاسایی نەکردووە، بەڵکو کارێکی مرۆیی کردووە کە یارمەتی کۆچبەرێکی داوە، بەڵام پارێزەرە کوردەکەی سوێد دەڵێت "کارەکەی شەماڵ نایاساییە و سزای لەسەرە".



### داهاتیان 500 ملیۆن دۆلار بووە

بەپێی ڕاپۆرتێکی فەرماندەی ئۆپەراسیۆنە نێوخۆییەکانی ئەوروپا (noa)، داهاتی کەمتر لە ساڵێکی قاچاخچێتی لە سنووری نێوان وڵاتانی ئەوروپا، نیو ملیار دۆلاری تێپەڕاندووە. هەر بەپێی هەمان ڕاپۆرت زۆرترین ڕێژەی بە قاچاخبردنی کۆچبەرانیش لەسەر ئاستی وڵاتانی ئەوروپا، لە ماوەی شەش مانگی ڕابردوودا، بۆ سوێد، نەرویج و فینلاند بووە.



## دکتۆر بە 15 هەزار دۆلار تەواوی کرد

**پشتیوان جەمال / رووداو- سلێمانی**

وا بڕیارە سەرەتای ساڵی داهاتوو، گۆرانیبێژ دکتۆر ڕەوا جەمال عەبدول نوێترین ئەلبوومی بڵاوبکاتەوە کە تێچووەکەی 15 هەزار دۆلار بووە. ڕەوا جەمال بە (رووداو)ی ڕاگەیاند، ئەلبوومەکەی لە 10 تراک پێکهاتووە، تاوەکو ئێستا شەش بەرهەمیان تەواوبوون و چواریشیان میوزیک و دەنگیان ماوە. پێشبینیش دەکات لە مانگی کانوونی یەکەمی ساڵی داهاتوودا بڵاوی بکاتەوە. سەبارەت بە تێچووی ئەلبوومەکەشی، گوتی "نزیکەی 15 هەزار دۆلاری تێدەچێت و هەمووشی لە ئەستۆی خۆمە، بەڵام هەوڵ دەدەم سپۆنسەری بۆ پەیدا بکەم". د.ڕەوا کلیپی بۆ یەکێک لە گۆرانییەکانی ئەلبوومەکەی بەنێوی (بۆ کوێ بڕۆم) کردووە و بەنیازە کلیپێکی دیکەش بۆ گۆرانی (وا مەزانە) بکات.

### گۆرانیبێژ هێرش هەورامی بۆ (رووداو):

# ناسر ڕەزازی و مەرزییە داوایان کردبوو گۆرانی هەوار بڵێنەوە



نزیکەی حەوت ساڵە ئەلبوومێکی ئامادەیە، بەڵام بەهۆی نەبوونی سپۆنسەرەوە ناتوانێت بڵاوی بکاتەوە. ئەوە تەنیا حاڵی گۆرانیبێژ هێرش هەورامی نییە، بەڵکو زۆر لە هونەرمەندان و گۆرانیبێژان بەهۆی نەبوونی سپۆنسەرەوە بەرهەمەکانیان تۆزی لەسەر دەنیشێت.
هێرش سابیر، ناسراو بە هێرش هەورامی ساڵی 1982 لە شاری هەڵەبجەی شەهید لەدایک بووە، بەڵام بنەچەی دایکی و باوکی دەگەڕێتەوە بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان. کەسوکاری هێرش هەورامی لەلایەن ڕژێمی پێشووی بەعسەوە ڕاگوێزراون بۆ شاری ڕومادی، نزیکەی حەوت ساڵ لەوێ ژیاون. دوای ڕاپەڕین گەڕاونەتەوە شاری هەڵەبجە و پاشان بۆ سلێمانی. لە ساڵی 1998یشەوە لە نەرویج نیشتەجێن.
هێرش هەورامی 14 ساڵ لەمەوبەر یەکەمین ئەلبوومی خۆی بەنێوی "هەوار" بڵاوکردەوە، بەڵام دوای ئەو ئەلبوومە هیچ بەرهەمێکی نەبووە. هەورامی لەم هەڤپەیڤینەدا لەگەڵ (رووداو) باسی هۆکاری بێدەنگییەکەی دەکات.
هەڤپەیڤین: پشتیوان جەمال
رووداو- سلێمانی

**رووداو: ژیانی منداڵیت هەر ئاوارەیی و دەربەدەری بووە، ئەوە چ کاریگەرییەکی لەسەر تۆ هەبووە؟**

**هێرش هەورامی:** ژیانی منداڵیم بەهۆی ئەو ڕاگواستن و هاتوچۆ زۆرەوە تاڕادەیەک ناخۆش بوو، بەڵام هەر ئێمە وا نەبووین، زۆر خێزانی دیکەی کوردیش وەکو ئێمە بەو قۆناغەدا ڕۆیشتوون.

**رووداو: ئێوە دوای ئەو هەموو ئاوارەیی و دەربەدەرییە، چوونە نەرویج، لەوێ چۆن دەرفەتت بۆ دروست بوو ببیتە گۆرانیبێژ؟**

**هێرش هەورامی:** خۆم حەزم لە گۆرانیگوتن بوو. ساڵی 1998 دوای وەرگرتنی ڕەزامەندیی باوکم، لەڕێگەی یەکێتی لاوانەوە هاتمە نێو بواری هونەرەوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا کاریگەری خێزانەکەمم لەسەر بوو، چونکە دایکم و باوکیشم گۆرانییان گوتووە.

**رووداو: گۆرانی هەوار دەنگدانەوەیەکی زۆری هەبوو، بەڕای تۆ هۆکارەکەی چی بوو؟**

**هێرش هەورامی:** ڕاستییەکەی لەساڵی 2000ەوە سەرقاڵی ئەو ئەلبوومە بووم، هەموو کەسیش دەڵێن ئەلبوومەکە لەلایەک و ئەو گۆرانییە لەلایەکی دیکە. تێکستی گۆرانییەکە فۆلکلۆرە، بەڵام سەرکۆپلەکەی و میلۆدییەکەی لەلایەن هونەرمەندی کۆچکردوو مامۆستا سەباح هەورامییەوە دانراوە و سەرەتاش ئەو گوتوویەتی، دوای وەرگرتنی ڕەزامەندیی ئەو، منیش بە مۆزیکێکی نوێ گوتمەوە. دەنگدانەوەکەشی پەیوەندی بە چەند هۆکارێکەوە هەبوو، یەکەمیان زۆر نەگوترابووەوە، میوزیکەکەی لەلایەن مامۆستا فاروق باپیر دابەشکرابوو. پێش ئەوەی دەنگی بخەمەسەر، بە قسەی مامۆستا فاروق، هونەرمەندان ناسری ڕەزازی و مەرزییەخان، چووبوونە ستۆدیۆ و گوتبوویان گۆرانییەکی دیکە بۆ هێرش دروست بکەن، با ئەو گۆرانییە بە ئێمە بدات.

### حەوت ساڵە ئەلبوومێکم تەواو بووە

### هاوژینەکەم دەنگی خۆشە و حەز دەکەم ببێتە گۆرانیبێژ

### حەزناکەم لە میدیا دەربکەوم

**رووداو: بۆچی زۆربەی گۆرانییەکانت فۆلکلۆرن؟**

**هێرش هەورامی:** ئەو گۆرانیانەی کلیپیان بۆ کراوە فۆلکلۆرن، ئەو گۆرانییانە لە ئەلبوومی هەوار بوون و سەرەتای دەستپێکی کاری هونەریشم بوو، بەڵام گۆرانی دیکەشم هەیە ئاوازەکەیان فۆلکلۆر نییە. جگە لەوەش دەبێت ئەو بەرهەمەی دەیڵێم بۆ دەنگی خۆم بگونجێت.

### سەمای ئازادی دەکەم بە گۆشەگیر

**رووداو: بۆچی دوای ئەلبوومی هەوار بێدەنگ بوویت و هیچ بەرهەمێکت نەبوو؟**

**هێرش هەورامی:** لەو چەند ساڵەدا وەکو تاک چەند گۆرانییەکم بڵاوکردەوە، بەڵام کلیپم بۆ نەکردوون. نزیکەی حەوت ساڵە ئەلبوومێکم ئامادەیە کە لە 10 تراک پێکهاتووە. شەشیان میلۆدی خۆمە. لەو شەش گۆرانییەش تێکستی سێ بەرهەمیان خۆم نووسیومە، بەڵام بەهۆی نەبوونی سپۆنسەرەوە ئەلبوومەکەم بڵاو نەکردووەتەوە. لە کوردستان بەڵێنی زۆریان پێدام بۆ بڵاوکردنەوە، بەڵام نەیانبردە سەر.

**رووداو: ئەلبوومەکە ناوی چییە؟**

**هێرش هەورامی:** ئەو کاتەی ویستم بڵاوی بکەمەوە ناوم نا سەمای ئازادی، چونکە ئەو گۆرانییە بۆ ڕووخانی ئەو کاتەی ڕژێمی سەدامم گوتبوو، بەڵام ئێستا بەنیازم ناوی بنێم گۆشەگیر کە یەکێکی دیکەیە لە گۆرانییەکانی ئەلبوومەکە و ڕەنگە هاوشانی هەوار بێت.

**رووداو: ڕیتمی گۆرانییەکانت وەک هەوارە، چونکە کارەکانی تۆ زیاتر خێران؟**

**هێرش هەورامی:** چوار گۆرانییان خێران، میلۆدی دوو گۆرانیشیان فۆلکلۆرن، ئەوانی دیکەش شێوازی دیکەن بۆ نموونە ئەرەبیسک.

### گۆرانیی "شاری پاوە"م بۆ هاوژینەکەم گوتووە

**رووداو: بۆچی لە میدیا دەرناکەوی؟**

**هێرش هەورامی:** چونکە زۆر حەزم لە دەرکەوتن نییە.

**رووداو: خێزانداریت؟**

**هێرش هەورامی:** بەڵێ، هاوژینەکەم خەڵکی ناوچەی خۆمانە و ناوی چیایە، بەڵام لە شاری پاوەی ڕۆژهەڵات ژیاوە، ساڵی 2008 خێزانمان پێکەوەنا، ئێستا خاوەنی دوو منداڵین.

**رووداو: هاوژینەکەت لەگەڵ هونەر نێوانی چۆنە؟**

**هێرش هەورامی:** باشە. لە کلیپی گۆرانیی شاری پاوە بەشدار بووە، گۆرانییەکەشم بەتایبەت بۆ ئەو گوتووە، ساڵی 2007 هۆنراوەکەم بۆ نووسی کە ئەوکات دەستگیراندار بووین. دەمزانی ساڵی داهاتوو دەڕۆمەوە بۆ ئەوێ، بۆیە هەر لەوێش کلیپمان کرد، دوو هەفتە بوو گواستبوومەوە کە کلیپەکەمان کرد.

**رووداو: هاوژینەکەت دەنگی خۆشە؟ بۆچی گۆرانی ناڵێت؟**

**هێرش هەورامی:** دەنگی بۆ گۆرانی سۆرانی و فارسی زۆر باشە، بۆ داهاتووش هەوڵ دەدەین وەکو گۆرانیبێژێک دەربکەوێت. خۆم حەز دەکەم لە گۆرانیگوتندا لە من سەرکەوتووتر بێت.

**رووداو: پێتخۆشە پێکەوە گۆرانییەک بڵێن؟**


**هێرش هەورامی:** زۆرم پێخۆشە، لە گۆرانی گۆشەگیر وەکو کۆرس بەشداریی کردووە و بۆ داهاتووش ئەگەر زانیم کلیپێک پێویست دەکات بەشداری پێدەکەم.

### نەیمار بە هەورامی

هێرش هەورامی، تەمەن 34 ساڵ، خێزاندارە و باوکی دوو منداڵە. لە ساڵی 2008 خێزانی پێکەوە ناوە، دوای سێ ساڵ کوڕێکیان بووە، ناویان ناوە نیما. حەوت مانگ لەمەوبەریش کوڕێکی دیکەیان بووە، کوڕەکەیان بەنێوی نەیمار جۆنیۆر داسیڵڤای یاریزانی بەرازیلی کردووە. هێرش هەورامی لەبارەی ناولێنانی منداڵەکەی بە ناوی "نەیمار"ەوە دەڵێت:"کوڕی یەکەمم ناوی نیمایە، لەبەر خۆشەویستیم بۆ هەڵبژاردەی بەڕازیل و یانەی بەرشەلۆنە، ئەم کوڕەم ناونا نەیمار".

### فیلمێک و 2500 وێنەی لەبارەی کوردەوە هەیە

# فەرەنسییەک بە "کوردییەکەی" بارزانی سەرسام دەکات



**گوڵبەهار ئاڵتاش**
**رووداو- هەولێر**

کاتێک دەگاتە لای مەلا مستەفا بارزانی، بە کوردییەکی زۆر ڕوون و ڕەوان قسەی لەگەڵ دەکات، بارزانیی سەرسام دەبێت بەوەی چۆن فەرەنسییەک بۆ یەکەمجار دێتە کوردستان و بەو کوردییە قسە دەکات.

ئەو فەرەنسییە فرانسۆ خافێر لۆڤات بوو کە لە ساڵی 1963 بۆ یەکەمجار سەردانی کوردستانی کردووە. لۆڤات دوای تەواوکردنی خوێندنی زانکۆ، وەک ئەندازیارێکی لاو ڕووی کردووەتە هیندستان و لەگەڵ گروپێکی 10 کەسیدا کاری کردووە کە کوردیشیان تێدا بووە و لەوێوە زانیاری لەبارەی کوردەوە کۆکردووەتەوە.

لۆڤات دەڵێت "ئەو کوردانەی کە من کارم لەگەڵ کردن، لەبەر ئەوەی پێشتر لەگەڵ فەرەنسییەکان کاریان کردبوو، فەرەنسییان دەزانی. زانیارییان لە بارەی کوردی سووریا، ئێران، تورکیا و عێراقەوە دەدامێ و باسی ئازارەکانیان بۆ دەکردم. لەو ناوچەیەی کە منی لێبووم لەساڵی 1960 ، کەس هیچی لەبارەی کوردەوە نەدەزانی. گەڕامەوە بۆ فەرەنسا و ناوی خۆم لە یەکەم قوتابخانەی سینەمایی نووسی و دەستم لە ئەندازیاری هەڵگرت".

لۆڤات دوای تەواوکردنی زانکۆ، خۆی فێری زمانی کوردی دەکات. ئەو دەڵێت "کامەران عەلی بەدرخانم ناسی کە لە قوتابخانەی نێودەوڵەتیی زمان، لە بەشی زمانە ڕۆژهەڵاتییەکان وانەی دەگوتەوە. لەوەوە فێری ڕێزمان و کەمێک ئاخافتن بووم."

دوای تەواوکردنی زانکۆ و فێربوونی زمانی کوردی، یەکەم کاری لۆڤات کارکردن دەبێت لەسەر فیلمێک لەبارەی کوردەوە بۆ کەناڵێکی فەرەنسی. بۆ ئەمەش داوای هاوکاری لە کامەران بەدرخان دەکات.

لۆڤات گوتی "کامەران بەدرخان، ناو و ناونیشانی چەند کەسێکی بۆ نووسیم بۆ ئەوەی هاریکاریم بکەن لە ئیستانبوڵ. ئەوکاتەی ژنێکی گەنج کە ئینگلیزی دەزانی منی دەبرد بۆ ئەو ناونیشانەی داوام کردبوو، لەپڕ پۆلیس چواردەوری گرتین. پۆلیس یەخەی پیاوێکی گەنجی گرت و دەستگیریان کرد، ئەو کەسە بوو کە کامەران بەدرخان منی ناردبوو بۆ لای. ڕوومکردە ژنەکە و گوتم: ئێستا چی بکەم؟ ئەویش چەند قوتابییەکی هاوڕێی پێ ناساندم و شوێنی مانەوەیان بۆ دابین کردم، منیان بە چەند کوردێک ناساند کە یەکێکیان یەشار کەمال بوو."

مەبەستی لۆڤات ئامادەکردنی فیلمێک بووە لەسەر پێشمەرگە، بەڵام کوردەکانی ئیستانبوڵ لە ترسی پۆلیس ناتوانن هیچی بۆ بکەن و تەنیا ڕێنمایی دەکەن لە ڕێی سووریاوە خۆی بگەیەنێتە باشووری کوردستان، چونکە بەهۆی شەڕەوە ئاسایشی سنووری نێوان تورکیا و عێراق توندکرابوو. بەڵام لۆڤات لە سووریاش شانسی نابێت، پۆلیس بەدوایدا دەگەڕێن، چونکە بە نایاسایی چووبووە نێو خاکی سووریا. بەڵام کوردی ئەوێ هاوکاریی دەکەن و دەیگەیەننە سەر سنووری عێراق و سووریا.

### لۆڤات: نێچیرڤان بارزانی 3000 ئەلبوومی وێنەی لێکڕیم

#### دیدار لەگەڵ بارزانی

دوای ڕۆیشتنی بەپێ بۆ ماوەی 10 ڕۆژ، لە کانوونی دووەمی 1963دا، لۆڤات دەگاتە لای مەلا مستەفا بارزانی. لەو بارەیەوە دەڵێت "مەلا مستەفا، کاتێک منی بینی، زۆر سەرسام بوو، چونکە بە کوردی قسەم دەکرد. دەبێت دان بەوەدا بنێم کە یەکەمجار بینیم زۆر کاری تێکردم".

لۆڤات مەبەستی سەردانەکەی خۆی بۆ بارزانی ڕوونکردەکاتەوە و بارزانییش ئەوەی پێویست بێت بۆی جێبەجێ دەکات. چەند پێشمەرگەیەکیش ڕادەسپێرێ بۆ پاراستنی.

لۆڤات لەبارەی شەڕ و پێکدادانی ئەو ڕۆژگارەی نێوان پێشمەرگە و سوپای عێراقەوە دەڵێت "فڕۆکە جەنگییەکان زۆر بە نزمی دەفڕین. هەموو جوڵانەوەیەکی پێشمەرگەیان بە باشی دەبینی. نیشانەکانیان بۆردومان دەکرد، زۆر ترسناک بوو، بەڵام پێشمەرگەیش بە وەرەیەکی بەرزەوە دەجەنگان."

لۆڤات لەماوەی مانەوەیدا لەگەڵ پێشمەرگە، سەدان وێنەی گرتووە و فیلمێکی 33 خولەکی تۆمارکردووە: "5 مانگ لەگەڵ پێشمەرگە ژیام، لەو 5 مانگەدا چووم بۆ هەموو ئەو شوێنانەی ئەوان چوون. لەو سەردەمەدا تاکە کەسێک بووم کە بە پرۆفیشناڵانە کارم دەکرد. کەس کامێرای نەبوو، من بە دوو لێنس کارم دەکرد. ئیدی بە شێوەزارەکانی سۆرانی و کرمانجی دەدوام، ئەوانەی کە یەکەمجار دەیانبینیم وایاندەزانی منیش پێشمەرگەم."

#### فیلمی کوردی لە یوئێن

دوای پێنج مانگ، لۆڤات دەگەڕێتەوە فەرەنسا. ئەو دەڵێت "سەردەمێک بوو کە تەنیا یەک کەناڵی ڕەش و سپی هەبوو. تەنیا چەند کاژێرێک پەخشی دەکرد. دوای ئەوەی فیلمەکەم لەوێ پەخش کرد، لە چەند وڵاتێکی دیکەش نمایش کرا. هەمان ساڵ، کامەران بەدرخان دەرفەتی ئەوەی ڕەخساند کە فیلمەکە لە نەتەوە یەکگرتووەکان پەخش بکرێت."

#### دوو خەڵاتی ئۆسکار

دوای تەواوبوونی کارەکانی لە باشووری کوردستان، لۆڤات بۆ ماوەی 25 ساڵ لە ڤێتنام، لوبنان، ئۆگەندا و پاشان بە درێژایی شەڕی ئێران-عێراق لە 1981 بۆ 1988 فۆتۆگرافەری جەنگ بووە و چەندین بەڵگە فیلمی بەرهەم هێناوە. لەو بارەیەوە دەڵێت "بۆ هەرشوێنێک ڕۆیشتبم، مانگ و نیوێک ماومەتەوە، وردەکاریی گرفتەکانم دەزانی. نزیکەی 3000 ڕاپۆرتم ئامادە کردووە. دوو خەڵاتی ئۆسکار و خەڵاتی دیکەم لە زۆر وڵات وەرگرتووە، بەڵام ئەوانە هیچ گرنگ نین بۆ من".

#### نێچیرڤان بارزانی ئەلبوومێکی لێ دەکڕێت

لۆڤات لە ساڵی 1998دا بۆ دووەمجار سەردانی هەرێمی کوردستانی کردووە و دەڵێت "کە هاتم، چاوم بە مەسعود بارزانی کەوت. زۆر گرنگییان پێدام. زۆر سەرسام بووم بەوە. 2500 وێنەم کردبوو بە کتێبێک. کە سەردانی نێچیرڤان بارزانیم کرد پێشکەشم کرد. بارزانی پێیڕاگەیاندم کە پێویستی بەو ئەلبوومەیە و داوای 3000 دانەی کرد و پارەکەی دا".

جگە لە وێنە و فیلم لەبارەی کوردەوە، لۆڤات سەرقاڵی نووسینیشە، ئەو ئێستا سەرقاڵی نووسینی پەرتووکێکە بەنێوی "یادەوەرییە کۆکراوەکانی کورد"، کە لە پێنج بەرگ پێکهاتووە و تاوەکو ئێستا دوو بەرگی لێ چاپ کردووە.

#### ژنانی شەستەکان ئازادتر بوون

لۆڤات جاری سێیەمیەتی سەردانی هەرێمی کوردستان دەکات. ئەو باسی گۆڕانە کۆمەڵاتییەکان دەکات و دەڵێت "ساڵی 1963 کە هاتمە کوردستان بە ئاشکرا ژنان دەبینران. بۆ نموونە سەردانی هەر گوندێکمان دەکرد، ژنان لەگەڵمان دادەنیشتن و گفتوگۆیان دەکرد. بەڵام لە ڕۆژگاری ئەمڕۆدا شتی وا بەدی ناکرێت. تەنانەت کە سەردانی ڕێستۆرانتەکانیش دەکەیت، دەبینیت ژن و پیاو بە جیا دادەنیشن. ئەو سەردەم ژنی کورد ئازادتر بوون لە ئەمڕۆ. هیچ ژنێکی دواکەوتووم نەبینی، بەتەواوی ئازاد بوون".


Family Mall
Shopping & Entertainment Center
Erbil
Family Mall
Carrefour
hi!
EMPIRE CINEMA
KFC sogood
LC WAIKIKI
Family Mall - 100m street – Erbil – Kurdistan Region – IRAQ
www.familymallarbil.com
E-mail: info@familymallarbil.com
Phone Number: 009647505618484


برنجی محمود
خۆش تام و بەسود
MAHMOOD RICE
١١٢١
100%
MAHMOOD RICE®


شیری ئاڵتونسا
100%
سروشتی یە
altunsa
MiLK
powder

ڕووداو
ژنان
ژمارە ( 427 ) - دووشەممە 2016/10/10



## پەرلەمان پڕە لە پڕۆژە یاسای ژنان

**ڕووداو- سلێمانی**

کەژاڵ شێروانی، جێگری سەرۆکی لیژنەی ژنان لە پەرلەمانی کوردستان بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند، 9 پڕۆژە یاسا و پڕۆژەیەکی دیکەش بۆ هەموارکردنی یاسای بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی خێزانی ئامادەن بۆ ئەوەی لە کاتی کاراکردنەوەی پەرلەمان کاریان لەسەر بکرێت. کەژاڵ گوتی "ئەو 9 پڕۆژەیە خوێندنەوەی یەکەمیان بۆ کراوە، بەڵام هەموارکردنی یاسای بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی خێزانی تەنیا پێشکەشی سەرۆکایەتی کرا بۆ ئەوەی خوێندنەوەی یەکەمی بۆ بکرێت". ڕۆژی 2016/10/12 ساڵێک بەسەر کۆنەبوونەوەی پەرلەمانی کوردستاندا تێدەپەڕێت کە بەهۆی تێکچوونی پەیوەندییەکانی پارتی و گۆڕان ڕێگری لە د.یوسف محەممەد سەرۆکی پەرلەمان کرا بۆ گەڕانەوەی بۆ شاری هەولێر.

# کورد بۆ ژنهێنان بە گروپ دەچنە میسر

پشتیوان جەمال
ڕووداو- سلێمانی

### حاجییەکی کورد و ژنێکی میسری لە ڕێگەی پەیمانەوە ئەڵقە دەگۆڕنەوە

### خاوەنی سەنتەری پەیمان: تا ئێستا گرێبەستی هاوژینیمان بۆ 8 پیاوی کورد و ژنی بیانی کردووە

### پیاوێکی کورد: لە کوردستان کەس شووم پێناکات، دەچمە میسر ژن دێنم

(ج.ن) حاجییەکی کوردی تەمەن 82 ساڵە، دوای مردنی ژنەکەی، بەهۆی هەڵکشانی تەمەنییەوە، هەر ئافرەتێکی کوردی داوا کردبێ، شووی پێ نەکردووە. بۆیە پەیوەندی بە سەنتەرێکی دۆزینەوەی هاوژینەوە دەکات، ئەوانیش ژنێکی میسریی بۆ دەدۆزنەوە.

(ج.ن) دانیشتووی شاری سلێمانییە، خانەنشینە، چوار کوڕ و کچی هەیە. نزیکەی چوار مانگ لەمەوبەر پەیوەندی بە "سەنتەری پەیمان بۆ هاوسەرگیری" دەکات، ئەوانیش ژنێکی تەمەن 35 ساڵی میسری بۆ دەدۆزنەوە. دوای ئەوەی ژنەکە دەبینێ، بڕیار دەدەن ئەڵقەی هاوژینی بگۆڕنەوە

فایەق حەمەسوور، خاوەنی سەنتەری پەیمان بە (ڕووداو)ی گوت "ئەو حاجییە باری دارایی باشە و خانووی خۆی هەیە، لە کوردستان زۆر ئافرەتمان بۆ دۆزییەوە و کەسیان شوویان پێ نەکرد، دواجار لە میسر ئەو ژنە کە منداڵێکیشی هەبوو، ئامادەبوو شووی پێبکات".

کاتێک سەنتەری پەیمان بێ ئومێد دەبێ لە دۆزینەوەی هاوژین بۆ حاجییە کوردەکە، پێیدەڵێن لە میسر ژنێک هەیە و ئەویش بەو هەواڵە خۆشحاڵ دەبێت.

فایەق حەمەسوور گوتی "پێکەوە چووینە میسر بۆ بینینی ژنەکە، کاتێک یەکدییان بینی و قسەیان کرد، هەردوولا بە یەکدی ڕازی بوون، بەڵام ژنەکە یەک مەرجی هەبوو، ئەویش ئەوە بوو کە دەبێ حاجی لە میسر بمێنێتەوە، ئەویش ڕازی بوو". سەبارەت بە مارەییەکەشی گوتی "بایی نزیکەی 1500 دۆلار ئاڵتوونی بۆ کرد".

شووکردنی ئەو ژنە میسرییە بە پیاوێکی کورد یەکەمین حاڵەت نییە لەو سەنتەرە ڕوویدابێ. بە گوتەی خاوەنی سەنتەرەکە، لەساڵی 2010-وە بەشێوەی کارت بەشدارییان لە چەند پێگەیەکی تایبەت بە هاوسەرگیری کردووە بۆ دۆزینەوەی هاوژینی بیانی بۆ ئەو کەسانەی داوای دەکەن.

فایەق گوتی "ساڵی 2010 یەکەم گرێبەستی هاوژینی لە نێوان کوردێک و بیانییەک لە ڕێگەی سەنتەرەکەمانەوە کرا، ئەویش لە نێوان کچێکی تونسی و کوڕێکی کوردی دانیشتووی هەولێر بوو، ئەوان لە سووریا یەکدییان بینی و پاشان بوونە هاوژین، ئێستاش هەر بەیەکەوەن و منداڵێکیشیان هەیە".

### بە گروپ دەچنە میسر

چەند پیاوێکی خەڵکی سلێمانی بەنیازن لەم مانگەدا بەشێوەی گروپ سەردانی میسر بکەن بۆ ئەوەی لەگەڵ ژنان و کچانی ئەو وڵاتە هاوسەرگیری بکەن.

(ع.م) فەرمانبەرێکی تەمەن 37 ساڵە و دوو ساڵە لە ژنەکەی جیابووەتەوە و منداڵیشی نییە. ئەو پیاوە بە (ڕووداو)ی گوت "لە سلێمانی چەند کچێکم بینیون، بەڵام هەریەکەیان بە هۆکارێک بە دڵم نەبوون، ئێستا هەموو ئامادەکارییەکم کردووە و بە نیازم بچمە میسر و لەوێ ژنێک بخوازم".

(ح.ک) مامۆستایەکی دیکەی تەمەن 62 ساڵە و خاوەنی سێ منداڵە، ژنەکەی تووشی نەخۆشیی شێرپەنجە بووە، هەر ئەو هۆکارەش وای لێکردووە پەنا بۆ هێنانی ژنی دووەم ببات و گوتی "بەهیچ شێوەیەک لە بەرنامەمدا نەبوو ژنێکی دیکە بێنم، بەڵام بەهۆی نەخۆشیی ژنەکەمەوە ئەو بڕیارەم داوە، ئەویش بەلایەوە ئاساییە".

گوتیشی "زۆر هەوڵم دا لێرە ژنێک بهێنم، بەڵام لەبەرئەوەی منداڵم هەیە، ئەو ژنانەی بۆیان دۆزیمەوە شوویان پێنەکردم، بۆیە بڕیارم داوە بچمە میسر".

(د.ق) پیاوێکی دیکەی تەمەن 39 ساڵە و کارمەندی کۆمپانیایە و بەهۆی نەگونجانی لەگەڵ خێزانەکەیدا جیابوونەتەوە و تەنها منداڵێکی هەبووە کە منداڵەکەشی لای ژنەکەیەتی، ئەو پیاوەش بۆ هاوسەرگیریی دووەم، ڕێگەی میسر دەگرێتەبەر.

ئەو پیاوە گوتی "تاقەتی ژیانی ئێرەم نەماوە. لە میسر ژنێکیان بۆ دۆزیومەتەوە بازرگانە، بەڵام گوتوویەتی ئامادە نییە بێتە هەرێمی کوردستان، منیش دەڕۆم بۆ ئەوەی چاوم پێی بکەوێت و ئەگەر بووە قیسمەت ئەوا دەیخوازم و هەر لەوێش دەمێنمەوە".

سەنتەری پەیمان لە میسر پەیوەندییان لەگەڵ نووسینگەکانی هاوسەرگیری هەیە، بە گوتەی خاوەنی ئەم سەنتەرە، لە سەرەتای کردنەوەی سەنتەرەکەیانەوە تا ئێستا هەشت گرێبەستی هاوژینییان لە نێوان هاووڵاتیانی کورد و بیانی کردووە.

فایەق گوتی "بە دەیان پیاوی کورد لای ئێمە ناویان تۆمار کردووە کە هەیانە تەمەنی لەنێوان 80 تا 90 ساڵدایە و دۆزینەوەی هاوسەریش لە کوردستان بۆ ئەو کەسانە قورسە، ئێمە لەگەڵ نووسینگەکانی میسر پەیوەندیمان هەیە و ئافرەتانی ئەوێش ئەگەر بزانن ئەو کەسەی دەبێتە هاوبەشی ژیانیان کەسێکی بێ کێشەیە، بەلایانەوە ئاساییە شوویان پێ بکەن".

وەکو فایەق ئاماژەی بۆ کرد، ئێستا ئافرەتانی مەغریبیش پەیوەندییان پێوەدەکەن و حەز دەکەن شوو بە پیاوی کورد بکەن.




625 کەس لەڕێگەی نووسینگەی پەیمانەوە ئەڵقەی هاوژینیان گۆڕیوەتەوە

### بیانی لە خۆماڵی گرانترە

سەنتەری پەیمان بۆ هاوسەرگیری لە ساڵی 2009 کراوەتەوە. لە ڕێگەی پڕکردنەوەی فۆڕمەوە هاوژین بۆ ئەو کوڕ و کچانە دەدۆزێتەوە کە داوای دەکەن. ئەو سەنتەرە ماوەی شەش ساڵە گرێبەستی هاوژینی لە نێوان پیاوانی کورد و ئافرەتی بیانیدا دەکات. بە گوتەی فایەق حەمەسوور، خاوەنی سەنتەرەکە، تاوەکو ئێستا گرێبەستی هاوژینییان بۆ هەشت پیاوی کورد و ئافرەتی بیانی کردووە. فۆڕمی داواکردنی هاوژین لە نێوخۆی کوردستان بە 25 هەزار دینارە، بەڵام فۆڕمی داواکردنی هاوژینی بیانی بە 50 هەزار دینارە.

## خزمەتگوزاریی دەروونی و کۆمەڵایەتی پێشکەشی ژنان دەکەن

# پڕۆژەیەک دەیەوێ ڕێ لە خۆکوشتنی ژنان بگرێ

پشتیوان جەمال
ڕووداو- سلێمانی

ڕێکخراوی ئاسوودە بە هاوکاریی ڕێکخراوێکی ئەمەریکی، پڕۆژەیەکیان بۆ ڕێگریکردن لە خۆکوشتنی ژنانی هەرێمی کوردستان دەستپێکردووە و بڕیارە پڕۆژەکە پێنج ساڵ بەردەوام بێت. بەرپرسێکی ڕێکخراوی ئاسوودە دەڵێت بۆیە بیریان لەو پڕۆژەیە کردووەتەوە چونکە "باسکردنی خۆکوشتن لە کوردستان بووەتە شتێکی ئاسایی".

ڕێکخراوی ئاسوودە بۆ داکۆکیکردن لە مافەکانی ژنان ماوەی 16 ساڵە دامەزراوە و ئۆفیسی لە شارەکانی هەولێر و سلێمانی و دهۆک هەیە. لە مانگی حوزەیرانی ئەمساڵەوە بە پاڵپشتی ڕێکخراوی ڤایتڵ ڤۆیسی ئەمەریکی، پڕۆژەیەکیان بۆ ڕێگری لە خۆکوشتنی ژنان دەستپێکردووە. قۆناغی یەکەمی پڕۆژەکەش ساڵ و نیوێک دەخایەنێ.

تیمێکی 18 کەسی کە زۆربەیان توێژەری کۆمەڵایەتی و دەروونین، پڕۆژەکە بەڕێوەدەبەن، ڕێکخراوە ئەمریکییەکەش سپۆنسەری پڕۆژەیەکە و هاوکات ڕاهێنان بە کارمەندانی پڕۆژەکە دەکات.

"پاراستن و بەهێزکردنی ژنان" نێوی پڕۆژەکەیە. ڕێناس جەمیل، جێگری بەڕێوەبەری ئاسوودە بە (ڕووداو)ی گوت "لەو پڕۆژەیەدا خزمەتگوزاریی کۆمەڵایەتی و دەروونی پێشکەشی ئەو ژنانە دەکرێت کە بەرەوڕووی توندوتیژی دەبنەوە".

### ڕێگاکانی پارێزگاری

ئاسوودە لە ئۆفیسەکانیاندا بەشێکیان هەیە بۆ گوێگرتن لە کێشەی ئەو ژنانەی ڕوویان تێدەکەن، بە گوتەی ڕێناس، ژنان بە چەند ڕێگەیەک پەیوەندی بەو پڕۆژەیەوە دەکەن "لە ئۆفیسەکانمان بەشی پارێزگاری هەیە و گوێ لە ژنان دەگیرێت، ئەگەر زانیمان کێشەی ژنێک پەیوەندی بەو پڕۆژەیەوە هەبێت دەیخەینە پڕۆژەکەوە".

ئاسوودە ڕێگایەکی دیکەشی بۆ ژنان دابین کردووە بۆ ئەوەی پەیوەندی بە بەشی پارێزگاری سەنتەرەکەوە بکەن، ئەویش هێڵێکی گەرمە.

ڕێناس گوتی "ژمارە 110ی ئاسیا سێڵمان هەیە کە لەلای دەزگا ئەمنییەکانیشە بۆ ئەو کەسانەی پەیوەندییان پێوە دەکەن، یان ژنان خۆیان پەیوەندی دەکەن".

ئەو ژنەی پەیوەندی بە بەشی پارێزگارییەوە دەکات، سەرەتا توێژەری کۆمەڵایەتی کار لەسەر کێشە کۆمەڵایەتییەکەی دەکات، بەڵام توێژەرە دەروونییەکە کار لەسەر هێورکردنەوەی کەسەکە دەکات بە چەند دانیشتنێک و ئەگەریش چارەسەری نەبوو، ئەوا ژنەکە ڕەوانەی لای پزیشکی دەروونی دەکرێ.

ڕێگەیەکی دیکەش بە گوتەی ڕێناس، سەردانی مەیدانیی تیمەکانیانن بۆ گەڕەکەکان و گوتی "لەگەڵ یەکە ئیدارییەکان و ئەنجوومەنی گەڕەکەکاندا قسەمان کردووە و هەماهەنگیمان لەگەڵ ئەنجوومەنی گەڕەکەکان کردووە، زۆرجار ئەنجوومەنەکان ناوی ئەو ماڵانەمان پێدەڵێن کە تێیاندا توندوتیژی بەرامبەر ژنان کراوە".

زۆرجار ئەو ژنانەی خۆیان دەکوژن، کەسوکاریان دەڵێن بەهۆی نەخۆشیی دەروونییەوە پەنایان بۆ ئەو کارە بردووە، هەندێجاریش گومان لە ڕاستیی ئەو قسەیە دەکرێت.

### تازە بووکەکان هەوڵی خۆکوشتن دەدەن

ئەو ژنانەی بۆ ئەو مەبەستە سەردانی ئاسوودەیان کردووە، دانیان بەوەدا ناوە کە بەهۆی کێشەی کۆمەڵایەتییەوە هەوڵی خۆکوشتنیان داوە، ڕێناس گوتی "لە چوارچێوەی ئەو پڕۆژەیەدا زۆربەی ئەو ژنانەی کە تازە شوویان کردووە دەڵێن بەهۆی کێشەی خێزانییەوە هەوڵی خۆکوشتنمان داوە، ئەمساڵەن ئێستا باسکردنی خۆکوشتن بووەتە شتێکی ئاسایی".



### 110 ژن داوای پارێزگارییان کردووە

بەپێی ئەو ئامارەی لەلایەن ڕێکخراوی ئاسوودەوە دراوەتە (ڕووداو)، لەماوەی چوار مانگی ڕابردوودا نزیکەی 110 ژن پەیوەندییان بە بەشی پارێزگاریی سەنتەرەکەوە کردووە کە زۆرترینیان لە شارەکانی سلێمانی و دهۆک بوون.

سەبارەت بە شاری هەولێریش، ڕێناس جەمیل، جێگری بەرپرسی سەنتەری ئاسوودە دەڵێت "ژنانی هەولێر زۆربەیان حەز ناکەن کەسوکاریان بزانن، بۆیە کاتێک کەسیان لە ماڵەوە نییە، خۆمان سەردانیان دەکەین".

### 100 ژن خۆیان کوشتووە یان سووتاندووە

بەپێی ئامارەکانی بەڕێوەبەرایەتی گشتی توندوتیژیی دژی ژنان کە دراوەتە (ڕووداو)، لە شەش مانگی یەکەمی ئەمساڵدا 47 ژن خۆیان کوشتووە و 52 ژنیش خۆیان سووتاندووە. بەڵام بە درێژایی ساڵی ڕابردوو 64 ژن خۆیان کوشتبوو، 125ی ژنیش خۆیان سووتاندبوو. ئەمەش دەریدەخات کە ئاماری ئەمساڵی خۆکوشتن و خۆسووتاندنی ژنان بەراورد بە ساڵی ڕابردوو زۆرتر دەبێ.

ژمارە (427) - دووشەممە 2016/10/10




## ماڵە خەزوورانی کوشتیان

**رووداو- هەولێر**
لە گوندی مێرخوزاری سەر بە شارۆچکەی قوشتەپەی پارێزگای هەولێر، زاوایەک لەلایەن ماڵە خەزوورانییەوە کوژرا. پۆلیسی هەولێر لە روونکردنەوەیەکدا کە وێنەیەکی بۆ (رووداو) نێردراوە رایگەیاندووە "کاژێر 10ی بەیانی رۆژی 2016/10/8، ئاگادار کراونەتەوە لە رووداوێکی کوشتن لە گوندی مێرخوزار. دوای گەیشتنی پۆلیس بە شوێنی رووداوەکە دەرکەوت هاووڵاتییەک بە ناوی محەمەد سابیر مەجید، تەمەن 38 ساڵ، لەلایەن ماڵی خەزورانی بەگوللەیەک کوژراوە". بەپێی راگەیەندراوەکە "گوللەکە بەر سەری ئەو کەسە کەوتووە، دواتر تەرمەکە رەوانەی پزیشکی دادی کراوە بۆ لێکۆڵینەوە، دادوەری لێکۆڵینەوەش بڕیاریداوە بەدەستگیرکردنی تۆمەتباران".

# لە دوکانەکەی هێنایانە دەرەوە و بە حەوت گوللە کوشتیان

## شایەتحاڵێک: ئەوەی کاوەی کوشت کەسێکی دەمامکدار بوو



**پشتیوان جەمال**
**رووداو- خەبات**

دوو چەکداری نەناسراو، گەنجێک لەنێو دوکانەکەی خۆی دەهێننە دەرەوە و لە بەردەم دوکانەکەیدا بە حەوت گوللە دەیکوژن و هەڵدێن. ئەو دوو چەکدارە تاوەکو ئێستا دەستگیر نەکراون.

شەوی 2016/9/26 لەنێو بازاڕی شارۆچکەی خەباتی سەر بە شاری هەولێر، سێ کەس بە ئۆتۆمبێلێکی جۆری هایلۆکس چوونەتە سەر دوکانی کاوە یونس، تەمەن 35 ساڵ کە پێشمەرگەیە، دوای هێنانە دەرەوەی لە دوکانەکەی، کوشتوویانە و هەڵاتوون.

رائید هۆگر عەزیز، گوتەبێژی بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی پارێزگای هەولێر بە (رووداو)ی راگەیاند "تائێستا بکوژانی ئەو گەنجە دەستگیر نەکراون و لێکۆڵینەوەش لە رووداوەکە بەردەوامە".

دراوسێیەکی دوکانی ئەو گەنجە کە رووداوەکەی بەچاوی خۆی بینیوە بە (رووداو)ی گوت "کاوە لە دوکانەکەی خۆیدا دانیشتبوو، ئۆتۆمبێلێک هات سێ کەسی تێدا بوو، شۆفێرەکە دانەبەزی، دوو کەسەی دیکە دابەزین و دەموچاویان دەمامک دابوو، یەکێکیان جلی سەربازیی لەبەردا بوو".

بەگوتەی ئەو شایەتحاڵە، سەرەتا کاوەیان بە راکێشان هێناوەتە دەرەوە، بەڵام کاوە بەرگری لەخۆی کردووە. ئەو شایەتحاڵە گوتی "کاتێک زانییان لەگەڵیان ناڕوات، ئەوەی جلە سەربازییەکەی لەبەردابوو، گوللەیەکی لە پشتی دا، پاشان دوو گوللەی دیکەشی لێدا و هەڵاتن".

سەبارەت بە هۆکاری کوشتنی کاوە، ئەو شایەتحاڵە دەڵێت "دوای رووداوەکە دەنگۆیەک بڵاوبووەتەوە گوایە لەسەر پەیوەندیی خۆشەویستی کوژرابێت، بەڵام نازانین تا چەند راستە".

### بەبەرچاوی هاوڕێکەیەوە کوشتیان

کاوە پێشمەرگە بوو، هاوکات دوکانی فرۆشتنی سیدی هەبوو. رۆستەم یونس، برای کاوە بە (رووداو)ی راگەیاند پێش رووداوەکە هاوڕێیەکی کاوە و کوڕێکی خاڵم کە کارمەندی ئاسایشە لە دوکانەکەی بوون، دوای رۆیشتنی کوڕە خاڵەکەم بە نزیکەی سێ خولەک، ئەو کەسانە چوونەتە سەر دوکانەکەی.

رۆستەم لە زاری هاوڕێکەی کاوەوە کە لە دوکانەکەدا بووە گێڕایەوە "ئەو دوو کەسەی کە دابەزیون چوونەتە دوکانەکە و پێیانگوتووە تۆ کاوەیت؟ ئەویش گوتوویەتی: بەڵێ. ئەوان داوای ناسنامەیان لێکردووە، بەڵام کاوە ناسنامەیان ناداتێ. پاشان پێیدەڵێن لەگەڵماندا وەرە، ئەگەرنا دەتکوژین، ئەویش گوتوویەتی فەرموون بمکوژن، ئەوانیش نزیکەی حەوت گوللەیان لە جەستە و دەموچاوی داوە و هەڵاتوون".

کەسوکاری کاوە تا ئێستا نازانن بۆچی کوڕەکەیان کوژراوە. براکەی گوتی "خەمێکی گەورەمان ئەوەیە کە نازانین لەسەرچی کوژراوە، چونکە ئەگەر کێشەی هەبووایە، بە شەو و بەبێ چەک نەدەچووە دەرەوە".

رۆستەم ئەو دەنگۆیەی رەتکردەوە کە دەگوترێ براکەی بەهۆی پەیوەندیی خۆشەویستی کوژرابێت و گوتی "نەخێر ئەوە راست نییە، چونکە ئەگەر لەسەر ئەوە بێت، بکوژەکان خۆیان نەدەشاردەوە".

# لە بارەگای پێشمەرگە دێرینەکاندا خۆی دەکوژێت

## پۆلیس: لەبەر قەرزداری خۆی کوشتووە

## برای پێشمەرگەکە: نەمانزانیوە قەرزدار بووبێت



**پشتیوان جەمال**
**رووداو- سلێمانی**

سیروان دوای خۆکوشتنی، وەڵامی ئەو پرسیارەشی بۆ پۆلیس و کەسوکاری جێهێشت کە بۆچی خۆی کوشت. ئەو لە نامەیەکدا نووسیویەتی "بەهۆی قەرزدارییەوە خۆم کوشت". بەڵام برایەکی سیروان دەڵێت "نەمزانیوە قەرزدار بووبێ، بگرە 80 هەزار دۆلاری لەلای خەڵک بووە".

پیاوێکی تەمەن 37 ساڵ بەناوی سیروان سدیق، دانیشتووی گەڕەکی کانی گۆمەی سلێمانی، ئێوارەی رۆژی 2016/10/4 خۆی کوشت. سیروان خێزاندار بوو، دوو ژن و سێ منداڵی هەبوو. جگە لەوەی پێشمەرگە بوو، کاری تاکسیشی دەکرد.

نەقیب سەرکەوت ئەحمەد، گوتەبێژی پۆلیسی سلێمانی بە (رووداو)ی راگەیاند کە سیروان شۆفێر بووە لە لقی سلێمانیی کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکان، پاسەوانی لقەکە دەڵێت ئەو بەیانییە وەکو رۆژانی ئاسایی چووەتە شوێنی کارەکەی و دواتر لە ژوورەوە گوێی لە دەنگی تەقە بووە.

نەقیب سەرکەوت گوتی "ئەو هاووڵاتییە لە مەتبەخی ئەو شوێنەدا بە کڵاشینکۆفی خۆی، گوللەیەکی لەخۆی داوە و هەر لەوێ گیانی دەرچووە".

دوای خۆکوشتنی، دوو نامەی سیروان لەلایەن پۆلیسەوە دۆزراونەتەوە کە تێیاندا باسی هۆکاری خۆکوشتنەکەی کردووە. نەقیب سەرکەوت گوتی "لە نامەی یەکەمدا نووسیویەتی بەهۆی قەرزدارییەوە خۆی دەکوژێ، بڕی قەرزەکە و ناوی خاوەن قەرزەکانیشی لە نامەکەدا نووسیوە. هەر لەو نامەیەدا نووسیبووی، پێی شەرمە ئەو قەرزدار بێت و خەڵکیش داوای قەرزەکەی لێ بکەنەوە، بۆیە خۆی دەکوژێ".

سەبارەت بە ناوەڕۆکی نامەی دووەمیش، نەقیب سەرکەوت گوتی "لە نامەی دووەمدا داوای گەردنئازایی لە کەسوکاری کردووە و گوتوویەتی دەستی کەس لەو رووداوەدا نییە".

بەڵام لوقمان سدیق، برا گەورەی سیروان، بێئاگایی خۆی نیشاندا لەوەی براکەی قەرزدار بووبێ و بە (رووداو)ی گوت "نەمانزانیوە قەرزدار بووبێ، جگە لەوەی پێشمەرگە بوو، تاکسیەکیشی هەبوو، هەروەها بەنزینیشی دەفرۆشت".

هەرچەندە سیروان پێش خۆکوشتنی دوو نامەی جێهێشتووە، بەڵام براکەی گوتی "ئەو نامانەمان نەبینیوە کە خۆی نووسیویەتی، ئەگەر بیگوتایە قەرزدارە چارەسەرەکەی زۆر ئاسان بوو، ئێمە چوار براین و چوار خانوومان هەیە و یەکێکمان بۆ دەفرۆشت، خۆیشی ئۆتۆمبێلی هەبووە و باری دارایی زۆر خراپ نەبوو".

بەگوتەی لوقمان، براکەی قەرزی لەلای خەڵک بووە "لوقمان خۆی پێیگوتم نزیکەی 80 هەزار دۆلاری لەلای خەڵکە، بەڵام قەت نەیگوتووە قەرزدارم"، بەو پێیەی سیروان ئیشی حەواڵەکەی بەنزینی بۆ بەنزینخانەکانیش کردووە، براکەی دەڵێت "دەشێت قەرزداریش بووبێت، چونکە ئیشەکەیان بەرز و نزمیی تێدەکەوت".

وەکو لوقمان گوتی، براکەیان دوو ژنی هەبووە، بەڵام هیچ کێشەیەکی لەگەڵ ژنەکانی نەبووە "لەگەڵ دوو ژنەکەی کێشەی نەبوو، یەکێکیان لە خانووی خۆی و ئەوەی دیکەش لە کرێدایە".

### قەرز پیاوی نەهێشتن

زیاتر لە دوو ساڵە هەرێمی کوردستان بەرەوڕووی قەیرانی دارایی بووەتەوە. سکرتێری یەکێتیی پیاوانی کوردستان هۆشداری لە زیادبوونی خۆکوشتنی پیاوان، بەهۆی قەیرانی داراییەوە دەدات.

بورهان عەلی، سکرتێری یەکێتیی پیاوانی کوردستان بە (رووداو)ی راگەیاند، لەماوەی ئەمساڵدا 47 پیاو لە باشووری کوردستان خۆیان کوشتووە، لەو ژمارەیەش زیاتر لە نیوەیان بەهۆی قەرزدارییەوە بووە و گوتی "تەنیا لە مانگی رابردوودا چوار پیاو لە کەرکووک خۆیان کوشتووە کە سێیان بەهۆی قەرزدارییەوە بووە، ئەوەش ئاماژەیەکی خراپە".

# بە چەکەکەی باوکی، خۆی دەکوژێ

**پشتیوان جەمال**
**رووداو- رواندز**

گەنجێکی دانیشتووی گوندێکی سەر بە شارۆچکەی رواندز لەنێو ماڵەکەی خۆیاندا گوللەیەک لەخۆی دەدات و دەمرێ. کەسوکارەکەی دەڵێن نازانن بە ئەنقەست خۆی کوشتووە، یان گوللەی لەدەست دەرچووە.

ئەو رووداوە نیوەڕۆی رۆژی 2016/10/1 لە گوندی گەورانی خوارووی سەر بە شارۆچکەی رواندز روویدا. قوربانییەکە گەنجێکی تەمەن 20 ساڵە بەناوی عەبدوڵڵا نەجات کە لەنێو ماڵەکەی خۆیاندا، بە چەکی باوکی، خۆی کوشت.

نەقیب هاوار یەحیا، گوتەبێژی بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی سۆران بە (رووداو)ی راگەیاند، لەلایەن نەخۆشخانەی رواندزەوە پۆلیس لە رووداوەکە ئاگادارکراوەتەوە، ئەوانیش لێکۆڵینەوەیان لە رووداوەکە کردووە.

نەقیب هاوار یەحیا هەروەها گوتی "کەسوکارەکەی دەڵێن ئەوان لە کاتی رووداوەکەدا لە دەرەوەی ماڵ بوون و لە دەنگی تەقەکان بە رووداوەکەیان زانیوە، کاتێکیش چوونەتە ژوورەوە بینیویانە عەبدوڵڵا خۆی کوشتووە، بەڵام دەڵێن نازانن بۆچی خۆی کوشتووە، چونکە هیچ کێشەیەکی نەبووە".

سەرچاوەیەکی ئاگادار لە شارۆچکەی رواندز بە (رووداو)ی راگەیاند "دوای رووداوەکە قسەیەک هەیە گوایە ئەو گەنجە ئۆتۆمبێلی باوکی بەکارهێناوە و بەوهۆیەوە تووشی رووداوی هاتوچۆ بووە، لەسەر ئەوەش باوکی لێی تووڕە بووە، بۆیە خۆی کوشتووە".

بەڵام حەسەن قادر، ئامۆزای عەبدوڵڵا ئەو دەنگۆیەی رەتکردەوە و بە (رووداو)ی گوت "عەبدوڵڵا هیچ کێشەیەکی لەگەڵ باوکی نەبووە و باوەڕ ناکەم باوکی لەسەر ئۆتۆمبێل لێی تووڕە بووبێ".

عەبدوڵڵا خوێندنی تەواو نەکردبوو، ماوەی ساڵێک دەبوو کە ببووە شوان. حەسەن باسی رۆژی رووداوەکەی کرد و گوتی "ئەو رۆژە عەبدوڵڵا و باوکی لەگەڵ میوانێکیان چوونەتە ماڵەوە، دایک و خوشک و براکانیشی لە ماڵەوە بوون، براکانی لەخۆی بچووکترن، کاتێک باوکی و میوانەکە ویستوویانە بڕۆنە دەرەوە، لەناکاو لە ژوورەوە گوێیان لە دەنگی تەقە بووە. کاتێک چوونەتە ژوورەوە بینیویانە گوللەیەکی بەرکەوتووە و گیانی دەرچووە".

کەسوکاری عەبدوڵڵا نازانن کوڕەکەیان مەبەستی خۆکوشتن بووە یان بە هەڵە گوللەی لەخۆی داوە. حەسەن گوتی "لەبەرئەوەی کاتی رووداوەکە کەس لەو ژوورەدا نەبووە، نازانین بە مەبەست خۆی کوشتووە یان گوللەی لەدەست دەرچووە".





موقەدەمی مافپەروەر
**ژیلەمۆ عەبدولقادر**

# هاوژینەکەی هۆکار بوو

ئافرەتێکی تەمەن 30 ساڵ، کە ماوەی چوار ساڵ بوو شووی کردبوو، شووکردنەکەی بە رەزامەندیی خۆی بووە بەبێ ئەوەی کەس زۆری لێ بکات، بەڵام ئەو بە کێشەیەک رووی تێکردین.

ئەو ئافرەتە کێشەکەی خۆی لە سەنتەری راوێژکاری باسکرد و گوتی "من لە هیچ شتێکم کەم نییە، ئۆتۆمبێلم هەیە، ماڵی خۆمم هەیە، زێڕم هەیە، تەنیا لە سۆزم کەمە. هەرچەندە سەرەتای هاوسەرگیریمان بێ گیروگرفت بوو. ژیانم خۆش بوو. رێز و سۆز لە نێوانماندا هەبوو، بەڵام ئەوە تەنیا دوو ساڵی خایاند، رۆژ بە رۆژ ئەم خۆشەویستییە لە کورتیی دا. مێردەکەم بەنێوی بازرگانییەوە زوو زوو جێیدەهێشتم، بۆشاییەکی گەورەی بۆ دروستکردبووم، بۆیە پەیوەندیی خۆشەویستیم لەگەڵ برای دەستە خوشکێکم دانا، هەرچی کەموکوڕی لە ژیانی مندا هەبوو ئەو کوڕە پڕی کردەوە لەڕووی سۆز و خۆشەویستی، من دەزانم ئەوە کارێکی خراپە، بەڵام تازە کار لەکار ترازاوە، هۆکارەکەش هاوژینەکەم بوو کە وای کرد بەو رۆژگارە بگەم".

ئافرەتەکە درێژەی بە قسەکانی دا و گوتی "ئەو کوڕە چەندین جارە داوام لێدەکات لە مێردەکەم جیاببمەوە، بۆ ئەوەی بمخوازێت، چونکە دەزانم ئەو کوڕە زیاد لە پێویست هۆگری من بووە، بەڵام هیچ سنوورێکمان نەبەزاندووە و تەنیا دەچمە ماڵی هاوڕێیەکەم و لەوێ یەکدی دەبینین، بە تەلەفۆنیش قسە لەگەڵ یەکدی دەکەین. تا مێردەکەم ئیهمالم بکات، من زیاتر دڵم بەو کوڕە دەکرێتەوە".

ئامانجی ئەو ژنە لە سەردانەکەی ئەوە بوو کە راوێژمان پێ بکات، چۆن لە مێردەکەی جیاببێتەوە، چونکە ئەو پێشتر بە ماڵی باوکی راگەیاندبوو کە دەیەوێ لە هاوژینەکەی جیاببێتەوە، بەڵام ئەوان رێگەیان نەدابوو بە بیانووی ئەوەی منداڵی هەیە. ئەو ژنە بە هاوژینەکەشی گوتبوو ئەگەر لەوە زیاتر پشتگوێی بخات لێی جیادەبێتەوە، بەڵام هاوژینەکەی بێمنەتیی نیشاندابوو.

لە سەنتەری راوێژکاریی خێزانی ئامۆژگاری ژنەکە کرا کە بە زووترین کات لە هاوژینەکەی جیاببێتەوە، مادام تۆ دڵت لەسەر هاوژینەکەت نییە و ئەویش لێت بێمنەتە. بەر لەوەی هاوژینەکەشت بە پەیوەندییەکەت بزانێ لەگەڵ ئەو کوڕە، باشترە جیاببنەوە. مادام کوڕەکەش ئامادەیە بتخوازێ.

ئەگەر ئەو پەیوەندییە ئاشکرا ببێ، ئەوا هاوژینی ئەو ئافرەتە دەتوانێت بە تۆمەتی ناپاکیی هاوژینی سکاڵا لەسەر ئافرەتەکە و ئەو کوڕەش تۆمار بکات کە پەیوەندی لەگەڵی هەیە. ئەو ژنە ترسی لەوەش هەبوو کە پەیوەندییەکەی لە قسەکردنەوە ببێتە پەیوەندییەکی ناشەرعی کە ئەوەش سزاکەی قورسە و بەپێی مادە 377 لە یاسای سزادانی عێراقی "ئافرەتی زیناکەر و ئەو کەسەی زینای لەگەڵ کردووە بەند دەکرێن".

*** بەڕێوەبەری بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ئافرەتان/ هەولێر**

## عێراق تەنیا بە سەربازی تورکیا قەڵس بووە

# 9300 سەربازی 9 وڵات لە عێراقدان

هێمن عەساف
ڕووداو- هەولێر

عێراق بووەتە گۆڕەپانی بەیەکگەیشتنی هێزی سەربازیی وڵاتانی زلهێز، زۆربەی ئەو هێزانە لە چوارچێوەی هاوپەیمانێتی نێودەوڵەتی لە دژی داعش هاتوونەتە عێراقەوە، بەڵام ئەوەی زۆر لە سەرکردە عێراقییەکان و بەتایبەتی شیعەکانی نیگەران کردووە، وجودی هێزەکانی تورکیایە لە ناوچەی باشیک کە وا بڕیارە بەشداریی ئۆپەراسیۆنی ڕزگارکردنی شاری مووسڵ لەدەستی داعش بکەن.

"بەرەنگاربوونەوەی داعش" ئەو ناونیشانەیە کە دەرگای ئامادەگیی سەربازی و دەستێوەردانی بۆ دەیان هێزی نێودەوڵەتی لەم ناوچەیەدا خستووەتە سەر پشت. حکومەتی تورکیا نیگەرانە لە هەڵوێستی دەسەڵاتدارانی عێراق و دەڵێت سەربازانی وڵاتەکەی بۆ مەشق و ڕاهێنان بەو خۆبەخشانەی دژی داعش دەجەنگن، هاتوونەتە ناوچەکە.

دوای تێپەڕبوونی زیاتر لە 13 ساڵ بەسەر ئۆپەراسیۆنی ئازادیی عێراق بە سەرۆکایەتی ئەمریکا لە ساڵی 2003، هێشتا هەزاران سەربازی بیانی لە عێراقدان.

هێزە بیانییەکان کە نزیکەی 200 هەزار سەرباز دەبوون، پاش کشانەوەی فەرمیی هێزەکانی ئەمریکا لە کۆتایی 2011، ڕووی لە کەمبوونەوە کرد، بەڵام بەهۆی دووبارە تێکچوونەوەی ڕەوشی ئەمنی لە عێراق، هێشتا ژمارەیەکی زۆر لە سەربازانی بیانی لە عێراقدا ئەرکیان هەیە.

هاوکات بەهۆی بۆشایی دەسەڵات لەناو حکومەتی ناوەندیی عێراقدا، لاوازیی ئەمنی لە پەرەسەندندایە و ڕێکخراوی داعش کە مووسڵی کۆنترۆڵ کردووە، هێشتا بەشێکی خاکی ئەو وڵاتەی لەژێر دەستدایە.

ئەمریکا لە ساڵی 2011دا هێزەکانی خۆی لە عێراق کشاندەوە، بەڵام بەهۆی سەرهەڵدانەوەی شەڕی تائیفی کە باڵادەستبوونی داعشی لە ناوچە سوننییەکان بەدوادا هات، بڕیاری دا سەرلەنوێ سەربازانی ڕەوانەی عێراق بکاتەوە بە مەبەستی مەشق و ڕاهێنان بە هێزە عێراقییەکان، لەدوای ئەمریکاش هەریەک لە وڵاتانی بەریتانیا، فەڕەنسا، ئەڵمانیا، ڕووسیا، ئێران، هۆڵەندا، ئیتاڵیا، نەرویج، سوید و دانیمارک شارەزایانی سەربازی و سەرباز و ئەفسەریان ڕەوانەی ئەو وڵاتە کرد بەمەبەستی پاراستنی هەندێ ناوچەی ستراتیژی.


### 2600 سەربازی تورکی لە عێراق

لەسەر داوای وەزیری بەرگریی پێشووی حکومەتی عێراق، تورکیا لە سەرەتای ساڵی 2015دا دەستی کرد بە مەشق و ڕاهێنانی سەربازی بەهێزە ناوخۆییەکانی عێراق لە ناوچەی باشیک، لەوانەش حەشدی نیشتیمانی. لەو کەمپەدا تاوەکو ئەمڕۆ نزیکەی سێ هەزار چەکداری حەشدی نیشتیمانی مەشقیان پێکراوە. تورکیا لە قۆناغی یەکەمدا 150 سەربازی ناردبووە عێراق، بەڵام ئێستا ژمارەی سەربازەکانی زیاد کردووە بۆ 600 سەرباز. ئەوە جگە لە 2000 سەربازی دیکە کە لە ساڵانی نەوەدەکانی سەدەی ڕابردووەوە لە ناوچەی کانی ماسێ و بامەڕنی لە پارێزگای دهۆک جێگیرکراون.

### ئەمریکا ژمارەی سەربازانی زیاد دەکات

دوای ئەوەی هەفتەی ڕابردوو ئەمریکا بڕیاری دا 615 سەربازی دیکە ڕەوانەی عێراق بکات، ژمارەی سەربازانی ئەو وڵاتە لە عێراق بەرزبووەوە بۆ 5262 سەرباز.

ئەو ژمارەیە کە وەزارەتی بەرگریی ئەمریکا بڵاوی کردووەتەوە، لە سەربازانی هەریەک لە تیمەکانی "پەروەردە بکە — پڕ چەک بکە".




پشتیوانیی لۆجستی و هێزە تایبەتەکان پێکدێت. لەپاڵ ئەمەشدا ژمارەیەک سەربازی ئەمریکی لە ناوچەکەن کە بۆ ئەرکی ماوەکورت و کاتی ڕەوانە کراون، بەڵام پێنتاگۆن بە ڕوونی ژمارەیان ئاشکرا ناکات.

ئەمریکا زۆربەی سەربازەکانی لە بنکە ئاسمانییەکانی ئەلئەسەد و تەقەدوم لە پارێزگای ئەنبار و بنکەی ئاسمانی خۆرئاوای گەیارە لە مووسڵ جێگیر کردووە. ئاماژە بەوە دەکرێت کە ژمارەیەکی زۆر فڕۆکە و هێلیکۆپتەری ئاپاچی ئەمریکی لەم بنکە سەربازییانەدا هەن. جگە لەمانەش سیستەمەکانی HIMARS کە ئەمریکا لە دۆڵی فورات جێگیری کردوون، ژمارەی فڕۆکەوانەکان و کارمەندانی تیمەکانی نۆژەنکردنەوە، لەناو ئەو ژمارە فەرمییانەدا نین کە پێنتاگۆن بڵاوی کردوونەتەوە.

### بەریتانیاش ژمارەی سەربازانی زیاد دەکات

ئێستا نزیکەی 350 سەربازی بەریتانی لە عێراقن. بەپێی لێدوانێکی وەزارەتی بەرگریی بەریتانیا، ئەو سەربازانە بە مەبەستی ڕاوێژکاری و ڕاهێنان بە سوپای عێراق و پێشمەرگە ڕەوانەی عێراق کراون. پێشبینی دەکرێت تاوەکو کۆتایی ئەمساڵ ژمارەی سەربازانی بەریتانیا لە عێراق بۆ نزیکەی 500 سەرباز هەڵبکشێت. وەزیری بەرگریی بەریتانیا پێشتر لە هەڤپەیڤینێکدا لەگەڵ هەفتەنامەی (ڕووداو) گوتبووی، بە هێرشی ئاسمانی بەشداری لە ئۆپەراسیۆنی کۆنترۆڵکردنەوەی مووسڵدا دەکەن.

### 500 سەربازی فەرەنسی

بەپێی دوا زانیارییەکانی وەزارەتی بەرگریی فەڕەنسا، فەڕەنسا 500 سەربازی لە عێراق هەیە کە کە زۆربەیان بە مەبەستی ڕاوێژکاری ڕەوانە کراون. هەر لە چوارچێوەی هاوپەیمانێتی نێودەوڵەتیی دژی داعشدا، فەڕەنسا 4000 سەربازی ڕەوانەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست کردووە کە 2900 سەربازیان لە نێو کەشتییە فڕۆکە هەڵگرەکاندان. هەروەها 500 سەربازیش لە بنکە سەربازییەکانی ئوردن و ئیمارات دانراون.

### سێبەری ڕووسیا و ئێران بەسەر عێراقەوە

هیچ ئامارێکی ڕوون نییە لەبارەی ژمارەی سەربازانی ئێرانی و ڕووسی لە عێراق، بەڵام سێبەری ئەو دوو وڵاتە بە تایبەتیش ئێران هەمیشە بەسەر عێراقەوەیە.

لە ماوەی ڕابردوودا، حکومەتی مۆسکۆ لە بەغدای پایتەختی عێراق، ناوەندی هەماهەنگیی بەرەنگاربوونەوەی داعشی لەگەڵ ئێران، عێراق و سووریا دروست کرد. ڕووسیا خۆی لەوە دەبوێرێت کە لێدوانی فەرمی بدات لەبارەی ژمارەی سەربازانی لە عێراق، بەڵام دەزانرێت کە پسپۆڕانی سەربازیی ڕووسیا لەو ناوەندە ئەرکیان پێ سپێردراوە. سەربازە ڕووسەکان و پسپۆڕی سەربازیی ئەو چوار وڵاتە لەو ناوەندی هەماهەنگییە نوێنەرایەتی یەکەکانی وڵاتەکانیان دەکەن لە بواری هەواڵگری، هێزە ئاسمانییەکان، هێزە وشکانییەکان و ئۆپەراسیۆنە تایبەتەکان. بەڕێوەبردنی ئەو ناوەندە بەشێوەی خولی، سێ مانگ جارێک بە یەکێک لەو وڵاتانە دەدرێت.

### سەربازانی ئەوروپی لە عێراق

نزیکەی 150 سەربازی ئەڵمانی لەچوارچێوەی هاوپەیمانێتی نێودەوڵەتی لە دژی داعش مەشق و ڕاهێنان بە سوپای عێراق و پێشمەرگە دەکەن. ئەو سەربازانە ڕێنمایی پێشمەرگەش دەکەن لەسەر چۆنێتی بەکارهێنانی چەکە نوێیەکان.

ساڵی ڕابردوو بەمەبەستی پاراستنی بەنداوی مووسڵ، ئەرک بە 450 سەربازی ئیتاڵی سپێردرا. ئیتاڵیا خۆی لەوە بەدووردەگرێت ژمارەی سەربازەکانی لە عێراق ئاشکرا بکات، بەڵام دەزانرێت کە چوار فڕۆکەی جۆری تۆرنادۆی ئیتاڵی لە چوارچێوەی هاوپەیمانێتی نێودەوڵەتیدا چاودێری چالاکییەکانی داعش دەکەن. هەروەها وەزارەتی بەرگریی ئیتاڵیا ژمارەی ئەو سەربازانەیشی ئاشکرا نەکردووە کە ڕاهێنان بە پێشمەرگە دەکەن لە هەولێر، بەڵام بەگوێرەی ژمارە نافەرمییەکان ئێستا 100 سەربازی ئیتاڵی لە ناوچەکەن.

هەر بەپێی زانیارییەکان 150 سەربازی هۆڵەندی، 140 سەربازی دانیمارکی لە هەرێمی کوردستانن. سویدیش 35 سەربازی بۆ مەشق و ڕاهێنان ناردووە و بڕیارە مانگی داهاتوو 35 سەربازی دیکەش بنێرێ.

## هەوڵەکان بۆ پاراستنی هیلالی شیعە چڕدەکرێنەوە

# میلیشیا شیعەکانی عێراق بە لێشاو ڕوو لە سووریا دەکەن

ڕێبوار قاسم
ڕووداو- هەولێر

ژمارەیەک چەکداری سەر بە میلیشیا شیعەکانی عێراق ڕوویان لە سووریا کردووە و لەوێ هاوکاریی هێزەکانی ڕژێمی سووریا دەکەن بۆ کۆنترۆڵکردنی ڕۆژهەڵاتی حەلەب و تەنانەت لە چەندین شەڕی قورسیشدا لەم شارە بەشدارییان کردووە.

ئەرکی سەرەکیی ئەم هێزانە ئەوەیە لە پاڵ چەکدارانی حیزبوڵڵا و چەکدارە ئێرانییەکاندا لاوازیی هێزە پیادەکانی حکومەتی سووریا قەرەبوو بکەنەوە، لە کاتێکدا ڕووسیاش لاوازیی هێزی ئاسمانیی حکومەتی سووریای پڕکردووەتەوە.

### جیهاد لە دژی سوننە

لە مانگی تەمووزی ساڵی 2015ەوە هەڵمەتە ئۆنلاینەکان بۆ ڕاکێشانی چەکداری شیعە بەشێوەیەکی بەرچاو زیادیان کردووە. لە کۆتاییەکانی 2014 و سەرەتاکانی 2015دا ڕاکێشانی چەکدارەکان پچڕ پچڕ بوون، بەڵام لە ناوەڕاستی پارساڵەوە پرۆگرامێکی هەمەلایەنە بۆ ڕاکێشانی میلیشیا شیعەکان دەستی پێکرد و لە دیمەشقەوە هەتا ئیدلب بڵاوەیان پێکرا.

لە نێوان عێراقییەکاندا دیارترین دەموچاو ئەکرەم ئەلکەعبییە کە فەرماندەیەکی (حەرەکەت حیزبوڵڵا ئەلنوجەبا)یە و لەگرتەیەکی ڤیدیۆییدا بەشداریی چەکدارە بیانییە شیعەکان لە جەنگی حەلەب بە "جیهاد" ناو دەبات. دەستەواژەی جیهادی شیعەکان بەشێوەیەکی بەرچاو لە ماوەی جەنگی هەشت ساڵەی نێوان ئێران و عێراق و دواتریش لە جەنگی نێوان حیزبوڵڵا و ئیسرائیلدا بڵاو بوو، بەڵام لەگەڵ دەستپێکردنی جەنگی نێوخۆیی سووریا و تایفیبوونەوەی جەنگەکە، ئەم دەستەواژەیە جارێکی دیکە سەری هەڵدایەوە.

هاشم ئەلموسەوی، فەرماندەیەکی دیکەی میلیشیای ئەلنوجەبا، بە ڕۆژنامەی (وۆڵ ستریت جۆرناڵ)ی ئەمریکی ڕاگەیاند، بەشداریی ئەوان بەشێکە لە جەنگێکی ناوچەیی لە دژی "تیرۆریزم". ژمارەیەکی زۆر چەکداری شیعەی عێراقی دیکەش لە ماوەی چەند هەفتەی ڕابردوودا ڕوویان لە سووریا و بە تایبەت ناوچەکانی نزیکی حەلەب کردووە.

چاوەڕێ دەکرێ میلیشیاکانی حەشدی شەعبی ڕۆڵێکی لاوەکییان لە ئۆپەراسیۆنی کۆنترۆڵکردنەوەی مووسڵدا هەبێت، هۆکاری لاوازبوونی ڕۆڵی ئەو گرووپانەش بۆ ئەو توندوتیژیانە دەگەڕێتەوە کە پێشتر لە تکریت و فەللوجە نواندبوویان. ژمارەیەک لە فەرماندەکانی حەشدی شەعبی بە وۆڵ ستریت جورناڵیان ڕاگەیاندووە کە لاوەکیبوونی ڕۆڵی ئەو میلیشیایانە لە جەنگی مووسڵدا هۆکار بووە بۆئەوەی کە ئەوان ڕوو لە جەنگی حەلەب لە سووریا بکەن.

ژمارەیەکی زۆر لە گرووپە میلیشیا شیعەکان لە ساڵی 2012 و بۆ پشتگیریکردن لە دەسەڵاتی بەشار ئەسەد ڕوویان کردە سووریا. بەڵام لە ساڵی 2014ەوە هێرشەکانی چەکدارانی دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراقیش فراوانتر بوونەوە، هەر بۆیە بەشێکی بەرچاویان گەڕانەوە عێراق.

ئەلنوجەبا بەشێکە لە هێزێکی سیانە کە گرووپەکانی عەسایبی ئەهلی حەق و ئەبولفەزل ئەلعەبباسیش لەخۆدەگرێ. عەسایب یەکێکە لەو گرووپە شیعانەی پێشتر چەندین جار هێرشی کردووەتە سەر هێزەکانی ئەمریکا لە عێراق.

ڕێکخراوی بەدر کە پارتێکی سیاسیشی هەیە، هەتا ئێستا هیچ هێزێکی لە سووریا نییە، بەڵام فەرماندە و سەرکردەکانی ئەم ڕێکخراوە سیاسی - سەربازییە گوتوویانە هەر کاتێک جەنگی مووسڵ یەکلایی بووەوە و داعش لە عێراق لەناوچوو، ئەوانیش گرووپەکەیان لە لقێکی نێوخۆییەوە بۆ هێزێکی چەکداریی ناوچەیی دەگۆڕن.



### هیلالی سەوزی شیعە

ژمارەیەک لە دیپلۆمات و سیاسەتمەدارانی وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست نیگەرانیی خۆیان دەربڕیوە لەوەی جەنگی نێوخۆیی عێراق و سووریا مەیدانێک یان بیانوویەک بێت بۆ ڕاهێنان و یەکخستنی گرووپە میلیشیاییە شیعەکان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لەلایەن ئێرانەوە، بەمەش سەرەتایەکی مەترسیدار بۆ جەنگێکی درێژخایەنتر لە نێوان شیعە و سوننە لە ناوچەکەدا دەستپێبکەن.

زۆربەی وڵاتانی ڕۆژئاوا، لەوانەش ئەمریکا، پێیانوایە میلیشیا شیعەکان ئەلتەرناتیڤێکی باشترن لە گرووپێکی وەکوو داعش، بەشێک لەم گرووپانەش بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ کەڵک لە پشتیوانیی ئاسمانییەکانی ئەمریکا لە عێراق وەردەگرن. بەڵام سعودیە و وڵاتانی کەنداو تێڕوانینێکی جیاوازیان هەیە. تورکی ئەلفەیسەڵ، سەرۆکی پێشووی هەواڵگریی سعودیە پێیوایە "ئەوەی میلیشیا شیعەکان لە ناوچە ڕزگارکراوە سوننەکان کردوویانە هێندەی کردەوەکانی داعش قێزەونن".

نیگەرانیی سەرەکی سعودیە و وڵاتە سوننییەکانی ناوچەکە تەنیا پەیوەندی بەو مەترسییانەوە نییە کە لەسەر کۆمەڵگەی سوننیی عێراق و سووریا هەیە، بەڵکو نیگەرانییە ستراتیژییەکەیان پەیوەندی هەیە بە بەهێزبوونی "هیلالی شیعە" کە تێیدا ئێران و سوپای پاسداران ڕۆڵی ئەندازیار و ئاراستەکەری سەرەکی دەگێڕن. بایەخی ستراتیژیی دەسەڵاتی ئەسەد بۆ تاران هەر پەیوەندی بە پاراستن و بەهێزکردنی ئەم "هیلالەوە" هەیە.

دەسەڵاتی ئێران لە عێراق لە ماوەی 13 ساڵی ڕابردوودا قۆناغ بە قۆناغ زیادی کردووە کە قۆناغە یەکەم و بنەڕەتییەکەی بۆ ڕووخانی حکومەتی بەعس دەگەڕێتەوە و جێگرتنەوەی لەلایەن حکومەتێکی زۆرینە شیعە لە عێراق دەگەڕێتەوە. قۆناغی دووەم و سێیەمیشی بۆ کشانەوەی تەواوەتی هێزەکانی ئەمریکا لە عێراق لە 2011 و دەستپێکردنی بەهاری عەرەبی لە هەمان ساڵدا دەگەڕێتەوە.

دامەزراندنی حکومەتێکی زۆرینە شیعە لە بەغدا ڕێگەی بۆ ئێران خۆش کرد دەسەڵاتی سیاسی خۆی لە ناوچەکەدا فراوان بکات، بەڵام قەیرانی سووریا و دواتریش سەرهەڵدانی داعش و گرووپە سوننە توندڕەوەکان ڕێگەی بۆ دروستکردنی هاوپەیمانێتییەکی بەرفراوانی سەربازیش لە نێوان میلیشیا شیعەکانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست خۆش کرد، کە سنووری ئەندام وەرگرتنیان لە ئەفغانستانەوە بۆ لوبنان درێژ دەبێتەوە. هەر بۆیە لە هیچ قۆناغێکی مێژووی نوێدا نەبووە ئەو ژمارە زۆرەی میلیشیا شیعەکان لە بەشی جوداجودای ناوچەکەدا (بە تایبەتیش لە ناوچە سوننییەکاندا) خەریکی چالاکیی چەکداری بن.

لەگەڵ نەمانی داعش لە ناوچەکە، جارێکی دیکە پارچەکانی هیلالی شیعە پێکەوە دەلکێنەوە، پێناچێ وڵاتانی سوننەی عەرەبی لە بەرامبەر ئەمەدا بێدەنگ بن، بەڵکو لە ڕێگەی خەڵکی ناوچە سوننەکانەوە جارێکی دیکە هەوڵی پچڕاندنی کۆریدەری شیعی دەدەن، هەمان ئەو هەوڵانەی لە 2005 بەهێزبوون و هێرشەکانی ئەلقاعیدە و لە 2013 سەرهەڵدانی داعشی لێکەوتەوە.

### 5000 شیعەی عێراق لە سووریان

بەگوێرەی ڕاپۆرتێکی ڕۆژنامەی وۆڵ ستریت جورناڵ، لە سەرەتای مانگی ئەیلولەوە زیاتر لە 1000 چەکداری میلیشیا شیعەکانی عێراق چوونەتە سووریا. بەر لە چوونی ئەو چەکدارانەش 4000 چەکداری دیکە لە نزیک حەلەب جێگیرکرابوون. بەم پێیە میلیشیا شیعەکانی عێراق، نیوەی هێزە بیانییەکانی لایەنگری ئەسەد لە نزیک حەلەب پێکدێنن.

# عێراقی پاش داعش و چارەنووسی عەرەبی سوننە

رووداو - Economist

سیاسەتکارێکی سوننی:
سوننەکان منداڵە بێ باوکەکانی عێراقن

هاووڵاتییەکی سوننە: درەنگ زانیمان کە یەکەم قوربانیی خەلافەت سوننە بوو



لە سامەڕا، سوننەکان باس لە ئەگەرەکانی ئاشتەوایی نێوان خۆیان و شیعە دەکەن. شیعەکانیش بەوە تۆمەتباریان دەکەن کە مەزارگەکانی ئەوانیان تەقاندووەتەوە. سامەڕا کە 125 کیلۆمەتر لە بەغدا دوورە، چیدی شاری سوننەکان نییە، چونکە بە گوتەی ئەوان میلیشیا شیعەکان دەستیان بەسەر شارەکەدا گرتووە و خەڵکە رەسەنەکەیان دەرکردووە.

سامەڕا کە سەردەمانێک نموونەی پێکەوە ژیانی شیعە و سوننە بوو، ئێستا بووەتە دوو بەش. سوننەکان لە ناوچەکانی دەوروبەری شاردا دەژین، شیعەکانیش لە ناوەڕاستی شار. لە چەقی ناوچە شیعەنشینەکانیشدا مەزارگەی ئیمامی دەیەم و یازدەیەمی شیعە هەیە، واتە مەزارگەی عەلی بن محەممەد و حەسەن بن عەلی. چەکدارانی ئەلقاعیدە ساڵی 2006 هەردوو مەزارگەکەیان تەقاندەوە. ئێستا جارێکی دیکە نۆژەن کراونەتەوە، بەڵام چیدی بووک و زاوا سوننەکان لە رۆژی زەماوەنددا لەبەردەم ئەم مەزارگەیە ناوەستن. خزمەتگوزارە سوننەکانی مەزارگەکەش لەسەر کار لادراون.

## شکانی سوننەکان

لە ماوەی سەت ساڵی رابردوودا، سوننەکان زۆربەی ئەو پایتەختانەیان لەکیس چووە کە سەردەمانێک خەلیفەی عوسمانی لەوێوە فەرمانڕەوایی ناوچە جیاجیاکانی سەر بە خەلافەتیان دەکرد. ئەگەرچی سوننە زۆرینەی موسڵمانانی جیهان پێکدەهێنن، بەڵام بەم حاڵەشەوە لە کۆی 26 ملیۆن ئاوارە و کۆچبەری رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، 85%یان سوننەن.

بەڵام لە هیچ وڵاتێک زیانەکانی سوننە هێندەی عێراق هەستپێکراو نییە. هێرشەکانی 2003ی ئەمریکا رەوتەکەی لە قازانجی شیعە گۆڕی. شیعەکان بە ناوی سڕینەوەی شوێنەواری ستەمی سەدام، هێزی سەربازیی پێشووی عێراقیان هەڵوەشاندەوە و لەبری ئەو سوپایەکی بنکە شیعەیان دامەزراند. وێنەی ئایەتوڵڵاکانی شیعەش جێگەی وێنەی سەدام حوسێنیان گرتەوە.

ئەم دە ساڵەی دوایی بۆ سوننەکان زۆر سەخت بوو. شیعەکان بەبیانووی پەیوەندییان لەگەڵ داعش، سوننەکان لە گوندەکان دەردەکەن. لە کۆی حەوت ملیۆن دانیشتووی عەرەبی سوننەی عێراق، نزیکەی 2.5 ملیۆنیان ئاوارەن کە ژمارەیەکی زۆریان لە هەرێمی کوردستان گیرساونەتەوە. هەروەها 1.5 هاووڵاتی سوننی عێراقی بە یەکجاری عێراقیان جێهێشتووە. سەلیم جبووری، سەرۆکی پەرلەمانی عێراق، هاواری لێ بەرزبووەتەوە و دەڵێت "ناتوانم بچمەوە ماڵەکەی خۆم لە پارێزگای دیالە". هەروەها خزم و کەسەکانی لە زیندانەکاندا دەناڵێنن و مزگەوتەکەشیان کراوە بە حوسەینییەی شیعە.

راگواستنی هاووڵاتیان لە عێراق شتێکی نوێ نییە. پێشتریش سەدام حوسێن، کورد و شیعەکانی رادەگواست. سیاسەتکارێکی سوننە لە بەغدا دەڵێت "ئەمریکا کوردی هەڵکشاند، ئێران شیعەکانی بەهێز کرد و سوننەکانیش وەکو منداڵێکی بێ باوک پشتگوێ خران".

وەک هەمیشە سوننەکان بە توندوتیژی وەڵامیان داوەتەوە. لە ساڵی 2003وە سوننەکان لە چەند هەنگاوێکدا هەوڵیانداوە لە رێگەی قاعیدە و داعشەوە عێراق لە شیعە بستێننەوە. خەلافەتەکەی بەغدادیش لە قۆناغی یەکەمدا لە نێوان دانیشتووە عەرەبە سوننەکاندا لایەنگری زۆری هەبوو، بەڵام وەک یەکێک لە دانیشتووە راکردووەکانی مووسڵ گوتی "ئێمە درەنگ زانیمان یەکەم قوربانی خەلافەت سوننەکان بوون"، لەبەر ئەوەی پەروەردەی منداڵان وەستا، زانکۆکان داخران، پیشەسازی ئیفلیج بوو، شارەکانیش بەهۆی بۆردومانی هاوپەیمانانەوە وێران بوون.

## هیوایەکی نوێ، بەڵام تەمومژاوی

ژمارەیەکی زۆر لە چەکدارانی داعش بەنیازن جارێکی دیکە روو لە ئەلقاعیدە یان لقە نەرمترەکانی لە سووریا بکەن. ژمارەیەکی زیاتریش لە سوننەکان بە تەواوەتی بیرۆکەی جیهاد رەت دەکەنەوە، لەبەر ئەوەی پرۆژەی جیهادییەکان بۆ وەرگرتنەوەی ناوچە عەرەبییە سوننەکان تەنیا شکستی کۆمەڵگەی سوننەی بەدواوەبوو.

پێدەچێ ئەمجارەیان سوننەکان بە نیازبن بە بیرکردنەوەوە هەنگاو بنێن، هەر بۆیە جبووری دەڵێت "زۆری ویست هەتا سوننەکان زانییان کە توندئاژۆیی باجی قورسی هەیەو دەبێ واقیعبین بن".

حکومەت و پەرلەمانی زۆرینە شیعەی عێراقیش خەریکە دەگەنە ئەو بڕوایەی ناکرێ ئەو بارودۆخەی داعش و قاعیدەی دروستکرد هەروا بە چارەسەرنەکراوی جێبهێڵن. هەر بۆیە دەنگوباسی یاسای نوێ سەبارەت بە "سڕینەوەی ئاسەواری بەعس" لە پەرلەمانی عێراق دەبیسترێ. شێخێکی عەرەب کە خاوەن 80 هەزار لایەنگر و ئەندامی هۆزە، دەڵێت "ئەگەر ئێوە (حکومەتی عێراق) واز لە ریشەکێشی بەعسییەکان بهێنن، وەک چۆن کورد لە باکووری عێراق کردی، ئەوە زۆرینەی سوننەکان دەگەڕێنەوە".

بۆ قۆناغی پاش داعش سوننەکان کۆمەڵێک پێشنیاز و بیرۆکەیان هەیە، یەک لەوانیش دەسەڵاتی خۆبەڕێوەبردنە کە دەکرێ ناوچەیەکی ئارام بۆ سوننەکان ئاوا بکرێ. شێخ ئەمیر سامر، شێخی عەشیرەتی ئەلموحامەدە لە فەللوجە لەوبارەیەوە گوتی "ئێمە هەموو کات لایەنگرێکی سەرسەختی عێراقی یەکگرتوو بووین. ئێستاش تەنیا داوای هەرێمی خۆمان دەکەین". رەنگە نیشتەجێبوونی لە هەرێمی کوردستان مۆدێلێکی بۆ ئەم جۆرە لە هەرێم خستبێتە مێشکی، بەڵام ئەم بیرۆکەیە دژبەریشی هەیە. ژمارەیەک لە نەتەوەپەرستەکانی عێراق پێیانوایە ئەمە تەنیا رێگەیەکە بۆ دابەشکردنی عێراق. هەروەها لە داهاتوودا رێگە بۆ شەڕی نێوان شیعە و سوننە لەسەر سنوورە کێشە لەسەرەکان خۆش دەکات، ئەمە جگە لەوەی رەنگە هۆزە عەرەبییە سوننەکانیش بۆ دەسەڵاتی زیاتر لەگەڵ یەکتردا بکەونە شەڕ. سەرۆک هۆزێکی پارێزگای ئەنبار بە دووری نازانێت "ئەگەر مووسڵ، تکریت و فەللوجە پێکەوە بنرێن، شەڕ لە نێوانیان بقەومێ".

بیرۆکەیەکی دیکە بۆ ناوچە سوننەکان پێدانی دەسەڵاتی زیاترە بە پارێزگاکان، بەڵام دەسەڵاتدارانی شیعە ئامادە نین مافی بەڕێوەبردنی دۆسیەی ئەمنیی پارێزگاکان بە دەسەڵاتە خۆجێییەکان بدەن، چونکە بەبۆچوونی ئەوان ئەمە کێشە بۆ میلیشیاکان دروست دەکات.

### هەرێمێکی سوننی بە چاودێریی ئەمریکا

شێخ ئەمیر سامر، شێخی عەشیرەتی ئەلموحامەدە لە فەللوجە، پێیوایە پاراستنی سوننەکانی عێراق لە ئەستۆی ئەمریکی و بەریتانییەکانە. ئەو دەڵێت "ئێمە دەمانەوێ ئەوانەی ئەم کارەساتەیان بەسەر ئێمە هێناوە، واتە ئەمریکا و بەریتانیا، بگەڕێنەوە. بۆ ئەوەی ئەنبار نەبێ بە پردێک کە ئێران لێیەوە بە دەریای نێوەڕاست ببەسترێتەوە، پێویستمان بە هەرێمێکە لەژێر چاودێریی ئەمریکادا بێ".

# هەڵبژاردن، دەستی واشنتن لە سووریا دەبەستێتەوە

رووداو - هەولێر



هەفتەی پێشوو ئەمریکا ئاگربەستە لەرزۆکەکەی لەگەڵ رووسیا هەڵپەسارد، بەم پێیەش هیواکان بۆ دەستپێکردنی دانوستاندنەکانی ئاشتیی سووریا و هاوکارییەکانی نێوان واشنتن و مۆسکۆ بۆ لێدانی داعش و بەرەی فەتحی شام (لقی قاعیدەی سووریا) کۆتاییان هات.

بە گوتەی جۆش ئێرنست، گوتەبێژی کۆشکی سپی، بەهۆی بەشداریی بەرفراوانی رووسیا لە بۆردومانەکانی حەلەب "هیچ نەماوە ئەمریکا و رووسیا گفتوگۆی لەسەر بکەن". ئەگەرچی گوتەبێژەکەی کۆشکی سپی هەڵوەشاندنەوەی ئاگربەستەکەی بە "تراژیدی" ناوبرد، بەڵام ئاماژەی بەوە نەدا ئەلتەرناتیڤ یان پلانی Bی ئەمریکا چی دەبێ، ئەگەر هەڵپەساردنی رێککەوتنەکە بۆ هەڵوەشاندنەوەی یەکجاری گۆڕا.

شارەزایانی سیاسی ئەمریکی و رووسی پێیانوایە رووسیا دوایین هەفتەکانی باراک ئۆباما، سەرۆکی ئەمریکا، دەقۆزێتەوە بۆ ئەوەی پێگەی خۆی و بەشار ئەسەد لە سووریا بەهێز بکات، لەبەر ئەوەی ڤلادیمیر پوتین، سەرۆکی رووسیا، مەزندەی ئەوە ناکات ئیدارەی ئێستای کۆشکی سپی لە ماوەی چوار مانگی داهاتوودا بەشداری راستەوخۆ لە جەنگی سووریادا بکات.

نیکۆلای پێترۆڤ، شارەزای سیاسی لە رووسیا، پێیوایە "پوتین پەلەیەتی" بۆ ئەوەی بەر لە هاتنەسەر کاری سەرۆکی داهاتووی ئەمریکا گورزی خۆی بوەشێنێ، بۆ ئەوەی ئەو کاتە ئیدارەی کۆشکی سپی لەگەڵ "واقیعێکی نوێی سووریادا بەرەوڕوو بێت و ناچاریش بێت قەبوڵی بکات".

ژمارەیەک بەرپرسی هەواڵگریی ئەمریکاش بۆ رۆژنامەی نیویۆرک تایمزی ئەمریکییان ئاشکرا کردووە کە "ئێستا ئامانجی سەرەکی رووسیا ئەوەیە هەر چۆنێک بێت رۆژهەڵاتی حەلەب لەدەستی چەکدارانی ئۆپۆزیسیۆن دەربهێنێ"، بەم شێوەیەش پانتایی ناوچەکانی ژێر کۆنترۆڵی حکومەتی سووریا بەرفراوانتر بکەن، بۆ ئەوەی دیمەشق و مۆسکۆ لە کاتی دەستپێکردنی هەر دانوستاندنێک لەگەڵ ئۆپۆزیسیۆنی سووریادا لە پێگەیەکی بەهێزترەوە قسە لەسەر داهاتووی سووریا بکەن.

رۆبەرت فۆرد، باڵیۆزی پێشووی ئەمریکا لە سووریا دەڵێت "رەنگە کۆتایی ئەم رەوتە نوێیەی رووسیا ئەوە بێت ئۆپەراسیۆنە سەربازییەکان بگەنە خاڵی بنبەست، بەڵام لەو کاتەدا بەشار ئەسەد، سەرۆککۆماری سووریا، لە پێگەیەکی بەهێزتردا بێت". فۆرد، کە یەکێک لە رەخنەگرە سەرختەکانی سیاسەتی ئۆباما لە سووریایە، بە دووری دەزانێت "ئۆپۆزیسیۆن خۆی رادەستی رژێم بکات یان جەنگەکە بوەستێنن، بەڵام بەهۆی لەدەستدانی حەلەبەوە دەکەونە پەراوێزەوە".

ماوەی ساڵێک بەسەر دەستپێکردنی هێرشە ئاسمانییەکانی رووسیا لە سووریا تێدەپەڕێ کە لە ماوەی چەند دەیەی رابردوودا گرنگترین دەستتێوەردانی سەربازیی راستەوخۆی رووسیا لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بووە. ئەم دەستتێوەردانەش لە لایەکەوە پێگەی حکومەتی سووریای بەهێزکردووە و لەلایەکی دیکەشەوە بژارەکانی ئەمریکا و هاوپەیمانان بۆ چارەسەری قەیرانی سووریای سنووردار کردووەتەوە.

ئەمریکا لە ماوەی زیاتر لە یەک ساڵی رابردوودا هێزی ئاسمانی بۆ پاراستنی ناوچەکانی باکووری سووریا بەکارهێناوە، بەڵام ئامادەنەبووە ناوی ئەم ناوچەیە بنێت "زۆنی ئارام یان دژەفڕین". بەڵام ئەگەر حکومەتی سووریا بتوانێ لە ئەنجامی هێرشە ئاسمانییەکانی خۆی و رووسیا، حەلەب لە ئۆپۆزیسیۆن وەربگرێتەوە، ئەوە کێشەی گەورە بۆ هێرشە ئاسمانییەکانی داهاتووی ئەمریکا لە باکووری سووریا دروستدەکات، تەنانەت ئەگەر ئەم هێرشانە لە دژی گرووپەکانی نزیک لە قاعیدەشەوە بن.

## بژارەکانی بەردەستی ئۆباما و دیموکراتەکان

ئۆباما تەنیا چوار مانگی لە کۆشکی سپیدا ماوە، بۆیەش ئەستەمە لەم ماوە کورتەدا دەست بۆ ئەلتەرناتیڤێکی گەورە بەرێت، بە تایبەتیش لەبەر ئەوەی ئۆباما هەر لە رۆژی یەکەمی سەرهەڵدانەکانی سووریا بە دوورەپەرێزی مامەڵەی لەگەڵ رەوشی سووریادا کردووە.

یەکێک لە بژارەکانی بەردەستی کۆشکی سپی ئەوەیە تێچوونی جەنگەکە لەسەر رووسیا بەرزبکاتەوە، بۆ ئەم مەبەستەش دەکرێت هاوشێوەی کاتی سەرهەڵدانی قەیرانی رۆژهەڵاتی ئۆکراینا، ئەمریکا بە هاوکاری وڵاتانی رۆژئاوایی پەنا بۆ سزای دارایی و بازرگانی لە دژی رووسیا بەرێت.

مۆسکۆ بەردەوام هەوڵی داوە زیانە مرۆییەکانی جەنگەکە لەسەر سوپای رووسیا و سووریا کەم بکاتەوە، بۆ ئەم مەبەستەش زیاتر پشت بە هێرشە ئاسمانییەکان بەستراوە. هەر بۆیەش بژارێکی دیکەی بەردەمی ئەمریکا داگیرساندنی گڵۆپی سەوزە بۆ وڵاتانی عەرەبی و تورکیا، بۆ ئەوەی چەکی دژە-فڕۆکە بدەن ئۆپۆزیسیۆنی سووریا، بەمەش تێچوونی تەکنەلۆژی و مرۆیی جەنگەکە لەسەر رووسیا بەرزبکەنەوە.

رۆژنامەی وۆڵ ستریت جورناڵی ئەمریکی لەسەر زاری بەرپرسانی هەواڵگری ئەمریکا ئاشکرای کردووە، بەرپرسانی سەربازی و هەواڵگری وڵاتانی ناوچەکە کۆمەڵێک کۆبوونەوەی نهێنیان رێکخستووە بۆ ئەوەی لە ئەگەری هەڵوەشانەوەی ئاگربەستەکەی نێوان رووسیا و ئەمریکا بیر لە پلانی B بکەنەوە.

بەگوێرەی سەرچاوەکانی وۆڵ ستریت وڵاتانی عەرەبی سوننەی ناوچەکە بێهیوا بوون لەوەی ئۆباما سیاسەتی خۆی لە سووریا بگۆڕێت و هەوڵەکانی بۆ دروستکردنی گوشار لەسەر ئەسەد چڕبکاتەوە، بۆیەش چاوەڕێ دەکەن بزانن "سیاسەتی کلینتن یان ترامپ چی دەبێ".

پێشتر هیلاری کلینتن، بەربژێری دیموکراتەکان بۆ هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی ئەمریکا، رایگەیاندبوو پشتگیری لە دروستکردنی ناوچەی دژە فڕین لە سووریا دەکات، ئەمەش پێویستی بە بەشداری زیاتر و کاراتری ئەمریکا لە قەیرانی سووریایە. کلینتن، کە لە نێوان ساڵانی 2009 بۆ 2013 وەزیری دەرەوەی ئەمریکا بووە، گوتبووشی دەبێ هاویکاری نهێنی پێشکەش بە چەکدارانی ئۆپۆزیسیۆن بکرێ.

ئەندرو جەی. تابلەر، لێکۆڵەر لە کاروباری سووریا لە پەیمانگای واشنتن دەڵێت "بەرپرسانی رووسی راستەوخۆ پێیانگوتووم کە بە بۆچوونی ئەوان ئەگەری بەکارهێنانی هێز لە لایەن هیلاری کلینتنەوە زۆر زیاترە لە ئیدارەی ئۆباما". تابلەر پێشبینیش دەکات هەتا هاتنەسەر کاری ئیداری داهاتووی ئەمریکا رۆژهەڵاتی شاری حەلەب لە ژێر کۆنترۆڵی چەکدارانی ئۆپۆزیسیۆن دەرکرابێ و حکومەتی سووریا لە باکوور هەتا باشووری وڵاتی لە ئۆپۆزیسیۆن وەرگرتبێتەوە.

ئەمە رێک ئەو ئەنجامەیە کە ساڵێک لەمەوبەر حکومەتی ئەمریکا پێشبینی نەدەکرد، تەنانەت هەندێک لە بەرپرسانی ئەمریکی پێشبینی ئەوەیان دەکرد رووسیا دواجار ناچار بێت ئەسەد بەرەو چارەسەری سیاسی هانبدات، بەڵام هەموو مەزندەکانی ئەمریکا نەک هەر هەڵە دەرچوون، بەڵکو ئێستا ئەمریکا بۆ هەموو هەنگاوێکی داهاتووی خۆی دەبێ ئاگای لە کاردانەوەی رووسیاش بێ.

جەنگی سووریا جەنگێکی نێودەوڵەتییە، هەر بۆیەش پریشکەکانی ئەم جەنگە تەنیا لە سنوورەکانی ئەم وڵاتە و بابەتەکانی پەیوەندیدار بە چارەسەرکردنی قەیرانەکەدا نامێنێتەوە. رۆژی دووشەممەی رابردوو دوای هەڵپەساردنی رێککەوتنی ئاگربەستی سووریا لەلایەن ئەمریکاوە. ڤلادیمیر پوتین یەکەم کارتی خۆی بەرووی ئەمریکا بەرزکردەوە و رایگەیاند وڵاتەکەی پەیماننامەی تایبەت بە کەمکردنەوە کۆگای پلۆتۆنیۆم هەڵدەپەسێرێ. ئەم هەنگاوەی رووسیا لە لایەکەوە دەریدەخات مۆسکۆ لە بەکارهێنانی کارتی ئەتۆمی بۆ دروستکردنی گوشار لەسەر واشنتن سڵ ناکاتەوە، لەلایەکی دیکەشەوە لە بایەخی رێککەوتنە ئەتۆمییەکەی ئێران کەم دەکاتەوە، کە ئیدارەی ئۆباما بە یەکێک لە سەرکەوتنە دیپلۆماتیکە گەورەکانی خۆی لە بواری رێگریکردن لە بڵاوبوونەوە و بەکارهێنانی چەکی ئەتۆمی وەسفی دەکرد.



## لە کوردستان هەفتانە 18 ئافرەت تووشی شێرپەنجەی مەمک دەبن



### توێژینەوەیەک:

# ژنانی کوردستان زووتر لە ژنانی رۆژئاوایی تووشی شێرپەنجەی مەمک دەبن

## پزیشکێک: ئامارەکە زیاترە، چونکە هەموو حاڵەتەکان تۆمار ناکرێن

سەروەر سالار
رووداو- سلێمانی

بەپێی نوێترین ئاماری وەزارەتی تەندروستی لە هەرێمی کوردستان لە شەش مانگی یەکەمی ئەمساڵدا، هەفتانە زیاتر لە 18 ئافرەت تووشی شێرپەنجەی مەمک دەبن. توێژەرانی تەندروستیش بۆیان دەرکەوتووە تەمەنی تووشبوون بەو شێرپەنجەیە لە کوردستان کەمترە، ئەوەش دەگێڕنەوە بۆ گۆڕانی شێوازی ژیان بەرەو ژیانی رۆژئاوایی.

بەپێی ئەو ئامارەی لەلایەن د.خاڵس قادر، بەڕێوەبەری گشتیی دیوانی وەزارەتی تەندروستیی هەرێمی کوردستانەوە دراوەتە (رووداو)، لە نیوەی یەکەمی ئەمساڵدا 479 حاڵەتی شێرپەنجەی مەمک لە کوردستان تۆمارکراون (هەولێر 133، سلێمانی و هەڵەبجە 179، دهۆک 67 حاڵەت). بەپێی هەمان ئامار، ساڵی رابردوو 524 حاڵەت و پێراریش 813 حاڵەت تۆمارکراون.

بەپێی ئەو ئامارانە، هێشتا رێژەی شێرپەنجەی مەمک لە کوردستان ناگاتە پێنجیەکی ئەوەی لە وڵاتانی رۆژئاوایی هەیە. بەڵام پسپۆڕێکی پزیشکیی کۆمەڵ گومانی لەو ئامارە هەیە.

د.فەتاح حەمەڕەحیم هەورامی، هەڵگری بڕوانامەی بۆرد (دکتۆرا) لە پزیشکیی کۆمەڵ و مامۆستای زانکۆی سلێمانی، بە (رووداو)ی گوت "پێمویە شێرپەنجەی مەمک لە کوردستان کەمترە بەراورد بەوەی لە ئەوروپا و ئەمریکا هەیە، بەڵام جیاوازییەکە بەو رادده زۆرە نییە".

لەبارەی هۆکارەکانی ئەو جیاوازییە، د.فەتاح وای دەبینێت کە لە کوردستان هەموو حاڵەتەکانی شێرپەنجە تۆمار ناکرێن "لە کوردستان سیستمی پشکنینی پێشوەختە کارا نییە و تەنیا ئەوانە پشکنین دەکەن کە تووش بوون، بۆیە دەکرێ چەندین حاڵەت هەبن کە لە قۆناغەکانی سەرەتای شێرپەنجەی مەمکدا بن و تاوەکو ئێستا تۆمار نەکرابن".

جگە لەوە، پزیشکە پسپۆڕەکە پەرشوبڵاویی داتاکان و نێوەندەکانی تۆمارکردنی نەخۆشییەکە بە هۆکار دەزانێ "سیستمێکی ئاماری یەکگرتوومان نییە، تەنانەت لە هەمان شاردا چەند نێوەندێک هەن کە نەخۆشەکان روویان تێدەکەن. بۆ نموونە ئێمە لە سلێمانی هەم سەنتەری نەخۆشییەکانی مەمکمان هەیە، هەم نەخۆشخانەی هیوا، هەندێک حاڵەتیش لە دەرەوەی ئەو سەنتەرانە نەشتەرگەری و چارەسەر وەردەگرن و تۆمار ناکرێن، بەو شێوەیە هەموو حاڵەتەکان ناچنە یەک نێوەند".

### شێرپەنجەی مەمک چییە؟

شێرپەنجەی مەمک، بریتییە لە گۆڕانی شێرپەنجەیی لە شانەکانی مەمکدا کە زیاتر لە کۆکەرەوە و رێڕەوەکانی شیردا روودەدات. شێرپەنجەی مەمک زیاتر لە پێنجیەکی ئەو شێرپەنجانە پێکدێنێ کە تووشی ئافرەتان دەبن و لە ساڵی 2008دا زیاتر لە 458 هەزار ئافرەت بەو جۆرە شێرپەنجەیە مردوون.

### کوردستان تەنیا بیری لەلای چارەسەرە

د.فەتاح دەڵێ سیستمی تەندروستیی کوردستان ئەوەندەی بیر لەوە دەکاتەوە چۆن تووشبووان چارەسەر بکات، پلانێکی بەهێزی نییە بۆ هاندانی خانمان تاوەکو خۆیان لە تووشبوون بپارێزن، یان هۆشیاریان بکاتەوە لە گرنگیی پشکنینە پێشوەختەکان و زوو دەستنیشانکردنی نەخۆشییەکە " سیستمی تەندروستیی ئێمە سەنگەری یەکەمی بەرگری چۆڵ کردووە و خەریکی دیواری دووەم و سێیەمە، لەکاتێکدا سەنگەری یەکەم گرنگترینە کە بریتییە لە لایەنی هۆشیارکردنەوەی ئەوانەی هێشتا تووش نەبوون، یان لە سەرەتای تووشبووندان و نازانن ئەو نەخۆشییەیان هەیە".

دکتۆر هەورامی نەبوونی رێکخراوی ناحکومیی تایبەت بە شێرپەنجەی مەمک لە کوردستان بە ناتەواوییەکی دیکە دەبینێ لە پرسی رووبەڕووبوونەوەی شێرپەنجەدا "وڵات هەیە 15-20 رێکخراوی ناحکومیی تێدایە کە کاریان تەنیا هۆشیارکردنەوەی خانمانە لە شێرپەنجەی مەمک".

### کێ زۆرتر تووش دەبێ؟

- 99%ی تووشبووان ئافرەتن
- بۆماوەیی
- ئەو ئافرەتانەی منداڵیان نابێت.
- ئەوانەی شیری خۆیان نادەنە منداڵەکانیان.
- جگەرەکێش.
- قەڵەوی.
- ستایلی نادروستیی ژیان.

### بۆچی گەنجەکان زۆرتر تووش دەبن؟

د.شێرکۆ عەبدوڵڵا، هەڵگری بڕوانامەی دکتۆرا لە نەشتەرگەریی گشتی، یەکێک لەوانەی ساڵی رابردوو سەرپەرشتی توێژینەوەیەکی لەبارەی شێرپەنجەی مەمک کردووە، دەڵێت لە کوردستان چەند هۆکارێک هەن کە ژنانی خوار پەنجا ساڵی زۆرتر تووشی شێرپەنجە دەبن، لەوانە:

1- زۆر خواردنی مریشکی پەلەوەرگاکان: ئەو مریشکانە ماددەگەلی هۆرمۆنییان پێدەدرێت و خانمانیش بە خواردنی ئەو مریشکانە هەمان هۆرمۆن وەردەگرن و ئەوەش رێگا بۆ تووشبوون بە شێرپەنجە زیاد دەکات.

2- شیرینیی دەستکرد: خەڵکی ئێستا زۆر زیاتر لەوانەی پێشوو شیرینییە دەستکردەکان دەخۆن بە تایبەتی لە بۆنەکاندا.

3- خواردنە خێرا و لە قوتوونراوەکان لەلایەن گەنجانەوە زیاتر بەکاردەهێنرێن، بە بەراورد بە خانمانی بەتەمەن کە زیاتر بە خۆراکە کلاسیکییە کوردییەکانەوە پابەندن.

4- گرتنەبەری شێوازی رۆژئاواییانە لەلایەن خانمانی نوێوە، لە نموونەی ئەو شێوازانەش کە شێرپەنجەی مەمک زیاد دەکەن: درەنگ شووکردن، درەنگ منداڵبوون و کەم منداڵبوون، دوورکەوتنەوە لە شیردانی سرووشتی و بەکارهێنانی رێوشوێنی رێگریی لە منداڵبوون وەک حەبی دژە سکپڕی و هاوشێوەکانی.

### نیشانەکانی

- بوونی گرێ لە مەمکدا یان لە بنباڵدا.
- گەورەبوون و شۆڕبوونەوەی مەمک
- پووکانەوە و رۆچوونی گۆی مەمک.
- سووربوونەوە یان پووکانەوەی پێستی مەمک.
- دەرچوونی شلەمەنی لە گۆی مەمک.
- ئازارێکی جێگیر لە مەمک و دەوروبەریدا.

### ژنانی کورد بە گەنجی تووش دەبن

توێژینەوەیەک کە ساڵی رابردوو لەسەر 884 ئافرەتی کوردستان (454 تووشبووی شێرپەنجەی مەمک و 430 کەسی تەندروست) کراوە، دەریخستووە تەمەنی نێوەندیی تووشبوون بەو نەخۆشییە لە کوردستان 49-45 ساڵە، بەڵام لە ئەمریکا نزیکەی 60 ساڵە. پزیشکانی توێژەر دوای دەرکەوتنی ئەو ئەنجامانە گوتبوویان دەبێت لە کوردستان لە تەمەنێکی زووترەوە پشکنینی پێشوەخت بۆ شێرپەنجە بکرێ، بۆ نموونە لە ئەمریکا لە 50 ساڵیدا ئەو پشکنینانە دەکرێن، دەبێت لە کوردستان خانمان هان بدرێن لە تەمەنی 40-45 ساڵییەوە بیکەن.

# گیرانی جۆگەی فرمێسکی منداڵ

دکتۆر شادمان حەمەئەمین

جۆگەی فرمێسک، بریتییە لەو جۆگەیەی کە فرمێسک دەگوازێتەوە لە چاوەوە بۆ نێو لووت. سەرەتای جۆگەکە لە گۆشەی ناوەوەی چاو بە دوو کون دەستپێدەکات (پەنکتا)، جۆگەکە بە زمانەیەک کۆتایی دێت لەنێو لووتدا (زمانەی هاسنەر). گیرانی ئەم جۆگەیە دەبێتە هۆی سەرڕێژکردنی فرمێسک لە چاوەوە.

گیرانی جۆگەی فرمێسک دیاردەیەکی بەربڵاوە، بەجۆرێک 20%ی منداڵی تازەبوو هەیەتی. 95%یان تاوەکو تەمەنی یەک ساڵی چاک دەبنەوە، کەمێکیان چارەیان دەوێت..

### هۆکارەکانی:


- نەکرانەوەی دوو کونی سەرەتا (پەنکتا)
- دروستبوونی کیس لە نێوەندی جۆگەکەدا.
- دروستبوونی پەردەی زیادە لە نزیک زمانەی هاسنەر.
- هۆکاری دیکەی دەگمەن وەک: نەخۆشیی کرۆزن، گۆلدنهار و تریکەر کۆلن.

### نیشانەکانی:

- منداڵەکە فرمێسکی زۆرە لە یەک لا یان هەردوو لا..
- ئاوسان (سووربوونەوە) توێخهەڵدانی پێڵوو (هەوکردنی پێڵووەکان)
- ئاوسانی لاتەنیشتی لووت و پەستان خستنە سەر کیسەی فرمێسک (تەنیشتی لووت) دەبێتە هۆی دەردانی شلەیەکی لینج بۆ نێو چاو.
- تاقیکردنەوەی دیارنەمان: 2%ی فلۆریسین دەکرێتە نێو چاوەوە، دواتر پشکنینی چاو دەکرێت، ئەگەر ئەم مادەیەی تێدا بمێنێتەوە ئەوا گیراویی هەیە لە جۆگەی فرمێسکدا.

چارەسەر: راوێژکردن بە پزیشکی چاو

- شێلان (مەساجکردن): بە پەنجەی بچووک یان تەنیشتی ئەو ناوچەیەی تەنیشتی لووت مەساج دەکەیت، بەشێوەی بازنەیی، رۆژی سێ جار، هەر جارەش 10 سووڕ مەساجی بۆ دەکەیت.
- گەورەکردن بە ئامێر (پرۆب): ئامێرێکی شێوە تەلە، بەکاردێت بۆ فراوانکردنی جۆگەکە لە هەر جێیەک تەسکی هەبێ. باشتر وایە دوای یەک ساڵی بکرێ (مەگەر نیشانەی زۆر بێت). ئەگەر سەرکەوتوو نەبوو دەتوانرێ دووبارە بکرێتەوە..
- نەشتەرگەری: لە تەمەنی سێ ساڵیدا دەکرێ، کۆمەڵێک رێگا بەکاردێت (چاککردنی ئێسک، دانانی بۆریچکەی دەستکرد و کردنەوەی جۆگەکە)





# مرۆڤ لە 125 ساڵ زۆرتر ناژی

رووداو- دەیلی تەلەگراف

مرۆڤ لە 125 ساڵ زۆرتر ناژی و هیچ پێشکەوتنێکی زانستیی پزیشکی ناتوانێ ئەو سنوورە بشکێنێ، ئەمە ئەنجامی توێژینەوەیەکی جیهانییە.

لە سەدەی نۆزدەوە بەردەوام تێکڕای تەمەنی مرۆڤ لە هەڵکشاندا بووە. بەجۆرێک، ئەو منداڵەی ئێستا لە وڵاتێکی پێشکەوتوو لەدایک دەبێ، پێشبینی دەکرێ 81 ساڵ بژی، ئەوە لەکاتێکدا ساڵی 1900 ئەو پێشبینییە تەنیا 50 ساڵ بوو.

ئەو بەردەوام زیادبوونەی تەمەنی مرۆڤ، وای لە زاناکان کردبوو وەها بیربکەنەوە کە درێژکردنی تەمەنی مرۆڤ سنووری نییە و دەکرێ هەر بەردەوام بێت. بەڵام وا دیارە خاڵێکیش هەیە کە ئیدی تێیدا زانست بێ ئومێد دەبێ لە هەوڵەکانی بۆ هەرچی زۆرتر درێژکردنی تەمەن. توێژینەوەکی نوێ دەڵێ راددەیەکی دیاریکراو هەیە کە لەوێدا ئیدی پرۆسەی درێژبوونی تەمەن رادەوەستێ.

زانایانی زانکۆی پزیشکیی ئەلبێرت ئەنیشتاین لە نیویۆرک دەڵێن، ساڵی 1997، تەمەندرێژیی مرۆڤ گەیشتە لوتکە کاتێک تەمەنی مرۆڤێک گەیشتە 122 ساڵ کە خانمێک بوو بەنێوی جان کالمێنت و لە هەمان ساڵدا گیانی سپارد.

لە دوو دەیەی رابردوودا تەمەندرێژترین مرۆڤەکان لە دەوروبەری تەمەنی 110 ساڵیدا مردوون و هیچ کەس نەگەیشتووەتە تەمەنەکەی خاتوو کالمێنت. تەمەندرێژترین مرۆڤ کە ئێستا لە ژیاندا هەیە کەسێکی ئیتاڵییە بەنێوی ئیما مورانۆ و تەمەنی 116 ساڵە، هەرچەندە خەڵکی دیکە هەن کە بانگەشەی تەمەنی لەوە زۆرتر دەکەن.

توێژەران دەڵێن لەدەستدانی کارایی لە کۆپیکردنەوەی جینەکاندا لە دواییەکانی تەمەن، وادەکات ئیدی لە شوێنێکدا راوەستێ و چیدی تەمەن لەوە زۆرتر نەبێ کە لای ئەوان 125 ساڵە. ئەگەری تێپەڕینی کەسێک لەو تەمەنە ئەوەندە کەمە کە لە دەوروبەری یەک لە 10 هەزاردایە.

ئەوان وای دەبینن پێشکەوتنەکانی پشکنین و چارەسەری نەخۆشییە جیاوازەکان لە داهاتوودا، تێکڕای تەمەنی مرۆڤ زیاد دەکەن، بەڵام لە سەرووی 125 ساڵییەوە نا.

ساڵی 1960 زانای ئەنەتۆمی ئەمریکی لیۆنارد هایفلیک گوتبووی ئەستەمە مرۆڤ بتوانێ لە 120 ساڵ زیاتر بژی، چونکە ئیدی لەو تەمەنەدا تێلۆمەرەکانی بەرگە ناگرن و کرۆمۆسۆمی خانەکانی لەنێودەچن.

تێلۆمەر بەرگێکی پارێزەرە لە بەشی کۆتایی کرۆمۆسۆمەکاندا و DNAی خانەکان لە تێکچوون دەپارێزێ. لەگەڵ دابەشبوونەوەی چەند بارەی خانەکاندا، درێژیی ئەم تێلۆمەرانە کەم دەبێتەوە. واتا تاوەکوو تێلۆمەرەکان کورتتر بن، نیشانەکانی پیریی زۆرتر لەسەر جەستە دەردەکەون.

# پەرسێلکەکەی مانۆ بەرەو ئەڵمانیا دەفڕێت



**رووداو — هەولێر**

فیلمی سینەمایی "پەرەسێلکە" لە دەرهێنانی مانۆ خەلیل، لە دوو فێستیڤاڵی سینەمایی لە ئەڵمانیا و چیک نمایش دەکرێت.

مانۆ خەلیل بە (رووداو)ی راگەیاند، دوایین فیلمی بەناوی پەرسێلکە، لە بەشی پێشبڕکێی فێستیڤاڵی نێودەوڵەتیی فیلمی هاف بەشدارە و کێبڕکێ دەکات بۆ بەدەستهێنانی خەڵاتی فێستیڤاڵ. پەنجاهەمین خولی فێستیڤاڵی نێودەوڵەتیی فیلمی هاف لە 25-2016/10/30 بەڕێوەدەچێت و وەک مانۆ خەلیل دەڵێت "بە یەکێک لە گرنگترین فێستیڤاڵەکانی لە ئەڵمانیا و جیهان دادەنرێ". فیلمەکە لە 20 و 2016/10/21 لە فێستیڤاڵێکی دیکەی سینەمایی لە پراگی پایتەختی چیک نمایش دەکرێت و بۆ ئەم مەبەستە، مانۆ خەلیل لە 19 ئەم مانگە لە سویسراوە بەرەو چیک گەشت دەکات.

# شێنێ خێر دەکات



**دەریاز یونس**
**رووداو- هەولێر**

شێنێ ئاکۆ، یەکەم شاجوانی کوردستان کە لە ساڵی 2012 هەڵبژێردرا، ئەمساڵ بۆ تاج خستنە سەر شاجوانی 2016 گەڕایەوە هەرێمی کوردستان و دەڵێت "پڕۆژەی خێرخوازیی گەورەم هەیە".

شێنێ ئاکۆ بە (رووداو)ی راگەیاند "بۆ ئەنجامدانی پڕۆژەیەکی خێرخوازیی گەورە گەڕاومەتەوە کوردستان و هەموو هەوڵێک دەدەم کە ئەم پڕۆژەیە سەرکەوتوو بێت، پڕۆژەکە لە تەواوی پڕۆژە خێرخوازییەکانی دیکە گەورەترە".

شێنێ کە تاجی شاجوانی خستە سەر سەری ژالیا سابیر، شاجوانی کوردستان بۆ 2016، لەبارەی ئەنجامدانی پڕۆژەی خێرخوازیی هاوبەش لەگەڵ ژالیا، گوتی "تا ئێستا هیچ پڕۆژەیەک و پلانێک بۆ ئەنجامدانی کاری پێکەوەیی نییە، بەڵام ئەگەر پێویست بێت، هاوکاریی دەکەم".

# عەلوش دێتە هەولێر



پشتیوان جەمال
رووداو- سلێمانی

لەسەر بانگهێشتی کۆمپانیای وایت میدیا، وا بڕیارە لەم هەفتەیەدا گۆرانیبێژی سووری، عەلی دیک شەوە ئاهەنگێک لە هۆتێلێکی بەناوبانگی شاری هەولێر ساز بکات.

هاودەنگ ئاکۆ، بەرپرسی مارکێتینگ لە کۆمپانیای وایت میدیا بە (رووداو)ی راگەیاند، شەوی 2016/10/14 عەلی دیک لە شاری هەولێر ئاهەنگێک ساز دەکات و گوتی "دوای ئەوەی لە مانگی ئابدا شەوە ئاهەنگێکی لە شاری سلێمانی سازکرد، ئەمجارە لەسەر داواکاریی زۆری خەڵکی هەولێر بانگهێشتی دەکەینەوە".

پێشتر وایت میدیا بەهاوکاریی کۆمپانیایەکی لوبنانی، عەلی دیکی بانگهێشت کرد، بەڵام بەگوتەی هاودەنگ، ئەمجارە بەتەنیا ئەو کارەی لەئەستۆ گرتووە. عەلی دیک گۆرانیبێژێکی بەڕەچەک سوورییە و بە گۆرانی عەلوش کە چەند ساڵێک لەمەوبەر بڵاوی کردەوە، ناوبانگێکی زۆری پەیداکرد.

# دانا و وریا چاویان لە ئۆسکارە



**رووداو- هەولێر**

دانا و وریا، ئەو دوو ئەکتەرەی کە رۆڵی سەرەکی لە فیلمی سینەمایی کلاسیکۆ دەبینن، دەڵێن ئێستا خەونیان ئەوەیە فیلمەکەیان خەڵاتی ئۆسکار بۆ ساڵی 2017 بباتەوە، دوای ئەوەی لەلایەن عێراقەوە بۆ بەدەستهێنانی خەڵاتی فیلمی بیانی بۆ ئەو خەڵاتە جیهانییە شۆرتلیست کراوە.

دانا بە (رووداو)ی راگەیاند کە ئەوان زۆر خۆشحاڵن بەوەی فیلمەکەیان لە باشووری کوردستان پێشوازی زۆری لێکراوە، دانا گوتی "فیلمەکەمان ئێستا بەربژێری عێراقە بۆ وەرگرتنی خەڵاتی ئۆسکار، هیوادارم بۆ یەکەمجار فیلمێکی کوردی بتوانێت ئەو خەڵاتە بەدەستبهێنێ".

# یاری دلبرین نازەنینە



**رووداو — هەولێر**

دلبرین ئاکرەیی، هونەرمەندی گۆرانیبێژ، سەرقاڵی کلیپکردنی گۆرانییەکە لە هۆڵەندا و لە ئایندەیەکی نزیکدا بڵاوی دەکاتەوە.

دلبرین ئاکرەیی بە (رووداو)ی راگەیاند، ئێستا سەرقاڵی کلیپکردنی گۆرانییەکە بەناوی "یارا نازەنین" کە شەشەم تراکی ئەلبوومی "خەیاڵ"ە. ڤیدیۆکلیپەکە لەلایەن کۆمپانیای "یاد میدیا ستۆدیۆ" بەرهەم دێت، پاڤێڵ سەرهەنگ کاری وێنەگرتن و دەرهێنانی بۆ دەکات و بەم نزیکانە بڵاودەکرێتەوە. گۆرانی "یارا نازەنین" لە تێکستی سەبری بۆتانییە و مەحموود ئاکرەیی ئاوازی بۆ داناوە.

دلبرین ئاکرەیی، لە هۆڵەندا نیشتەجێیە و خاوەنی ئەلبوومێکی گۆرانییە بەناوی "خەیاڵ" کە لە 10 تراک پێکهاتووە و بڕیارە بەم نزیکانە بڵاوبکرێتەوە.

# عادل ئیمام هێز دەبەخشێتە رانیە



**رووداو — هەولێر**

رانیە یوسف کە لە نەوەتەکاندا شاجوانی میسر بووە، ئاشکرای کرد لەگەڵ ئەکتەری میسری عادل ئیمام بەشداریی زنجیرە درامایەک دەکەن کە هەردووکیان رۆڵی سەرەکیی تێدا دەبینن.

رانیە یوسف کە لە ساڵی 1973 لەدایک بووە، یەکێک بوو لە ئەندامانی لێژنەی دادوەریی هەڵبژاردنی شاجوانی کوردستان. ئەو لە لێدوانێکدا بە (رووداو)ی گوت "ئێستا ئامادەکاری بۆ بەرهەمهێنانی زنجیرە درامایەکی نوێ دەکەین کە تێیدا من و ئەستێرەی عەرەب عادل ئیمام پێکەوە دەردەکەوین، دراماکە باس لە ژیانی کۆمەڵایەتی ئێستای خەڵکی میسر دەکات و بەجۆرێکی کۆمیدی-درامی رووداوەکان دەگێڕێتەوە".

رانیە دەشڵێت "زۆر دڵخۆشم کە لە کارێکدا لەگەڵ ئەو دەردەکەوم، ئەو ئەکتەرێکە بە مانای وشە هێز و متمانەی گەورە دەبەخشێتە ستاف، من ئەزموونی گەورەم لەگەڵ عادل ئیمام وەرگرتووە و هەمیشە خۆشترین ساتەکانی دەرکەوتنم و رۆڵبینینم لەگەڵ ئەو بووە".

# شاجوان سەنتەری جوانکاری دەکاتەوە



**دەریاز یونس**
**رووداو — هەولێر**

ئانابێلا هیلال، شاجوانی لوبنان و یەکێک لە شاجوانە جیهانییەکان دەڵێت، لە داهاتوویەکی نزیکدا بە پڕۆژەی گەورەوە دێتەوە هەرێمی کوردستان.

ئانابێلا هیلال، شاجوانی لوبنان بە (رووداو)ی راگەیاند "باشووری کوردستان ئایندەیەکی روونی هەیە، چاوەڕێ دەکرێت لە ئایندەیەکی نزیکدا ببێتە ناوەندێکی گەورە بۆ هەموو رۆژهەڵاتی ناوەڕاست".

هیلال دەشڵێت "لە ئایندەیەکی نزیکدا بە پڕۆژەیەکی گەورەوە دێمەوە کوردستان، پلانمان هەیە لەگەڵ نادر سەعبی هاوژینم کە پسپۆڕی جوانکارییە، سەنتەرێکی گەورەی جوانکاری لە هەولێر بکەینەوە".

# بەختی رووداو



ئایار فەلەکی
ayarfalak@hotmail.com

**کاوڕ**
هەرچەندە لە ناخەوە دڵتەنگیت، بەڵام پێویستە لەگەڵ خەڵک دەمبەخەندە و رووخۆش بیت. رێگەیەکی ئاسان دەبینیتەوە بۆ چارەسەری کێشەی ئەڤیندارەکەت. دەسکەوتی داراییت بەرەو بەرزبوونەوە دەچێت.

**گا**
کارە ناتەواوەکان تەواو بکە پێش دەستپێکردنی کاری نوێ، لە جێبەجێکردنی پلانەکەت مەترسە و هەنگاو بە هەنگاو بەرەو پێش دەچیت. ئەگەر کەسێک لە ژیانت خۆشحاڵی کردوویت هەوڵ بدە لەدەستی نەدەی.

**دووانە**
ئەم هەفتەیە لە تاقیکردنەوەیەک سەرکەوتوو دەبیت، ئەگەر پلانی باشت هەبێت دەتوانی خۆت بۆ ئەنجامدانی پڕۆژەیەکی بچووک ئامادە بکەیت. دیداری کەسێک دەکەیت کە سەرسامت دەکات.

**قرژاڵ**
لە هەموو هەنگاوەکاندا بەخت هاوکاریت دەکات، بەڵام هاوکارییەکی زۆر کەمە و کارە قورسەکان دەکەوێتە سەر شانی خۆت. دەتوانی لەگەڵ ئازیزێک گەشتێک بکەیت یان بیر لە پڕۆژەیەکی هاوبەش بکەنەوە.

**شێر**
لەم ماوەیەدا رێگە بە بەرامبەرەکەت بدە هەموو هەستی خۆی دەرببڕێت، رەنگە بیەوێت لە رێگەی بابەتێکەوە دەرگایەکی گفتوگۆی نوێ بکاتەوە. بیر لە خەرجکردنی پارەیەکی کۆکراوە مەکەرەوە.

**فەریک**
هەست دەکەیت جار لە دوای جار هەنگاوەکان قورستر دەبن، ئەم ماوەیە هەوڵەکانت لە بارەی داراییەوە زیاد بکە چونکە لەو لایەنەوە بەختەوەر دەبیت. رەنگە کارەکەت بگۆڕیت یان پارەیەک بخەیتە کارێکەوە.

**تەرازوو**
هەرچەندە ماوەی چاوەڕوانییەکە درێژ بوو، ئێستا هەست بە ئاسوودەیی دەکەیت و گلەیی و گازندەت کۆتایی دێت، پەلە نەکەیت خۆشی زیاتری بەدووودا دێت. دەرگایەک بۆ کاری نوێ دەکرێتەوە.

**دووپشک**
ئەگەر بە تووڕەبوون و عینادی پەیوەندییەکانت تێکنەدەیت، ئەم مانگە خەڵک بە نەرم و نیانی مامەڵەت لەگەڵ دەکەن. بۆ گەیشتن بە ئاواتێک پێویستە کەمێک چاوەڕوان بیت. باری دارایی مامناوەند دەبێت.

**کەوان**
کاتێک بڕیارێکی گەورە دەدەیت، لە خەیاڵدا دەترسیت بەڵام لە کۆتاییدا سەرکەوتوو دەبیت، تەنها بیر لە لایەنە خراپەکان مەکەرەوە بەڵکو سەیری لایەنە باشەکانیش بکە. خەرجییەکان زۆر دەبن.

**گیسک**
تێگەیشتنی خۆت باشترە لەوەی گوێ لە کەسێک بگریت شیکردنەوەت بۆ بکات، بابەتەکان چەند گەورەش بن بە بچووکی تەماشایان بکە. ئەو بابەتانەی سەرنجت رادەکێشن لای خۆت تۆماریان بکە هەتا لەیادیان نەکەیت.

**سەتڵ**
لە شوێنێکی دوورەوە هەواڵی خۆش دەبیستی، کەسێک دەگەڕێتەوە بۆ لات کە پێشتر لێی دابڕاویت. هەمیشە چاوەڕوانی رووداوی ناخۆش مەبە، بە کتوپڕی هەواڵێکی خۆش هەموو دۆخەکە دەگۆڕێت.

**نەهەنگ**
دەتوانی پشت بەو بەڵێنە ببەستی کە چاوەڕوانی دەکەیت، سەرکەوتن هەوڵ و تێکۆشانی بەردەوامی دەوێت، گرنگ نییە لە کوێدا شکست دەهێنیت، بەڵام لە بەرامبەردا دەبێت کارێکی باشتر بکەیت.

# ژنێک، لە بیرەوەرییە تەماوییەکاندا


کامەران سوبحان



(بەشی یەکەم)

(1)

لەسەردەمی شا سوڵتان حوسێنی سەفەوی و لەساڵی (1708) دا، بنەماڵـەی کـوردی قادریی دەرگەزێنی، کە شـا سوڵتان حوسێن بـەزۆر لە ناوچەکانـی هەمـەدان دەربەدەری کردن، هەندێکیان لە سـنە نیشـتەجێ بوون و بەشێکیشـیان خۆیان گەیاندە سـلێمانی و وەک دەڵێن، گەڕەکی (دەرگەزێن) کە یەکێکە لە گەڕەکە کۆنەکانی سـلێمانی، دوای هاتنی ئەوان ئـاوەدان کراوەتەوە. لـەو ڕۆژگارەدا و لەم کۆچە زۆرەملێیەدا، سـەدان بەڵگەنامەی ئەدەبـی و کتێبـی مێژوویـی گرنگـی کـورد فەوتان. جارێکی دیکەش لەناوچەی هەورامان و شارەزوور، لەکاتی هێرشی تەتەر و مەغۆلدا، دەیـان کەشـکۆڵ و دەسـتنووسـی کـوردی فەوتاون و چەندین نامەخانەی گەورەی کتێب و بەیتـی کـوردی سـووتێنراون و زۆر زانا و نووسەر و شاعیری کوردیش بە زۆر، خۆیان و ماڵ و منداڵیان کۆچیان پێکراوە بۆ مووسـڵ و سـووریا و میسـر. بەمەش بەشـێکی زۆری ئەدەبیاتی کوردی لەناوچوو.

ئەمە کۆتایی دەرکردن و کۆچی زۆرەملێی کـورد نەبـوو، پێـش ئـەم ڕووداوە و پـاش ئەمیـش، دەیـان ڕووداوی هاوشـێوەی ئەمە هەبووە. تا ئێسـتاش پاشـخان و پاشماوەی سـووتان و وێرانکردنـی ئـەو مێـژووە لـە مۆزەخانـە و کتێبخانـە دەستنووسـەکانی وڵاتانـی دونیـادا پارێـزراوە و نەبوونـی کەسـی پسـپۆڕ، وای کردووە بەشێکی زۆری ئـەو مێـژووە هەر لـە نادیاریـدا بمێنێتەوە. هەرچەنـدە لـە هەمـوو سـەردەمێکدا کەسـێک وەک ئەفسـانەی قۆناغەکەی خۆی هەڵکەوتووە و دەسـتی بۆ ئەو لاپەڕە پەرش و ونبووانە بردووە. یەکێک لە دیارترین هەوڵ و کۆششـەکانی نووسینەوەی ئەو مێژووەش، لەلایـەن خانمێکـی کـوردەوە بـووە کـە لە سـەدەی نۆزدەدا ئەم مێـژووەی لە کتێبێکدا نووسیوەتەوە و لە پێشەکییەکەیدا دەبێژێ:

(منـی وا بێ نرخ و هەژار، کە ناوم........ کچی ئەولەسـەن بـەگ و نەوەی حەمە ئاغای نازری کوردسـتانیم. چونکە باوکم زۆر حەزی لـە خوێندن بووە و منیش کچی نۆبەرەی ئەو بووم، خۆشـی ویسـتووم و پێـی خوێندووم. منیـش هـەر لـە تافـی منداڵیمـەوە خـووم زۆر دابـووە کتێـب. هەمـوو جـۆرە کتێبێکم دەخوێندەوە، لەناویاندا زۆرم خۆش بە مێژوو دەهـات، تا ڕۆژێکیان چاوم بە کتێبێک کەوت دەربارەی کوردستان بوو. هەرچەندە زۆریشی تیاچووبوو، بەڵام هێشـتا کەموکوڕییەکی هەر مابـوو. کەوتە سـەرم منیـش گەوێک بخەمە سـەر ئەو زنجیـرەی سەرگوزشـتەی مێژووی ئەردەڵانـی، بـە تایبەتیـش کە خۆم ئێسـتا نانخۆری ئەوانم و شانازی بەبەختم دەکەم کە ئێسـتا خزمیانم، بۆ ئـەم کارەش ڕوانیومەتە زۆر کتێبان و پرسیارم لە پیرە پیاوان کردووە و ئەم کتێبە مێژووییەم لێ سازداوە.)

ئەمـە پێشـەکی کتێبێکـی گرنگ و پڕ بایەخی مێژوویـی کوردە بەناوی (مێژووی ئـەردەڵان) کە مامۆسـتا هـەژار موکریانی بـە زمانێکی جوان و پاراو لە فارسـییەوە کردوویەتی بە کوردی و لەلایەن شـاعیر و نووسـەر و مێژوونووسی کورد ماە شەرەف خانم، ناسـراو بە مەسـتوورەی ئەردەڵانی، نووسراوە. ئەم خانمە مێژووی وردی میرانی ئـەردەڵان و والـی و دەستڕۆیشـتووەکانی ئـەو سـەردەمە و سـەردەمی پێشـووتری بەشـێوەی زنجیـرە بـە دوای یەکـدا لـەو کتێبەدا نووسیوەتەوە.

(2)

ماە شەرەف خانم مەستوورەی ئەردەڵانی، وەک فیگـەر و سـیمبولێک لـەو ڕۆژگارە تەماوییانەی ڕۆژگاری خۆیدا دەرکەوت و بووە نموونەیەکـی دیـاری ئـەو شـاعیرانەی تری کورد کە ژمارەیەکی زۆر (شـیعر و غەزەل و بەیـت) یان ون بـووە و لەناوچووە. دیاردەی ونبوونی شـیعر و لەناوچوونی تەنیا لای ئەم شاعیرە کوردە نییە، بەڵکو زۆر لە شاعیرانی تـری کورد شـیعریان ون بووە. شـیعرەکانی (مەستوورە خانم) بە زمانی فارسی و کوردی و بە هەردوو شـێوەزاری هەورامی و سـۆرانی نووسـراون و ژمارەیـان زیاتـر لـە 20 هەزار بەیتـی شـیعری بـووە، بەڵام تەنیـا نزیکەی دوو هەزاریـان مـاون. ئـەو شیعرانەشـی کە مـاون لەلایـەن توێـژەران و لێکۆڵینڤانانەوە کۆکراونەتەوە و چەند جارێک چاپکراونەتەوە، بۆیە گومان لە هەندێ لەو شـیعرانە هەیە کە شیعری ئەو نەبن و وەک هەندێ لە شاعیرانی تری کلاسیکی کوردی، شیعری شاعیری دیکە بووبن و بە هی ئەو هەژمار کرابن.

یەکـەم جاریـش کە دیوانی مەسـتوورەی ئەردەڵانـی چاپ کـراوە، لەسـاڵی (1886) لەلایەن حاجی یەحیا موعەرەفەت کۆکراوەتەوە و ئەوەش تەنیا شـیعرە فارسییەکانی بوون. جـاری دووەم لەلایەن ئەحمـەد کەرەمییەوە لەسـاڵی 1983 کۆکراوەتـەوە و چاپ کراوە. سـێیەم جار سدیق بۆرەکەیی شیعرە فارسی و کوردییەکانـی پێکـەوە کۆکردووەتـەوە و لەسـاڵی 1998 لـە تاران چاپـی کردووە. پاش ئەمەش لەم ساڵانەدا لە دەزگای ئاراس جگە لە بەرهەمەکانی مەستوورەی ئەردەڵانی لـە چەنـد کتێبێکـدا، دیوانەکـەی و هەندێ دەسـتنووس و بەڵگەنامەیان چـاپ کرد کە لەلایەن محەممەد عەلی قەرەداغییەوە سـاغ کراوەتەوە.

جگـە لـەم هەوڵانـەش، چەند کەسـێکی دیکە لە سـنە و تاران لەم سـاڵانەی دواییدا بەشـێوەی جیاواز دیوانی شیعری مەستوورە و شـیکردنەوە و ڕاڤەکردنـی شـیعرەکانیان چاپ کردووە.

پـاش تێپەڕبوونـی زیاتـر لە 100 سـاڵ لەسەر مردنی مەستوورە، ئینجا لەنێو ڕەفەی کتێبخانـە دەستنووسـەکانی ئیسـتانبوڵ، بەرلین، نیودەلهی، شـام و تاران و هەندێ لە وڵاتانی دیکەدا، سـەدان و هـەزاران لاپەڕەی بەرهەمی شاعیران و نووسەرانی کوردی وەکو نالـی و مەولەوی و مسـتەفا بەگی کوردی و سەدان لاپەڕە لە کەشکۆڵ و مێژووی میرەکان و کەسایەتییە ناودارەکانی کورد دەردەکەون.

د.کەمـال فوئـاد، دوای گـەڕان و کۆششێکی زۆر، بەشێک لەو دەستنووسانەی لـە کتێبخانەی نیشـتمانیی بەرلین دۆزییەوە و سـاغی کردنەوە کە بەرهەمی نووسـەران و شاعیرانی کوردن و لە سەدەکانی 18 و 19دا نووسـراون. لەنێویانـدا نزیکـەی 50 لاپەڕە شیعری مەستوورەی ئەردەڵانی هەیە. پاشان مامۆسـتا محەممـەد عەلـی قەرەداغـی ئەو دەستنووسـانەی کۆکردنەوە و سـاڵی 2005 لە زنجیرە کتێبێکدا لەلایەن دەزگای ئاراسەوە بە چاپ گەیشت.

لەکاتـی خوێندنـەوەی شـیعرەکانی ئـەم دیوانەی مەسـتوورەدا، دڵتەنگی و پرسـیارم تێکـەڵ بـە یەکدی دەبـن، بـە غەمگینییەوە لەخۆم دەپرسـم، خانمێکی کورد لە سـەدەی 19دا کە 44 سـاڵ ژیـاوە، 20 هەزار بەیت و غەزەل و شـیعری نووسیوە. کاتێک لە زمانی گوزارشـت و ئاستی بەرزی وێنە و ڕەوانبێژیی شیعرەکانی رادەمێنی، دڵتەنگ دەبیت لەوەی کە ئەم خانمە شـاعیرە چەندە لە ئەدەبیاتی کوردیدا فەرامۆش کراوە.

**گرفتارم بە نازی چاوەکانی مەستی فەتتانت**
**بریندارم بە تیری سینە سووزی نێژی موژگانت**
**بەتاڵی پەرچەمی ئەگریچەکانت غارەتت کردم**
**دڵێکم بوو ئەویچت خستە ناو چاهی زەنەخدانت**
**بە قوربان، عاشقان ئەمڕۆ هەموو هاتوونە پابۆست**
**منیش هاتم، بمفەرموو بمکوژن، بمکەن بە قوربانت**
**تەشەکوور واجیبە بۆ من ئەگەر بمرم بە زەخمی تۆ**
**بە شەرتێ کفنەکەم بدووری بەتای زوڵفی پەرێشانت**

ئـەم پارچـە شـیعرەی مەسـتوورە، بە زمانێک نووسراوە دەڵێی شاعیرێکی پیاو بۆ ژنێکی نووسیوە، نەک بە پێچەوانەوە. ئەمە یەکێکـە لە تایبەتمەندییەکانی شـیعری ئەو ژنە شاعیرە کە بۆ ئەو سەردەمە و بۆ زیاتر لە 200 ساڵ لەمەوبەر شتێکی تازە و جیاواز بووە. لە دیوانە شـیعرییەکەیدا، مەستوورە بە هەردوو زمانی کوردی و فارسی کۆمەڵێک لاواندنـەوە و شـیعری بۆ مردنی خەسـرەو خانی ئەردەڵانی نووسیوە. شیعرەکان لەگەڵ ئەوەی لاواندنـەوەن و بۆ بۆنەیەکی تایبەتن کە مردنی هاوسەرەکەیەتی، بەڵام ئاستێکی بـاڵای تەکنیـک و زمانی شـیعریی هەیە کە هەندێک لە شـیکەرەوانی شـیعری کوردی، مەسـتوورە لـە ئاسـتی نالـی و مەولـەوی و مسـتەفا بەگـی کوردیدا پۆلێـن دەکەن. هەروەک چۆن هاوسەردەمی ئەو شاعیرانەش بووە و (نالی و مەولەوی) شیعری تایبەتیان بۆ نووسـیوە و وەسـفی جوانی و ڕەوشت و ڕۆشنبیرییان کردووە.

لە شـیعرێکی درێـژدا کە بە شـێوەزاری هەورامی بۆ مردنی خەسرەوخانی ئەردەڵانیی مێردی نووسـیوە، لە 133 بەیت پێکهاتووە و لاواندنـەوەو موناجاتێکی خۆی و سرووشت و بەهار و گوڵ و گوڵزارە و دەڵێت:

**خەسرەو وەهارەن**
**کۆریام جەدیدە فەسڵ وەهارەن**
**مەوسیمی جلووس گوڵ و گوڵزارەن**
**وادەی تەماشای سەیر و شکارەن**
**یەوەخت تەفریح قەلب و دەماغەن**
**فەسڵ ئارەزووی گوڵگەشت و باغەن**
**قەهقەهەی کەبکەن نەسەر کڵاوان**
**فەزای چەمەنەن، شاخەی شەتاوان**

**ئەووەڵ خەیمەی ئەلوان گوڵەن**
**ئیبتیدای شۆڕش ناڵەی بوڵبوڵەن**

بـەم دوو بەیتەش کۆتایی بە شـیعرەکە دێنێت کە شـەرت دەکات تا لە ژیاندا مابێت و تا ڕۆژی مەحشـەر، هەر واوەیلا و شیوەن بۆ هاوسەرەکەی بکات:

**باقی تا ئەوڕۆ عومر بەرجام بۆ**
**شەرت بۆ پەی خەسرەو هەر واوەیلا بۆ**
**تا خالیق گیرۆ دیوان مەحشەر**
**شینی (مەستوورە) جە شیرین بەدتەر**

مەستوورە، جگە لەم دیوانە شیعرە، سێ کتێبـی گرنگی لـەدوای خۆی جێهێشـتووە کـە بریتین لـە (شـەرعیات)، (ژیاننامەی ئەدیبـان) کە بیۆگرافیای شـاعیرانی کوردە و هەروەها (مێژووی ئەردەڵان).

بۆ یەکەمجـارە لە مێژووی کورددا، ژنێک لەبـارەی ڕوکن و بنەماکانی ئاینی ئیسـلام کتێبێـک بنووسـێت و هەریەکەیان بە وردی شـی بکاتـەوە. ئـەم کتێبـەی ئـەم خانمە 180 سـاڵ پێش کتێبەکەی مامۆسـتا مەلا عەبدولکەریمـی مودەڕیـس لەسـەر هەمان بابەت نووسراوە!


مەستوورە لە کتێبی (شەرعیات)دا زیاتر وەک زانایەکـی ئاینـی شـیکاری پایەکانـی ئیسـلام دەکات. ئەم کتێبـە لەگەڵ ئەوەی بچووکـە، بـەڵام بنەمـا سـەرەکییەکانی ئیسـلامی شـی کردووەتـەوە و خوێنەر کە دەیخوێنێتـەوە هەسـت دەکات ئەمە کتێبی زانایەکـی ئاینییـە و دەیەوێـت خوێنـەر بـە زمانێکـی سـادە و ئاسـان لـە بنەمـا سەرەکییەکانی ئاینی ئیسلام شارەزا بکات.

تێڕوانینـی (مەسـتوورە) بـۆ بنەمـا و پایەکانـی ئیسـلام لـەم کتێبـەدا دیدێکـی سـۆفییانەیە، چونکە ئـەم کتێبە پێش دوو سـاڵ لـە کۆچـی دوایی نووسـراوە و ئەو سەردەمە بووە کە لە خەڵوەت و گۆشەگیریدا بـووە، دوای نامورادبـوون و مردنی کەسـە نزیکەکانـی، لەوانـەش تاقانـە براکـەی و هاوسـەرەکەی و بەجێهێشـتنی یەکجاریـی سـنە و نیشـتەجێبوونی لە سـلێمانی. لەو سـاتانەدا خـۆی یەکلایـی کردووەتـەوە بۆ نووسین و سـەرقاڵی نووسینەوەی مێژووی ئـەردەڵان و ئـەم کتێبـە بووە. هـەر وەک خۆیشی لەوبارەیەوە دەبێژێ: "لە ڕۆژگارێکدا کـە گڵکۆی بەختـم لە بێ وەفایـی دەوران کەوتبـووە لێـژی و شووشـەی هەیبەتم بە بەردی نالەباری موقەدەری ڕۆژگار شکابوو، ڕۆژم بە وێنەی زوڵفی تازە بووەکان شـێواو بووە، ڕۆژگارم وەک خۆی بێ سەر و سامان کەوتبـوو، دڵـم بە تیـری خەدەنگی فەلەک خوێناوی مابوو، کۆشـکی بەختم بەدەستی گەردوونی نالەبار ڕووخابوو...).

ئـەم پێشـەکییە کورتـەی کتێبـی (شـەرعیات) دەریدەخات کە باری دەروونی و ڕۆحیـی مەسـتوورە چـۆن بـووە کاتێک دەسـتی بە نووسـینی ئەم کتێبـە کردووە. هـەر بۆیە ئەم کەشـە دەروونییە زیاتر وای کردووە ئەو دیدە سـۆفییانەی بۆ بنەماکانی ئیسلام لەم کتێبەدا ڕەنگ بداتەوە.

....

لـە بەشـی دووەمـی ئـەم نووسـینەدا و لـە هەفتـەی داهاتـوودا، باسـی دوا چرکەساتەکانی ژیانی مەستوورە دەکەین و دوایین وشەی نێو کتێبێکی ئاشکرا دەکەین کە بەسـەر نووسـینی ئەو وشـە و دێڕانەدا کۆچی دوایی کرد. پاشتر پەیوەندیی نێوان نالی و مەولەویی شـاعیر لەگەڵ مەستوورە و وەڵامی ئەو پرسـیارە باوە دەدەینەوە کە ئایـا نالی بە شـیعر هەجوی مەسـتوورەی کردووە؟





# لەڕوانگەی(ئۆشۆ)وە

حەمەسەعید حەسەن

(10)

ئەگەر ژن و مێرد وەک ڕۆح بە یەک بگەن، وەک ڕۆح یەک بگرن و وەک ڕۆح جووت ببن، ئیدی سێکس وەک ئەزموونێکی خودایی لێ دێت و وەها بە خۆشەویستیی یەکدی مەست دەبن، لێکدی جیابوونەوەیان ئەستەمە. بۆچی ژن، منداڵی خۆی، لە مێردەکەی خۆشتر دەوێت؟ چونکە لەگەڵ مێردەکەیدا، ناوبەناو بۆ ماوەیەکی کورت دەبن بە یەک، بەڵام لەگەڵ منداڵەکەیدا چل هەفتەی بێ دابڕان یەکێک بوون، هەمان ڕۆحیان هەبووە، هەمان خوێن بە دەماریاندا ڕەت بووە، پێکەوە هەناسەیان داوە و دڵیان لەسەر هەمان ڕیتم لێی داوە. قەت مێرد ناتوانێت، جێی چۆڵی منداڵ، بۆ ژن پڕ بکاتەوە و ژن تا منداڵی نەبێت، هەست بە کەموکوڕی دەکات، بە تەواوی ناگەشێتەوە و ناگاتە باڵایی. ژن کە دەبێت بە دایک، ئیدی بە شەرابی دایکایەتی مەست دەبێت و تامەزرۆییی بۆ سێکس کەم و زۆر ڕوو لە ساردی دەکات.

وەک ڕووبار چۆن تا نەگاتە دەشتایی هێمن نابێتەوە، ژنیش تا نەبێت بە دایک، ناخی هێور نابێتەوە. ئەگەر ژن پێوەندییەکی گەرم و قووڵی بە مێردەکەیەوە هەبێت، بە پلەی یەکەم وەک منداڵی خۆی مامەڵەی لەگەڵدا دەکات، ئینجا وەک مێردی. کە پیاو هەندێک جار بێئاگایانە دەست بۆ بەرۆکی ژنەکەی درێژ دەکات، ئەوە دەستی منداڵێکی بچووکە، بۆ لای سینگی دایکی دەچێت، ئاخر کە پیاو سەرڕێژ دەبێت لە خۆشەویستی، دەبێتەوە بە منداڵ. کە ژن دەست بۆ پیاوەکەی درێژ دەکات، دەست بۆ سەری دەبات و گەمە بە قژی دەکات، ئاخر یادگەی تژییە لە خەیاڵی ئەو ڕۆژانەی بە قامکەکانی گەمەی بە قژی منداڵەکەی کردووە. ئەگەر خۆشەویستی بوو بە ڕۆحی، مێرد وەک منداڵی لێ دێت.

لە خۆرئاوا، ژن خۆی لە خستنەوەی منداڵ دەدزێتەوە، چونکە دەزانێت کە بوو بە دایک، پەرۆشیی بۆ سێکس کەم دەبێتەوە. لە خۆرهەڵات بە زەبری یاسا، تەقینەوەی دیمۆگرافی سنووردار دەکرێت، بەڵام لە خۆرئاوا، یاسایەک نییە ژن ناچار بکات، منداڵ بخاتەوە. ژن و مێرد کە جیا دەبنەوە و دیسان بەختی خۆیان تاقی دەکەنەوە، تووشی هەمان ئەزموون دەبنەوە. کە تەرمێک بۆ گۆڕستان بەڕێوەیە، زووزوو ئەوانەی دارتەرمەکەیان ناوەتە سەرشانیان، جێگە بۆ کەسانی دیکە چۆڵ دەکەن، بێ ئەوەی تەرمەکە هەست بەو گۆڕانە بکات، ئەگەر سەرلەنوێ هاوسەرگیری بکەینەوە، بۆ تەرمەکە چ گۆڕانێک ڕووی دا، بۆ ئێمەیش هەمان شت ڕوودەدات. ژنومێردایەتی ئامانج نییە، ئامانج ئەوەیە، پێوەندییەکی ڕۆحی لەنێوانیاندا بێتە گۆڕێ، وەک پێوەندیی نێوان دایک و کوڕ.

ئەگەر پێمان وابێت، پێوەندیی لەنێوان پیرۆز و ئارەزوودا نییە، ئەوە لە وەهمدا دەژین، ئاخر خاڵی هاوبەشی سێکس و ئایین، لایەنی ڕۆحییە، چونکە گەڕان لەدووی ئارەزوو، گەشتێکە بە گەڕان لەدووی پیرۆز دوایی دێت. بایەخدان بە پیرۆز و فەرامۆشکردنی ئارەزوو، زادەی ترسە لە سێکس. بەوە لە گرێی سێکس قوتار نابین، وای پێشان بدەین سێکس جێی بایەخمان نییە و خەیاڵمان هەمیشە لای خوایە، ئەوە هەڵاتنە لە واقیعێک کە دەبێت بەرەو ڕووی ببینەوە. ئەگەر ترس نییە لە کڵپەی ئارەزوو، بۆچی داوا لە ژن دەکەیت لە تەوقی سەرییەوە تا پاژنەی پێی ڕەش بپۆشێت، تۆ ئەگەر ڕاست دەکەیت، هەمیشە خەیاڵت لای خوایە، چیت داوە لە ژن باڵاپۆشە، یان تەنکپۆش؟

هەتاکوو کاما (ئارەزوو) نەناسیت، ناگەیتە ڕاما (خوا.) ئەوە هونەر نییە لە سێکس هەڵێین، هونەر ئەوەیە سێکس بە ڕۆحی بکەین. ئەوەی کە دیواری پەرستگا بە وێنەی سێکسی ڕازاوەیە، هەوڵێکە بۆ بە ڕۆحیکردنی سێکس. پەیکەری ڕووت، ڕیکلام نییە بۆ سێکس، ئاخر بۆ ڕامان و بۆ دەربازبوون لە زیندانی ئارەزوو هانمان دەدات. بۆچی پەیکەری بودا هێندە بڵندە؟ چونکە زەوینی سێکسی بەجێ هێشتووە و هەڵکشاوە بۆ ئاسمانی سامادهی. بۆچی کە دوو کەس دەبێت بە شەڕیان، تۆ بە دیاریانەوە دەوەستیت و سەیریان دەکەیت؟ بۆ ئەوەی ئەو ئارەزووی شەڕەی لە ناختدا هەیە، تێری بکەیت و لە دەستی ڕزگارت ببێت. کە سەیری وێنەی جووتبوونێکیش دەکەیت، گڕی سێکسبازی لە ناختدا خامۆش دەبێتەوە، ئەوە بۆیە دیوارەکانی پەرستگای خاجاراهوو بە وێنەی ژن و پیاو لە سەروەختی جووتبووندا ڕازێنراونەتەوە.

وەک چۆن تا نەخۆش زۆرتر بێت، بازاڕی پزیشک گەرمتر دەبێت، هەر وایش تا کەسانی بەدئاکار زیاتر بن، بازاڕی واعیز گەرمتر دەبێت. ئەگەر ئەو خەڵکە هەموویان ئاکاریان جوان بێت، واعیز بژێویی خۆی پێ دابین ناکرێت، بۆیە ئەوە ڕاست نییە، پێمان وابێت، واعیز لە هەوڵی چاککردنی خەڵکدایە، نەخێر کۆششی بۆ بە لاڕێدا بردنی خەڵکە، هەر بۆیەش هەر شارێک (واعین)ی زۆر لێ بێت، (بەدئاکار)یشی زۆر لێیە. سێکس ئەگەر زانستییانە ڕۆشن نەکرێتەوە، هەوێنی بەدڕەوشتی دەبێت، قەت واعیز ڕستەیەکی دروست لەبارەی سێکسەوە ناڵێت، تا بەدڕەوشتی هەر لە برەودا بێت.

سامادهی بڵێسەیەکی تیژتێپەڕی برووسکە ئاسایە، ڕەنگە بەدەم جووتبوونەوە بیبینین. دەشێت سێکس هەڵبکشێت بۆ سامادهی، ئەوسا ئینسانی نوێ لە دایک دەبێت، نەک وەک ئێستا کە لە وەچەخستنەوەدا، جیاوازییەکی ئەوتۆ لە نێوان ئینسان و ئاژەڵدا نەماوە. ئینسان بۆ تێرکردنی ئارەزووی جەستە سێکس دەکات، بەڵام منداڵ دەخاتەوە کە هەر هێندەی میوانێکی ناوەخت ڕێزی لێ دەگرێت، کە دەخوازێت چی زووترە لە کۆڵی ببێتەوە، چونکە لە سەرەتاوە عەوداڵی چێژ بووە، نەک منداڵ خستنەوە.

ئینسان کە لە دووتوێی سێکسەوە، دەگاتە لووتکەی هۆشیاری و تا ئاستی یەکگرتن لەگەڵ خوداوەندا هەڵدەکشێت، ئیدی واز لە هەڵەوەڕی لەبارەی ئایینەوە دەهێنێت، ئاخر ئایین چەلەحانێ نییە، شێوازی ژیانە. واعیز باسی سێکس ناکات کە بەشێکی گرنگە لە ژیانمان، باسی شتێگەلێک دەکات کە بەشێک نیین لە ژیانمان. واعیز بۆچی ئەوەندە باسی خوا دەکات؟ چونکە هیچ لەگەڵ خوادا کۆی ناکاتەوە.

5ی ئۆکتۆبەری 2016
ستۆکهۆڵم

(1) اوشو، من الجنس الى اعلى مراحل الوعي، نقله الى العربية: ايمن ابو ترابي، دار الفرقد 2011 دمشق.

(2) اوشو، الحب و الحرية و الفردانية، ترجمة: ميتم الضايع، دار الحوار 2013 اللاذقية.




# گریان بە کوردی خۆشە

بەسام مستەفا

زمان ڕەگ و ریشەیە. سەرچاوەی یەکەمە، کە لێیەوە ئاوی ڕەوانی هزر و تێڕامان و ڕوانگە و شێوەی ڕوانین لە دونیا و ژیان پلپڵە و سەر دەکات. زمان ئەو دەلاقەیە کە وادەکات مرۆڤ لە میانەیەوە لە دونیا، مرۆڤ و هەموو گەردوون بڕوانێت. زمان چاوە و مرۆ بەبێ زمان کوێرە. هەرچەندە بە زمانانی دیکە لە دونیا بڕوانێت، دیسان هەر کوێرە.

بێگومان ناشێ مرۆڤ خۆی لە چوارچێوە و سنووری زمانی دایکیی خۆیدا بەند بکات، بەڵکو دەبێ هەمیشە دەرگەی خۆی بە ڕووی دونیا و لە هەموو بوارەکاندا بە کراوەیی بهێڵێتەوە. وەک چۆن ڕۆماننووسی کورد بەختیار عەلی دەڵێت: "بەهەشت و و دۆزەخیش لە دەرەوەن"، عەرەبیش دەڵێن: "هەرکەسێک خۆی فێری زمانی میللەتێک بکات، لە خراپکارییەکانی ئەوان پارێزراو دەبێت". مرۆڤ هەرچەند فێری زمانانی دیکە ببێت هەر باشە، بەڵام بە مەرجێک لەگەڵ نۆشینی شیری دایکی، زمانەکەیشی بخواتەوە و ڕەگ و دەمارەکانی خۆی پێوە تژە بکات.

جەلادەت بەدرخان-ی لەمەڕ خۆمان بە توندی ڕەخنە لەو کوردانە دەگرێت کە زمانی دی دەزانن، وەلێ هێشتا بە چاکی پیتەکانی زمانی خۆیان نازانن، ئەو کوردایەتی بە زمانەوە گرێ دەدات و کوردبوونێکی بێ زمان نەک وەک شانازی، بەڵکو وەک بەخترەشی و ڕووسیاییەکی مەزن دەبینێت و دەڵێت: "بەبێ زمان کوردبوون بۆ ئێمە شانازی نییە، بەڵکو ڕووڕەشییەکی قورسە، داخ و حەیف و هەزار مخابن، نەخاسمە بۆ ئەوانەی کە بە زمانانی دیکە دەزانن بخوێننەوە و بنووسن، بەڵام ئەلف بێی زمانی خۆیان نازانن. کوڕە عەیبە، شەرمە، داوەشانە، یان فێری خوێندن و نووسین بە زمانی خۆتان ببن، یان مەڵێن کوردین!"

هەرچۆنێک بێت، ئێستا ڕەوشی زمانی کوردی بە هەموو شێوەزارەکانییەوە لە هەموو لای کوردستان لە جاران باشترە، بەڵام ئەم ڕەوشە هێشتا نەگەیشتووەتە ئاستی پێویست. هێشتا ئەو متمانە بەهێزە لەنێوان کورد و زمانەکەیدا دروست نەبووە. بەبێ ئەو متمانەیەش دۆخی زمان هەر لە شوێنی خۆیدا چەق دەبەستێ. بۆیە دەبێ کورد بوێرانە و بە قامەتێکی ڕاستەوە خۆی بسپێرێتەوە زمانی خۆی و متمانەی بە توانا و دەوڵەمەندی و زەنگینیی ئەو زمانە هەبێت. دەبێ بە کوردی بیر بکاتەوە و ئەدەبیاتی جیهانیش بەچاوێکی کوردانە بخوێنێتەوە، ڕێگەی ئەوە خۆش بکرێ کە لەڕێی وەرگێڕانەوە نووسەرە مەزنەکانی دونیا بە کوردی قسان بکەن.

زمان داهێنانی هەرە ناوازە، سەرنجڕاکێش و بەهاداری مرۆڤە. لەبەر ئەمە زمان بە کۆرسێک یان لە دەمساتێکی کورتدا خۆی بەدەستەوە نادات، بەڵکو پێڤاژۆیەکی درێژە کە لە لەدایکبوونەوە دەستپێدەکات و تا کۆتایی تەمەنی مرۆڤ درێژە دەکێشێت. بۆ ئەوەی زمان پاراو و پاکژ بێت، پێویستە بەر لەمە گیان یان ڕۆحی مرۆڤ پاکژ بێت و ببێتە ڕۆحێکی کوردی. مرۆڤی کورد لەسەریەتی بە کوردی بپەیڤێ، بکۆشێ و بنۆشێ و بخەنێتەوە و پێبکەنێ و بگری! دەبێ لە چاوگەی دەوڵەمەندی زمان وەک فۆلکلۆری کوردیی دەوڵەمەند، پەرتووکە کۆن و نوێیەکانی کوردی، سترانە کۆن و لاوکەکان، ئەدەبیاتی کلاسیک و چیرۆک و داستان و هەڵبەستێن کوردیی کەسانی وەک جزیری، نالی و خانی تێر بنۆشێ، تاوەکو ئاوی کوردی ڕۆحی تەڕ و پاراو بکات و لێوڕێژ بێت و بە کوردی سەر بکات!

هەڵبەستڤان و گوتارنووس ڤەژینا کورد لەسەر زمانی کوردی بە ڕۆحێکی کوردانەی زیندوو و پڕ لەرزانە، بە کوردییەکی شیرین وەها دەڵێت: "ئەو زمانە وەک شەپۆلی فێنکایی دەزێتە گیانمەوە، ئەو پیتە لاتینیانە دەکارن دەشت و چیاکانی هەناوی من بەردار بکەن. لەم وڵاتە هەموو شتێک بە کوردی ڕەنگینە. خونچەکان بە کوردی دەپشکوێن، مێرگ و چیمەن بە کوردی سەوز دەبن. بەهار بە کوردی گەش دەبێت و پاییز بە کوردی سەری خۆی دەشوات. لە هەمبەر لانکەکان دایکان بە کوردی لایلایە دەکەن و زارۆکەکانیش هەروا بە کوردی پێدەکەنن و هەر بە کوردیش دەگرین. جگە لە زمانی کوردی، هیچ زمانێکی دی ناتوانێ تابلۆی ئێمە بە ڕەنگاڵەییەوە وێنا بکات، گەرمایی هەستی بەبزاوت هەڵمژێ و وەریگێڕێتە سەر نووسین. بەڵێ، تەنێ ئەو مرۆڤانەی کە ئاوی کانیاوی زمانی کوردییان خواردووەتەوە و پێیەوە سەرمەست دەبن، دەتوانن لەوە تێبگەن و بینرخێنن کە کوردی دەریایەکی قووڵ، بەرفرە و ناکۆتایە."

دەڵێن کەسێک لە پەیامبەری ئیسلامی پرسیوە: ئاخۆ ئیماندار دزی و داوێنپیسی دەکات؟ ئەویش گوتوویەتی: بەڵێ، ڕەنگە بیکات. وەلێ کاتێک ئەو کەسە لە پەیامبەر دەپرسێ، مەگەر مرۆڤی ئیماندار درۆش دەکات؟ ئەو پێیگوتووە: نا، مرۆڤی باوەڕدار هەرگیز درۆ ناکات! گەل و میللەتیش، دەتوانن زۆر بنەمای دیکەی بنچینەیی نەتەوەبوونی وەک میللەت و نەتەوەییان نەبێت، بەڵام هەرگیز بێ زمان نابێت. جگەرخوینی شاعیر لەبارەی ئەمە گوتوویەتی: "وەیژێنە زمانی خۆت ئەی خوێندەوار. بێ زمان نەبووەتە کەس میللەتی بەندەوار. پاکژی کە زاری خۆت شیرین بکە. هەر بە کوردی بێرەگۆ قیژە بکە. فێری زاری وان دەبی ئاخر (چرا؟). جارێکیش فێر نەبووی زاری خۆت برا!





گۆران محەممەد

goran.mohammed@rudaw.net

# شاتەڕەماش

وەک چۆن مانگەشەو، دەمەو ئێوارە دیارە، ئاوهاش خەڵکی بێئیش، هەر دەم بکەنەوە ئاشکرا دەبن. ئاخر نزیکەی هەموو ڕەخنەگرە بێئیشەکانی میللەتە بێسەروبەرەکەمان لەسەر بابەتێکی زۆر سادەی وەک هەڵبژاردنی شاجوان، بە توانج و وتاری ئاگرینەوە هاتنە گۆ. شەلاتی، کەسێکە بە بێ هیچ بیانوویەک، پەلاماری ئەم و ئەو دەدات. ڕەخنەگری بێ عەیار، کە خۆی لەلا عەیار بیست و چوارە، ڕێک وەک ئەو شەلاتییە وایە. لە هەڵوێست و کاردانەوەدا هیچیان جیاواز نییە و ئەگەر پەلاماردانی هەڕەمەکی بچێتە قاڵبی ڕەخنەوە، ئەوە هەموو شەلاتییەک مافی هەیە خۆی بە ڕەخنەگر بزانێت و هەموو ئەو ڕەخنەگرانەش مافی ئەوەیان نییە ڕێمان لێبگرن لەوەی بە شەلاتییان لەقەڵەم بدەین.

هێزی ئامادەم بیستووە کە لە کاتی قەوماندا بە فریای خەڵکەوە دەچێ. کوببەی ئامادەشم ژنەفتووە کە بە هانای کابانی دەست و پێ سپییەوە دەچێ، بەڵام ڕەخنەی ئامادەم نەبیستووە کە بە گڕ هەموو کەسێکدا دەچێ، ئاخر ئەوەی شایەنی پلارتێگرتنە، کچە کوردێکی ڕووجوان و ڕۆحسووک نییە، کەللەپووتێکی ناخ پۆخڵە.

لە کوردستان دوو توێژ هەن تفاقی گەیشتن بە خەڵکیان لەبەردەستە، مافی ئەوە بە خۆیان دەدەن دەست بۆ ژیانی هەموو خەڵک ببەن، هەردەم ڕووی ئەوەیان هەیە تۆمەت بۆ ئەم ببڕنەوە و مەدالیای سەروەری بە بەرۆکی ئەوی دیکەوە بکەن، خۆ هیچ گرنگ نییە تۆمەتەکە ڕاستە، یان ئەویدیکە شایستەی پیاهەڵدانە، ئەم دوو توێژە ئامادەن لە کونفەیەکوونێکدا قارەمانێ ترۆ بکەن و ترۆیەکیش بکەنە قارەمان، ڕێبەری عەوامی نەخوێندەوار و هیچ لەباردا نەبووی گەلن، خۆشیان عەقڵ بچووک دەڵێی قەلن، فسفسپاڵەوانی فەیسبووک و مشەخۆری بەر سێبەرن، خوا نەکا کەسێ سووکە گلەییەکیان ئاڕاستە بکات، پەڕ و باڵی دەکەن و سێسەت تۆمەتی بۆ هەڵدەبەستن. قوربان ئەم توێژە قۆڕەی گەلەکەمان، بەشێکی دیار و ترسناکی مەلا و ڕۆژنامەنووسانن.

ئاخر شاجوان هەڵبژێردرێ یان نا، خۆی مەسەلەیەک نییە، فەقە کە ئاوا لەشکرکێشیی قۆڕی بۆ دەکرێ، لەلایەک هەم بابەتەکە گەورە دەبێ، لە سەرێکیشەوە شایانی بەرگریلێکردن دەبێ. خۆ ناشێ بڕیارتان دابێت ئەم خەڵکە هەر لە نەگبەتی و هەواڵی شەڕ و شۆڕی ئەم کورسی و ئەو قەنەفەدا بژی؟ سەیردەبێ نیازتان وابێت قسەی خۆش و زمانی شیرینتان هەر باسی عەزابی قەبر و قبوور بێ؟

پرۆسەی سیاسیی کوردستان، لە سایەی حیزبە بلیمەتەکان و لەشکری لەبن نەهاتووی پیرە پیاوە ماقووڵەکانی وڵاتەوە وەک گوێدرێژ لە قوڕدا چەقیوە، با پرۆسەی هەڵبژاردنی شاجوانی کوردستان هێندە گرنگیش نەبێ، بەڵام خۆ هەر باشە لانی کەم کۆمەڵە گەنجێکی کورد هێشتا دەتوانن وشەی هەڵبژاردن بخەنە ڕستەیەکی پۆزەتیڤەوە، ئیتر ئەم قرە قرەتان لە چییە هەی شاتەڕەماش.



عارف قوربانی

arifqurbany@yahoo.com

# هەر پێنج حیزبەکە یەک هەڵوێستن

کارەساتبارترین شت ئەوەیە لە وڵاتێکدا هیچ ئامانجێکی هاوبەش نەمێنێت خەڵک و گروپە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکانی کۆبکاتەوە. دۆخی پێکەوەیی لەناو هەر گەل و نەتەوەیەکدا گەیشت بەو ئاستە، ئیتر چەمک و مانایەک بۆ پێناسە گشتییەکانی کۆمەڵگە نامێنێتەوە و دەبێت چاوەڕوانی لێکهەڵوەشانەوەی بکەیت.

ئێستا کوردستان لە خراپترین ئاستی پەرتەوازەیی کۆمەڵایەتی و سیاسیدایە، خاڵی هاوبەشی ڕوون نەماوە لەنێوان ئەم گروپە کۆمەڵایەتییەی پێی دەگوترێت کورد. گوتار و بۆچوونێکی هاوبەش نییە لەنێوان هێزە سیاسییەکانی ئەم میللەتە دەربارەی پرسێکی دیاریکراو. تەنانەت نەک لە ئاستی کێشە سیاسییە ناوخۆییەکان، بەڵکوو لەسەر چارەنووس و ئایندەی وڵاتەکەش لەنێوان سەربەخۆیی و مانەوە لەژێر چەپۆکی چەوسانەوە، لەنێوان دەوڵەت و پاشکۆیەتی بۆ وڵاتێکی داگیرکەر، ئەم کوردە هەڵوێستێکی هاوبەشی ئاشکرای نییە.

بەڵام ئەگەر بە وردی شەنوکەوی ڕەفتارەکان بکەین، لە نادیاردا بەشی ئەوە هاوبەشی لە دید و تێڕوانین و مامەڵەی هێزە سیاسییەکاندا دەدۆزینەوە کە هیچ نەبێ بڵێین ئەوە شتێک ماوە، ئەگەر لە هەڵوێستی ئاشکراشدا نەبێ، بە ڕەفتار لەسەری هاوهەڵوێستن. ڕەنگە خوێنەر پێی سەیر بێت ئەگەر بڵێم تاکە شتێک هەموو هێزە سیاسییەکان لەسەری هاوڕان، ئەو دۆخە پەککەوتەی پەرلەمانی کوردستانە. هەر پێنج حیزبە سیاسییەکە ئەو دۆخە دەخوازن کە پەرلەمان کارا نەکرێتەوە.

با لە گوتاری میدیایی و هەڵوێستی ڕووکەشیاندا هەر شیوەن بۆ سەروەریی یاسا و دامەزراوە شەرعییەکان بکەن، با هەریەک لەو حیزبانە جەماوەر و دەنگدەر و خەڵکە دڵسۆزەکەی خۆیان بەوە چەواشە بکەن کە ئەوان دەیانەوێ پەرلەمان هەبێت و چاودێریی کارەکانی حکومەت بکات، بەڵام لە جەوهەردا هیچ کامیان ئەوەیان ناوێ، دۆخی پەککەوتوی پەرلەمانیان تەنیا وەک ئامرازێک دەوێت بۆ موزایەدە و چەواشەکاری، ئەوە دیوە شاراوەکەی هەڵوێستی ڕاستەقینەیانە. ئەوە دیوەکەی تری هەڵوێستی حیزبەکانە درێژەی بەو دۆخە داوە کە هەرێمی کوردستان پەرلەمانی نەبێت. ڕووداوەکانی ئەم ساڵەی ڕابردوو دەریخست کە هەر پێنج حیزبەکە یەک هەڵوێستن لەسەر ئەوەی کوردستان پەرلەمانێکی بندیواری هەبێت، نەک پەرلەمانێکی کارا.

من هێشتا بەرچاوم ڕوون نییە ئەم هاوهەڵوێستییەی (پارتی و گۆڕان و یەکێتی و یەکگرتوو و کۆمەڵ) بەرامبەر بە پەرلەمان لە چییەوە سەرچاوەی گرتووە؟ ئایا نیەتی ڕاستەقینەی ئەم پێنج حیزبە لە بەشداریکردنیان لە حکومەتی بنکەفراوان شتێکی تر بووە و پەرلەمان لەو خولەدا سەرئێشەی بۆ دروستکردوون و پێچەوانەی ئامانجی بەشداریی ئەوان بووە لە حکومەت، یان پەیوەندی بەو جۆری یاخیبوونەوە هەبوو لە هەڵوێستی سەرکردایەتی حیزبەکانیان لە ڕووداوەکانی پەیوەست بە یاسا و کورسیی سەرۆکایەتی هەرێم، بە دیاریکراوی لە کۆبوونەوەی ڕۆژی 19ی ئابی 2015؟ ئەمەیان دەبێت دوارۆژ حیزبەکان خۆیان ڕوونی بکەنەوە کە بۆچی پشتیان کردە پەرلەمان.

هەرکام لەو هۆکارانە، یاخود هەر هۆکارێکی دیکەی هەبێت و ئێمە درکی پێنەکەین، سەرئەنجام ئەوەی هەیە هەر پێنج حیزبەکە بە بزووتنەوەی گۆڕانیشەوە یەک هەڵوێستن لەسەر مانەوەو بەشداری و درێژەدان بە حکومەتە هاوبەشەکەیان بەو وەزعە خراپەشییەوە کە تێیکەوتووە و هەر پێنج حیزبەکەش بە کردەوە ئەوە ئەنجام دەدەن کە پەرلەمان بە پەککەوتوی بمێنێتەوە.

جارێ با نموونەیەکی بەراوردکاریی زۆر سادە بەیاد بهێنمەوە، ئەگەر (یەکێتی و یەکگرتوو و کۆمەڵ) لەبەر ئەوە ناچنەوە بۆ پەرلەمان کە پارتی ڕێگە بە یوسف محەممەد نادات بچێتەوە بۆ پەرلەمان، ئەی بۆچی هەمان هەڵوێستیان لە حکومەت وەرنەگرت کە پارتی ڕێگەی نەدا مستەفای سەید قادر وەزیری پێشمەرگە بچێتەوە وەزارەتەکەی؟ بۆیە ئەو وەزارەتە بە نموونە دەهێنمەوە چونکە ئێمە لە گەورەترین شەڕداین لەگەڵ گەورەترین هەڕەشەی ناوچەکە کە داعشە، لە دۆخێکی وادا بوونی وەزیری پێشمەرگە پێویستتر بوو لە سەرۆکی پەرلەمان. ئەمە بۆ هەریەک لە وەزیرەکانی تری گۆڕان و بەراوردکاری بە سەرۆکی پەرلەمان هەر ڕاستە. بەڵام کە ئەو سێ حیزبە هیچ هەڵوێستێکیان نەبوو لەسەر شاربەدەرکردنی پێنج وەزیری کابینەکەیان، ئەی خێرە شین بۆ شاربەدەرکردنی تەنها کەسێک دەگێڕن؟ ئەگەر مەسەلەکە هەڵوێست بوو بەرامبەر بە ڕەفتارە نایاسایی و نالۆژیکیەکەی پارتی، وەزیرەکان و سەرۆکی پەرلەمان بەیەک ڕەفتار و بەیەک بڕیار نێردرانەوە.

ئەمە دەرخەری ئەو حەقیقەتەیە کە خۆیان ناڕازی و نیگەران بوون لە پەرلەمان و خواخوای بیانوویەکی لەو جۆرەیان بوو تا بەهۆیەوە پەرلەمان پەکبخرێت. چییان نەکراوە، دەرفەتی ئەوەشیان دەستکەوتووە ئەم هەڵوێستە وەک موزایەدە بە خەڵک بفرۆشنەوە و کاریگەریشی لەسەر سایکۆلۆجیای جەماوەر هەبێت، بە ئەندازەیەک کە دەرفەتی بیرکردنەوە بۆ هاووڵاتیان نەهێڵنەوە، پرسیار لە سیاسەتی بانێک و دوو هەوای هەڵوێستیان بکات.

ئەمە نەک تەنیا بۆ (یەکێتی و یەکگرتوو و کۆمەڵ) بەو جۆرە بێ، بۆ پارتی و گۆڕانیش هەر ڕاستە. پارتی وەکو ڕێگر لە گەڕانەوەی سەرۆکی پەرلەمان، خاوەنی کردەی پەکخستنەکەیە، گۆڕانیش کە سەرەتا کێشەکەیان بە شەخسەنە کرد، خزمەتیان بەو ئامانجە کرد کە پەرلەمان پەکبخرێت، ئەگینا کە دەیانزانی ئەوە ئامانجی پارتییە، دەبوو بەهانە و بیانووی پارتی ببڕن و لەپێناو بوونی پەرلەمانێکی کارا کە هێشتا دەرفەتی ئەوە مابوو لەدەستی گۆڕاندا بمێنێتەوە، بەپەلە کەسێکی تریان دابنایە. بەڵام کە ئەوەیان نەکرد، ئاویان کردە ئاشی پارتییەوە بۆ لەکارخستنی پەرلەمان. چونکە پارتی کە حکومەتی لەدەستدایە، پێی خۆش نییە پەرلەمانێکی کارا بەدیار حکومەتەوە بێت و چاودێریی بکات و لێی بپرسێتەوە، بەتایبەتیش کە پەرلەمان دەستی بۆ کەیسێک برد لای پارتی وەک هێڵی سوور وابوو، بۆیە پارتی ئەوەی دەوێت کە ئێستا هەیە، سەرۆکایەتی هەرێم لای خۆی بمێنێتەوە و حکومەت کاری خۆی بکات و لەو هەموو قەیران و کێشە سیاسی و ئابوورییەی ڕووبەڕووی ئێستا و ئایندەی کوردستان بووەتەوە، بێگومان نایەوێ کەسێک هەبێت لێی بپرسێتەوە.

هەر خوێنەرێکیش لای خۆیەوە دەتوانێت بەزمانی ژمارە ئەم حەقیقەتە زیاتر ڕوون بکاتەوە، تەنها ژمارەی کورسیی هەریەک لەو دوو بەرەیەی دروست بوون لەسەرەتای کێشەکانەوە، ئەوە دەسەلمێنن کە ئەگەر نیەتی ڕاستەقینە هەبوایە بۆ کاراکردنەوەی پەرلەمان، دەتوانرا پەرلەمان کارا بکرێتەوە. چ ئەو چوار حیزبەی بەحساب لە پەرلەمان یەک هەڵوێست بوون، ژمارەیان لە نیوە زیاتر بوو. یان ئەگەر دەیانویست پەرلەمان هەبێت دەکرا گۆڕان بە گۆڕینی کاندیدەکەی پەرلەمان کارا بکاتەوە، یاخود لەپێناو بوونی پەرلەماندا یەکێتی و گۆڕان ئاڵوگۆڕیان بە بەشێک لە پۆستەکانیان بکردایە، یان یەکێتی و پارتی هاوشێوەی خولەکانی پێشوو، یا بەهەر ڕێگەیەکی تری سازان لەنێوان هێزە ئیسلامیەکان و بەرەکەی تر. بەهەرحاڵ ڕێگە زۆرن بۆ ئەوەی هەرێمی کوردستان بیانگرێتەبەر لە پێناو چالاککردنەوەی پەرلەمان.

کە هیچ کام لەو پێنج حیزبە ئامادەی گرتنەبەری هیچ ڕێگەیەک نین، جگە لە ڕێگەیەکی بەبنبەست گەیشتوو، ئەوە بەڵگەی ئەوەیە حەقیقەتەکە یەک شتە، ئەم پێنج حیزبە هیچیان پەرلەمانیان ناوێ.



هیوا حاجی

# تەحەداکانی بەردەم باڵی "ناوەندی بڕیار"

## گۆڕان لە ناوەوەڕا

لە ژیانی حیزبایەتی و ڕێخراوەییدا، ئەگەر لە ئاست هەلومەرجێکدا ناڕازیبووی و ویستت ئەو هەلومەرجە بگۆڕی، دوو ڕێگات لەبەردەمدا دەبێ: ڕێگای یەکەم، گۆڕینی دۆخەکەیە لە ناوەوەڕا. لێرەدا کەس یان لایەنی ناڕازی بە فەرمی وەک بەشێک لە حیزبەکە دەمێنێتەوە و لە چوارچێوەی دەستووری ناوخۆیی حیزب و بە ستراتیژی جیاواز هەوڵی گۆڕانکاری دەدات. "ناوەندی بڕیار" نموونەیەکی ئەم مێتۆدەیە. ڕێگای دووەم، دەرچوونە لە ڕێکخراوە سیاسییەکە و هەوڵدانە بۆ گۆڕانکاری لە دەرەوەی سنوورەکانی ئەو ڕێکخراوەوە. ڕەنگە بزووتنەوەی گۆڕان دوایین نموونەی ئەو مێتۆدە بێت لە ماوەی نزیکەی پەنجا ساڵی ڕابردوودا.

باڵی ناوەندی بڕیار لە چەند ڕوویەکەوە ئەرکی ئەستەمە. بەر لە هەر شتێک، هەر لە سەرەتاوە باڵی ناوەندی بڕیار بە ڕەتکردنەوەی ئەنجامدانی کۆبوونەوەی مەکتەبی سیاسی و سەرکردایەتی و بە پێداگرتن لەسەر بنەمای "گفتوگۆ وەک دوو لایەن" ویستی لە چوارچێوەیەکی جیاواز لە جاران و لە پێگەیەکی بەهێزترەوە لەگەڵ باڵەکەی دیکە (دەستڕۆیشتوو/ زۆرینەی مەکتەبی سیاسی) بدوێت. لەمەیاندا سەرکەوت چونکە باڵەکەی دیکە ئامادەیی نیشاندا بۆ گفتوگۆ وەک دوو لایەن و لە ڕاستیشدا، چەند کۆبوونەوەیەک بەڕێوەچوون. کێشەکە لەوێوە دەست پێدەکات کە ئەم دوو باڵە "هاوسەنگ" نین. باڵێک هەژموونی گەورەی بەسەر دەماری ئابووری و ئەمنی و تەنانەت ئیداریی زۆنی سەوزدا هەیە و لە بەرامبەریشدا باڵی "ناوەندی بڕیار" خۆی بە پەراوێزخراو دەزانێ و پێیوایە کاریگەریەکی ئەوتۆیان لەسەر سیاسەتەکانی یەکێتی نییە. ئەوجا لێرەدا یەکێک لە تەحەدا مەزنەکانی بەردەم باڵی "ناوەندی بڕیار" وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارەیە کە چۆن دەتوانن لەو پەیوەندییە ناهاوسەنگەدا ئەجێندای خۆیان ببەنە پێش و بەرامبەرەکەیان ناچار بکەن بەوەی داواکارییەکانیان، کە هەندێکیان زۆر هەستیارن، قەبوڵ بکرێن؟ هەر لەو نێوەندەشدا، کێشەیەکی دیکەی "ناوەندی بڕیار" ئەوەیە کە بە لەبەرچاوگرتنی هەندێ لەو ئاماژانەی هەن، پێناچێ لە نێو بنکەی جەماوەریی یەکێتیشدا ئەم باڵە لەلایەن زۆرینەیەکی گەورەی جەماوەرەوە پشتگیری بکرێت. بە کورتی: ناوەندی بڕیار دەیەوێ لەناو یەکێتیدا بمێنێتەوە و گۆڕانکاری بکا. ئەم مێتۆدە کۆمەڵێ ئاستەنگی لەبەردەمە، لەوانە نابەرابەریی هێز لەگەڵ لایەنەکەی دیکە لەڕووی ئابووری و ئەمنی و ئیداری، هەروەها ئەو ڕاستییەی کە دیار نییە زۆرینەی سەرکردایەتی و کەوادیری ناوەڕاست و بنکەی جەماوەری یەکێتی لە پشتیان بێت.

## پشتگیری لە دەرەوەی یەکێتی

هەرچەندە لە بەیاننامە و لێدوانی بەرپرسانی "ناوەندی بڕیار" جاروبار باس لە باری نالەباری گوزەرانی دانیشتووانی هەرێمی کوردستان دەکرێت، بەڵام لە گوتاری سیاسیی باڵی ناوەندا قورسایی زۆر دەخرێتە سەر کێشە ناوخۆییەکانی یەکێتی نەک هی هەموو هەرێم. بەم شێوەیە، داواکارییەکانی ناوەندی بڕیار بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ و بەهێز بۆ هەموو تاکێکی هەرێم بە گرنگ نایەنە بەرچاو. ڕاستییەکی لەم شێوەیە وا دەکات خەڵک ناوەندی بڕیار لە چوارچێوەی یەکێتیدا تەماشا بکات و ئەمەش کاریگەریی نەرێنی دەبێت بۆ ئاستی هاوسۆزی و لایەنگری بۆ ئەو باڵە. ئەمە ڕێک پێچەوانەی ئەزموونی بزووتنەوەی گۆڕان و زۆریی ڕێژەیی ژمارەی دەنگەکانیەتی لە هەڵبژاردنی ساڵی 2009. ئەم بزووتنەوەیە لە یەکێتی جیابووەوە و دەستبەجێ خۆی وەک نوێنەری ناڕەزاییەکانی خەڵکی هەرێم وێناکرد و لەوەش پشتگیرییەکی زۆری بەدەست هێنا. لێرەدا باڵی ناوەندی بڕیار دوو کێشەی هەیە: یەکەم، مانەوەیان وەک بەشێک لە یەکێتی و سەیرکردنی دۆزەکەیان وەک کێشەیەکی ناوخۆیی یەکێتی و دووەم، ئەو باوەڕەی کە پێیوایە باڵی ناوەندی بڕیار هەڵگری تێڕوانینێکی ڕادیکاڵ نییە بۆ باشکردنی تێکڕای ڕەوشی هەرێم، بێگومان لە دەرەوەی بازنەی یەکێتی نیشتمانی.

## مەسەلەی میراتگری

باڵی ناوەندی بڕیار بەردەوام هەوڵ دەدات خۆی بە میراتگری مام جەلال و ڕێبازەکەی وێنا بکات. بە نزیکەیی لە هەموو بەیاننامە و لێدوانەکاندا جەخت لە دڵسۆزیی سەرکردەکانی ئەم باڵە کراوەتەوە بۆ ئەو پرەنسیپانەی ئەوان وەک بەها باڵاکانی مام جەلال حیسابی بۆ دەکەن و داوای گەڕانەوە بۆ ئەو پرەنسیپ و بەهایانە دەکەن. چەمکەکانی وەک سیاسەتی "چەپکە گوڵەکە" و دوورکەوتنەوە لە "گیانی بنەماڵەیی لەناو یەکێتی" نموونەی زەقن. بە تێگەیشتنی ئێمە ئەم بابەتە ڕەهەندێکی کولتووریی هەیە کە دیسان ڕەنگە لە بەرژەوەندی باڵی ناوەندی بڕیار نەبێت. لە کوردەواریدا کە باس لە میراتگری دەکرێت، نزیکترین میراتگرەوەکان هەمیشە ئەندامانی خێزانی کەسە کۆچکردووەکە دێنە بەرچاو. دیارە لەبەر ئەوەی ئێمە پیاوسالاریشین، میراتگران لە زۆربەی کاتەکاندا کوڕەکانی کەسی کۆچکردوون. ناوەندی بڕیار لێرەدا کێشەیەکی کولتووری هەیە، ئەویش ئەوەیە خەڵک چۆن بتوانن شەرعیەتی میراتگرایەتی مام جەلالیان پێ ببەخشن لە کاتێکدا هاوژین و کوڕەکانی مام جەلال لە سەنگەرێکی دیکەدان و نەک هەر خۆیان لە ڕووی سیاسییەوە، بەڵکو لە ڕووی کۆمەڵایەتیشەوە بە میراتگری شەرعیی ئەو دەزانن؟ ئەمە مەسەلەیەکی کولتوورییە و ڕەنگە بۆ کەسانێکی زۆر لە کوردەواریدا تا ئێستا مەترەح بێت.

بۆیە بە کورتی ناوەندی بڕیار لەبەردەم تەحەدای ڕاستەقینەدایە. ئەم تەحەدایانە لەوێوە دەست پێدەکەن کە ئەم ڕەوتە تا ئێستاش لەناو هەناوی یەکێتیدا ماوەتەوە و لە پەیوەندییەکی هێزی نایەکساندایە لەگەڵ باڵەکەی دیکە. پشتگیریی بەهێزی سەرکردایەتی و ئاستی کەوادیری ناوەڕاست و بنکەی جەماوەری بە تەواوی ڕوون نییە. ئەم باڵە تا ئێستاش بەشێوەیەکی ڕیشەیی دەستی بۆ کێشە گشتیەکانی هەرێم نەبردووە و لە ڕووی کۆمەڵایەتی و کولتووریشەوە لەگەڵ کەسانێک دەستەویەخەیە کە بە میراتگری مام جەلال دادەنرێن. ئەم باڵە چۆن لەگەڵ ئەم مەسەلانە دەست و پەنجە نەرم دەکات، تا ئێستا دیار نییە.



ناسر باباخانی

nasirbaba68@yahoo.com

# دۆستمەن

هەندێ بابەت لە سیاسەتدا هەن کە بە ڕواڵەت ساکار دێنە بەرچاو، بەڵام تێکچندراوییەکی سەیریان پێوە دیارە. پەیوەندیی کۆماری ئیسلامیی ئێران و داعش لە یەکەم ڕوانیندا تەنیا لەبەر یەک هۆکاری ئایدیۆلۆژیک: شیعەگەرێتیی ئێران و سوننەچێتیی داعش کە هەرووکیان ڕادیکاڵیزمی ئایینزایی خۆشیانی پێوە دیارە، ڕەنگە بەو قەناعەتەمان بگەیەنێ کە ئەم دووە، دوژمنی قەستەسەری یەکترن، بەڵام سووکەئاوڕێک بۆ سەرەتای دۆخی پێکهاتنی کۆماری ئیسلامی و دۆخی ئێستای داعش و خاڵە هاوبەشە سەیروسەمەرەکانیان، دەریدەخات کە ئەم دوو ڕەوتە بەرووپشتی یەک دراون.

با بۆ سەلماندنی ئەم ئیدیعایە باسی شتێکی زۆر سادە بکەین: داعش لە سەرەتای سەرهەڵدانییەوە تا هەنووکە، سەدان کردەوەی تیرۆریستی لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، ئەورووپا و ئەمریکا ئەنجام داوە و هیچ شوێنێک نییە کە هەست بە ئاسایش بکا لە ترسی کردەوە خۆکوژی و تیرۆریستییەکانی، کەچی داعش لە بناگوێچکەی خۆیدا هیچ کارێکی بە ئێران- دوژمنی خوێنی و مێژوویی و مەزهەبی و ئایدیۆلۆژیی خۆی - نەداوە! باشە خۆ ئەوە کە ئێران بە ڕواڵەت لە عێراق خەریکی شەڕە بە دژی داعش و تەنانەت ڕێبەرایەتی هێزێکی میلیشیایی وەک حەشدی شەعبی دەکا، دەبێ بیانوویەکی گەلێک مەزن و پیرۆز بێ بۆ خۆتەقاندنەوەی چەکدارانی داعش لە شارەکانی تاران و قوم و مەشهەد! ئەدی خێرە تا ئێستا ئەمە ڕووینەداوە و دوورگەی ئارامی شیعە، وردەشەپۆلێکی داعشی تێنەکەوتووە؟

ڕێیمۆند تانتێر، ئەندامی پێشووی ئەنجوومەنی ئاسایشی نەتەوەیی ئەمریکا لە وتارێکدا لە ژێر ناونیشانی: Iran and its Protégées کە مانگی ڕابردوو لە فۆرن پۆڵسی بڵاوبووەوە، دەستەواژەیەکی سەرنجڕاکێش بۆ جۆری پەیوەندییەکەی کۆماری ئیسلامیی ئێران و داعش دەکاردەکا: ( Frenemies ) واتە "دۆستمەن" کە لە تێهەڵکێشی friends + enemies بەدی هاتووە. تانتێر دەڵێ ڕاستە بە شێوەیەکی ئاسایی ئێران دوژمنی ئەلقاعیدە و داعشە و تەنانەت لە قۆناغێکی زەمەنیشدا شەڕیان بووە، بەڵام ئەمانە دۆستمەنی یەکترن، واتە تەنیا ئیدیعای دوژمنایەتییان هەیە و لە ژێرەوە کەینەوبەینەی دۆستانەیان هەیە. هەر لە مانگی سێپتامبەردا، لیبێرمەن، سێناتۆری بەرێی ئەمریکا لە واڵ ستریت جۆرناڵدا بە پشتبەستن بە بەڵگەی حاشاهەڵنەگر، باس لە دەور و جۆری پەیوەندیی کۆماری ئیسلامی ئێران لەگەڵ ئەلقاعیدە دەکا. هەر لە ناوخۆی ئێراندا هەر ئێستا ئەو دەنگە بەرزبووەتەوە کە داعش بە جۆرێ بەرهەمی سیاسەتە چەوتەکانی ئێران بووە، بە تایبەتی حەولی ئێران بۆ پاراستنی دەسەڵاتی بەشار ئەسەد لە سووریا و بەگشتی حەول بۆ سازدانی هیلالی شیعی لە ناوچەکە وایکرد ئەم گرووپە توندئاژۆیە بیچم بگرێ.

کۆی ئەم خاڵانەی ئاماژەم پێکردن، گوزارە لەوە دەکەن کە پەیوەندییە نەنووسراوەکەی کۆماری ئیسلامی و داعش وەک دوو سیستم، هەرچەندە بە ڕواڵەت لە دوو هێڵی هاوتەریب دەچێ کە لە هیچ پنتێکی هاوبەشدا یەک ناگرنەوە، بەڵام هاوکاریی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆی کۆماری ئیسلامی لەگەڵ گرووپە توندئاژۆ ئیسلامییەکان هەر لە سەرەتای نەوەدەکانەوە تا ئێستا دیار و بەرچاوە.

کاتێ سەیری کردەوەکانی سەرەتای دەسەڵاتدارێتی کۆماری ئیسلامیی ئێران دەکەی، لە دادگایی خەڵکی بێتاوان بەبێ پارێزەر و حاکم و یاسا کە هەر لەڕێوە سزای مەرگیان بەسەردا دەسەپا، یان تیرۆری زۆر کەسایەتی سیاسی لە ناوخۆ و دەرەوەی وڵات، تەقاندنەوەی زۆر شوێن و جێگەی جۆراوجۆر و زیندان و ئەشکەنجە و ئیعدام و هەزاران نموونەی تری پێشێلکاریی مافی مرۆڤ کە تا هەنووکەش هەر درێژەی هەیە، کورد گوتەنی هەر دەڵێی کۆماری ئیسلامی و داعش دە زاری یەکتر تفیون. ڕەنگە تەنیا جیاوازییەکە ئەوە بێ کە چون کۆماری ئیسلامی لە ڕوانگەی مافی نێونەتەوەییەوە وەک یەکەیەکی دانپێدانراوە و فەرمی سەیر دەکرێ، ناتوانێ وەک داعش کە هیچ مەشرووعیەتێکی نێونەتەوەیی نییە، بە ئاشکرا یاسا و ڕێساکانی ئیسلامی ڕاستەقینە (بە خوێندنەوەی خۆی وەک ئیسلامی شیعی) دابەزێنێ، بۆیە حەولی ئەوەی داوە بە نهێنی و ناڕاستەوخۆ دەوری سەلبی خۆی لە هاوکێشە سیاسییەکانی ناوچەدا بە خراپترین شێوە بگێڕێ.

مۆرفۆلۆژی سیاسی کۆماری ئیسلامی و داعش بێ هیچ شک و گومانێک یەک پێکهاتە و یەک دارشتنە و ئەمە حاشای لێناکرێ، ئەمانە ئەگەرچی سەر بە دوو ئایدیۆلۆژیای دژبەیەکن بەڵام بایەخە هاوبەشەکان و مەبەستە هاوبەشەکان و خاڵە هاوبەشەکانیان ئەوەندە زەق و بەرچاون کە جیاوازییە ئایدیۆلۆژیکییەکەیان دادەپۆشێ. بۆیە ئەگەر نەکرێ وەک دۆست یان دوژمنی یەکتر پێناسە بکرێن، بێگومان دۆستمەنی یەکترن!



ڕێبوار کەریم وەلی
rebwar.karim@rudaw.net

# پەیامێکیش لە نەوشیروان مستەفاوە

## 1

چەند رۆژێکی دیکە یەکەم ساڵوەگەڕی تەعتیلی پەرلەمانی کوردستانە کە بە رێگریکردن لە گەڕانەوەی سەرۆکی هەڵپەسێردراوی پەرلەمان بۆ هەولێر لە لایەن پارتییەوە دەستی پێکرد. ئەڵبەتە، ئەم رێگری و تەعتیلە، دوایین ئەڵقەی ئەو قەیرانە بوو کە لە مانگی حوزەیرانەوە، دەستی پێکرد و دەیان کۆبوونەوەی چەند قۆڵیی حیزبەکانی کوردستان و تەدەخولی نێودەوڵەتیش چارەسەری نەکرد. ئەگەرچی دەکرا لە جیاتی دروستکردنی دیوەخان لە سلێمانی و بایکۆتی پەرلەمان، ئۆپۆزیسیۆن و بەشێکی دەسەڵات پەرلەمان بە کارایی رابگرن و چاودێریی کاروباری حکومەت بکەن، بەڵام کە پەرلەمان کارا نییە، خەتاکە هەمووی لەملی پارتی نییە و ئەوانیش بەرپرسیارن.

زەرەمەندی سەرەکی لەو قەیرانەی ئێستا، بە پلەی یەکەم بزووتنەوەی گۆڕانە، چونکە هێشتا تەنانەت کۆمەڵی ئیسلامیش لە حکومەتدا ماوە و سەفەری ئەم دواییەی بارزانی بۆ بەغدا سەلماندی کە هیچ یەک لە دوو باڵەکەی یەکێتی (سەرباری هەمووتەئکیدەکانیان لە رێککەوتننامەی ستراتیژی لەگەڵ گۆڕان) پابەندی مرەکەبی سەر کاغەز نین و بگرە بەدوای بەرژەوەندییەکانی خۆیانەوەن لەگەڵ پارتی. لە ماوەی ساڵی رابردوودا، گۆڕان جگە لەوەی ئیرادەی سیاسیی خۆی لەدەست داوە، مافی رەوای خۆی لە ئیدارەدانی ناوچەییش دۆڕاندووە. باڵی مالّبات و ناوەندی بڕیار هیچیان رکابەرییان لەسەر دووری و نزیکی لە گۆڕان نییە، بەقەدەر ئەوەی کە حیساب بۆ نزیککەوتنەوە و جێگەی متمانەبوونی پارتی دەکەن. لەو بەینەشدا گۆڕان وەکو کارتێکی سیاسی کە توانای جوڵاندنی شەقامی هەیە، لە بەرامبەر پارتیدا بەکار دێنن. ئەو شەڕەی جاران گۆڕان دەیکرد بۆ ئەوەی ببێ بە بەدیلی یەکێتی بۆ پارتی، ئێستا دوو باڵەکە دەیکەن. ناوەندی بڕیاری یەکێتی کاتێک دروست بوو کە زانی پارتی هەم لە گۆڕان و هەم لە باڵی مالّبات نائومێد بووە، بۆیە جورئەتی ئەو راگەیاندنەیان دا بە خۆیان. کەواتا هەموو لایەک گۆڕانیان بەکارهێناوە.

لەسەرەتای ئەم قەیرانەوە تا ئێستا نەوشیروان مستەفا وەکو تەرەفی سەرەکیی ئەم قەیرانە (سەرباری هیجرەتە هەشت مانگییەکەشی) هیچ پەیامێکی نەبووە، بارزانی کە دەگوترا دەبوو دەستپێشخەری بکات، کردی و رەتکرایەوە. ئێستا نۆرەی نەوشیروان مستەفایە کە پەیامێک و دەستپێشخەرییەکی بۆ ئەو بارودۆخە هەبێت و ئیسپاتی بکات کە ئەگەر گوایە پارتی ئامادەیە دامەزراوەیەکی شەرعیی وڵات بکاتە قوربانیی کەسێک، ئەو پێچەوانەکەی دەکات، ئەگەرنا وردە وردە هەم خەڵکی دیکە ئەوە دەکەن و، هەمیش زۆر بە ئاسانی باسی قۆناغی دوای کاک نەوشیروانیش دەکرێت!

## یەکێتی دەبێ بە سێ یان دوو؟

## 2

ناکۆکییەکانی نێوان باڵی مالّبات و باڵی ناوەندی بڕیاری یەکێتی تا دێت قووڵتر دەبێت، بە تایبەتیش دوای دانپێدانانی نێودەوڵەتی و ناوخۆیی (بە تایبەت پارتی) بەوەی کە یەکێتی خاوەنی دوو سەرچاوەی بڕیاری جیاوازە، ئیدی وردە وردە پێدەچێ ئەم جیابوونەوەیەش ببێ بە راستی. ئەوەی ئێستا لەناو یەکێتیدا روودەدات، هەمووی دەرئەنجامی ئەوەیە کە تاڵەبانی نەیتوانی و نەیویست وەکو مەلا مستەفا بارزانی وارس و میراتگرێک بۆ حیزبەکەی دابنێت. عەرەفات ئاسا حیزبەکەی لەناو نیقاشێکدا جێهێشت تا دوای خۆی کەس نەتوانێ ئەوە دووبارە بکاتەوە کە ئەو کردوویەتی.

کێشەی سەرەکی نێوان ئەو دوو باڵە خیلافی فیکری نییە، چونکە خودی پێکهاتەی یەکێتی فڕی بەسەر سۆشیال دیموکراتەوە نییە تا لەوێوە سەرچاوەی گرتبێت، بگرە پەتای مێژوویی حیزبی کوردی و مۆدێلی ستالینی- لینینیستییە کە لە غیابی کاریزمادا تووشی دەبێت.

هەنگاوی داهاتووی باڵی ناوەندی بڕیار دەبێ جیابوونەوە بێت، جا مێژووی باڵی مەکتەب سیاسی و بارزانی دووبارە دەبێتەوە یان ناوێکی دیکەی لێ دەنێن، ئەوە شتێکی دیکەیە. بەڵام لێرە بەولاوە، تەنانەت کۆنگرەش ناتوانێ کێشەکانی ناو یەکێتی چارەسەر بکات، چونکە باڵەکان باوەڕیان بە یەکتری نییە و بەو جیابوونەوەیەشیان، لە رووی جەماوەرییەوە نەک هەر یەکێتی، بگرە بزووتنەوەی گۆڕانیش بەسەر خۆیاندا دابەش دەکەن. چونکە لاوازکردنی پێگەی گۆڕان لە کایەی سیاسیدا، مەتڵەبی هەردوو باڵەکەی یەکێتییە و تا رادەیەکیش هەردوولا سەرکەوتوو بوونە. بە واتایەکی دیکە هەردوو باڵەکەی یەکێتی لە ئێستاوە بیر لە دابەشکردنی میراتی نەوشیروان مستەفا دەکەنەوە تا ئەوەی کە چۆن دەسەڵات لە نێوان خۆیاندا دابەش بکەن.

## بانێک و دوو هەوا!

## 3

حیکایەتی دەستاودەستکردنی دەسەڵاتی لۆکاڵی لە سلێمانی (پۆستی پارێزگار و سەرۆکی ئەنجوومەنی پارێزگا) هەویرێکە ئاوی زۆر هەڵدەگرێ، بەڵام ئەوەش دەبێ لە سەیر و سەمەرەکانی حکومەتی کوردستاندا هەبێ، ئەگەرنا بۆ کوردستانە؟! وەزارەتی ناوخۆ دان بە پارێزگار بە وەکالەتدا نانێت و هێشتا پارێزگاری کۆن، واتا ئاسۆ فەرەیدوونی پێ پارێزگارە و، جێگری سەرۆک وەزیرانیش دەڵێ مامەڵە لەگەڵ پارێزگاری بە وەکالەتدا دەکات، گوایە خەڵک دەنگیان پێداوە!

ئەوەی وەزارەتی ناوخۆ کردوویەتی، لە رووی قانوونییەوە راستە و، دەبووایە ئەوانەی دەهۆڵی یاساسەروەری دەکوتن، رەچاوی ئەوەیان کردبایە، بەڵام بۆچی جێگری سەرۆک وەزیران ئەگەر پەرۆشی دەنگی خەڵکە لەسەر هەڤاڵ ئەبوبەکر نەهاتە جواب کە زۆرینەی دەنگی خەڵکی سلێمانیی هێنابوو؟ ئەسڵی مەسەلەکە ئەوەیە کە پارتی بە تیرێک دوو نیشانی پێکاوە، بۆ پارتی گرنگ نییە کێ دەبێتە پارێزگاری سلێمانی، بەڵام ناقانوونیبوونی پارێزگاری بە وەکالەتی بۆ دووپات کردنەوە و قوبادی تاڵەبانیشی کردە بەرپرسیار لە هەموو ئەو ناقانوونییەی لەمەودوا لە رووی ئیدارییەوە لە پارێزگای سلێمانی روودەدات.



هێمن عەبدوڵڵا
hemen@rudaw.net

# ئاگری موسڵ کوردستان دەسووتێنێ؟

گوتەبێژی حەشدی شەعبی هۆشدارییەکی سەرنجڕاکێشی داوەتە تورکیا: "لە هەر شوێنێک لە موسڵ تووشی هێزە تورکییەکان ببین، وەک داعش مامەڵەیان لەگەڵ دەکەین". لێدوانەکە بۆیە سەرنجڕاکێشە، چونکە هەم حەشدی شەعبی و هەم سوپای تورکیاش ناڕەزاییان هەیە لەسەر بەشداریکردنیان لە شەڕەکەدا، کەچی شیر و تیر لەیەکدی دەسوون. هەولێر و بەغدا و هاوپەیمانانیش دەڵێن هۆکاری دواکەوتنی ئۆپەراسیۆنەکە لەسەر ئەوەیە رێککەوتن نەکراوە بۆ قۆناغی پاش داعش کە کێ بەشداری بکات و دوای ئەوە چۆن بەڕێوەببرێت، بەڵام هەرواش وێنەی موسڵی پاش داعش وردە وردە خەریکە زەلال دەبێت. وێنەی شارێک کە وەک حەلەبی لێدێت و هەر کۆڵانێکی دەکەوێتە دەست هێزێکی ئیقلیمی.

موسڵ بووەتە کێکێک کە بۆ هەریەکە لە بەشداربووانی ئۆپەراسیۆنە چاوەڕوانکراوەکە تامێکی جیاوازی هەیە. بۆ عەبادی و حکومەتی عێراق، چوونەوەی سوپای عێراق بۆ نێو موسڵ کرینەوەی شکۆیەکی لەدەستچووە کە مالیکی-ی رکابەری عەبادی سەبەبکاری بوو. بۆ کوردستان تامی ئۆپەراسیۆنەکە لەوەدایە دۆزی ناوچە کوردستانییە ناکۆکی لەسەرەکان، کە تا بەر لە هاتنی داعش گرێکوێرەیەکی گەورە بوو و زۆرمان وامان دانابوو کە ئیدی دۆڕاندوومانە لەو دۆزەدا، ئاسانتر چارەسەر دەبێت. بۆ هاوپەیمانان و بەتایبەتیش ئیدارەی ئۆباما، سەرکەوتن لە موسڵ هاوکارییەکی باش دەبێت بۆ سەرکەوتن لە هەڵبژاردنە چاوەڕوانکراوەکەی کۆتایی ئەمساڵ. بۆ ئێران کێکەکە هەمان تامی سەرکەوتنی ستراتیژیی ئەو دەوڵەتەیە لە ململانێکانی عێراق و سووریا و لوبنان و یەمەن. ئەوەی لەو نێوانەدا هێشتا پشکی دیار نییە و پەلە پرووزەیەتی شتێکی بەربکەوێت تورکیایە. بێگومان بۆ ئەویش موسڵ تامی وەدیهاتنی خەونێکی عوسمانییانەیە کە دەمێکە بەم ناوچەیەوە دەبینرێت.

هەموو ئەوانە وادەکەن وێنەی موسڵی پاش داعش لەوەی ئێستا ترسناکتر بێت. بەتایبەتیش کە نموونەی حەڵەب هێشتا چیرۆکێکی بەردەوامە و بە قۆناخەکانی موسڵی ئێستادا تێپەڕیوە. لە حەلەب سەرەتا حکومەتی سووریا هەبوو. دوایی شارەکە دابەش بوو بۆ سەر سێ بەش: بەشێکی حکومەت، بەشێکی ئۆپۆزیسیۆن و بەشێکی کورد. دواتر شەڕ لەنێو شار درێژەی کێشا. هێزی نوێی توندئاژۆ هاتن و شیرەکە هێندە کۆن بوو کە فێڵی تێکەوت. ئەنجامی کۆتایی ئەوەیە کە ئێستا ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی و رووسیا و تورکیا و سووریا و ئێران و گرووپە توندئاژۆکان و کوردیش لەو شارەدا لە کۆڵان بە کۆڵان و ماڵ بە ماڵی خەریکی یەکلاکردنەوەی حیساباتەکانیانن لەگەڵ یەکدی. شەڕی حەڵەب و وێنەی منداڵانی قوربانیی جەنگ لە حەڵەب و مەرگەساتەکانی هێندە دووبارەبوونەتەوە کە چیدی خەڵک راناچڵەکێنن.

ئەوەی کە دیارە موسڵیش لەپاش داعش بەو ئاراستەیەدا دەڕوات. رەنگە سەرەتا شەڕەکە لەنێوان هێزە شیعە و سوننەکاندا دروستبێت. بەدوایدا هەندێک گرووپی جیهادیی سپۆنسۆرکراو لەلایەن تورکیا و سعودیە و قەتەرەوە دروست دەبن و دەست بەسەر هەندێک ناوچەیدا دەگرن. هێزە شیعەکانیش دەستەوەستان نابن و بەیارمەتیی ئێران هەندێک ناوچەی دیکە کۆنترۆڵ دەکەن. کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی چاوەکانی دادەخات و رووسیا پاش ئەزموونی سەرکەوتووی لە سووریا، فڕۆکە و هێز بۆ عێراقیش دەنێرێت. تورکیا و ئەمریکا و هێزەکانی دیکەش بۆ راگرتنی باڵانسی هێز، فڕۆکە بۆ پشتیوانی لە هێزە سوننە و دژە ئێران و رووسییەکان دەنێرن. ئەنجامەکەشی ئەوە دەبێت کە ماوەیەکی دوور و درێژ باشووری کوردستان یان دەبێتە مەیدانی جەنگێکی ئیقلیمی، یان هاوسنوور دەبێت لەگەڵ زۆنی جەنگ. مەترسیی گەورەتریش ئەوەیە بەو حاڵەوە کە هەمانە، ئاگرەکەی موسڵ باشووری کوردستانیش بسووتێنێ و دوو ئیدارەی کوردی بەسەر دوو بەرەی شیعە و سوننەدا دابەش ببن.



عادل باخەوان
adel.bakawan@gmail.com

# ئایا بەڕاستی یەکگرتوو دوژمنی فەرەنسا و کوردستانە؟

رۆژی پێنجشەممەی رابردوو، 6ی ئۆکتۆبەری 2016، سەنتەری کوردی- فەرەنسی لە کۆشکی ئەنجوومەنی پیرانی فەرەنسا و بە ئامادەبوونی چەند سیناتۆرێک و دەستەبژێری سیاسی و ئەکادیمیی فەرەنسی، کۆنفرانسێکی لەسەر رۆژهەڵاتی ناوەڕاست سازکرد. گرووپی فەرەنسی- عێراقی لە ئەنجوومەنی پیرانیش سەرپەرشتیاری راستەوخۆی کۆنفرانسەکە بوون.

من لەم گۆشە پێنج سەد وشەیەدا، کاتی ئەوەم نییە باس لە کۆی ئەو وتارانە بکەم کە پێشکەشکران و یەک یەک ناوی بەشداربووەکان بێنم، ئەم ئەرکە بۆ ئەو رۆژنامەنووسانە بەجێدەهێڵم کە لە هۆڵەکەدا بوون و "غارغارێنیان" بوو بەدوای وەرگرتنی لێدوانێکدا. ئومێد دەکەم هەر هیچ نەبێت بەم ئەرکە سەرەتاییەی خۆیان هەستابن.

ئەوەی من لێرەدا دەمەوێت لەسەری بوەستم، گوتارێکی سیاسی بیناکراو لەسەر "دێماگۆجیەت" و "پۆپلیزم/ شەعبەویەت"ی نووسەرێکی ناوداری فەرەنسی بوو، پاتریس فرانسیچسکی کە دروست وەک بەشێک لە نووسەرانی کوردستان و فەرەنسا، کۆمەڵێک گوزارشتی "بیرلێنەکراوە" و دوور لە هەموو پێوەرە زانستییەکانی بەکارهێنا. گەر دەسەڵات لە فەرەنسا و کوردستاندا ئەم گوزارشتانە وەربگێڕێتە سەر چوارچێوەی کار و جوڵانەوە و بیانکات بە پرۆگرام و جیهانبینیی خۆی، بەدڵنیاییەوە نەک هەر بەهەڵەی گەورەدا دەچێت، بەڵکو رۆژهەڵاتی ناوەڕاستیش دەکات بە قەسابخانە.

بێگومان من لە وتارەکەی خۆمدا کۆی ئەو هەڵانەم بۆ راست کردەوە، بەڵام گرنگە ئاماژە بەوە بدەم کە دەسەڵات، چ لە فەرەنسا و چ لە کوردستانیشدا، ئەم جۆرە بیرکردنەوە و لێکدانەوانەی نەکردووە بە ستراتیژی کارکردن. بەڵام ئەمە مانای ئەوە نییە کە هەموو ئەوانەی وەک پاتریس فرانسیچسکی بیردەکەنەوە، کارایيان لەسەر دەستەبژێری سیاسی هەردوو وڵات نییە.

تێزی هەرە سەرەکیی ئەم نووسەرە "گەورە و بەناوبانگە" بریتییە لەوەی کە دوژمنی سەرەکیی گەلی فەرەنسا و گەلی کورد بریتییە لە "ئیسلامیزم"! بەبێ ئەوەی بۆ یەکجاریش پێمان بڵێت ئیسلامیزم چییە و ئیسلامیستەکان کێن؟ رێک وەک من، هەموو ئەو سۆسیۆلۆگانەی کە لە هۆڵەکەدا بوون، هەر لە ئالان تورێنەوە تا دەگاتە میشێل ڤیڤیۆرکا، پێیانوابوو کە گوزارشتەکانی ئەم برادەرە هیچ پەیوەندییەکی بە واقیعی کۆنکرێتیی سیاسییەوە نییە و دوورە لە بنەما سەرەتاییە زانستییەکان.

ئێمە لە قوتابخانەی خوێندنی باڵای زانستە کۆمەڵایەتییەکانی پاریس، چەندین سۆسیۆلۆگمان هەیە کە زیاتر لە 40 ساڵە کار لەسەر ئیسلامیزم دەکەن و کتێبخانەیەکی گەورەیان لەسەر بزووتنەوەکانی ئەم ئایدیۆلۆژیایە بەرهەمهێناوە. ئەلف و بای ئەم کتێبخانەیە بریتییە لە جیاکردنەوەی ئەم "کۆنسێپت/ چەمک"انە لە یەکتری: ئیسلامیزم، پۆست-ئیسلامیزم، فۆندامۆنتالیزم، نیۆ-فۆندامۆنتالیزم، تیرۆریزم، سەلەفیزم.

من لەو پانزە خولەکەی کە بۆم دانرابوو، بەخێرایی رووناکیم خستە سەر ئەوەی کە تاکە دوژمنی فەرمی و راگەیەنراوی گەلی فەرەنسا و گەلی کورد، لە ئێستا و ئێرەدا، تەنیا و تەنیا تیرۆریزمە و هەموو ئەو بزووتنەوانەن کە تیرۆریزمیان وەک چەکی ململانێ هەڵبژاردووە، بۆنموونە داعش و ئەلقاعیدە.

چ هەڵەیەکی گەورەیە کە ئەم نووسەرە "گەورە"یەی فەرەنسا بێت و راشید غەنوشی و ئەیمەن زەواهیری وەک یەک بخاتە نێو چوارچێوەی ئیسلامیزمەوە و بیانکات بە دوژمنی ژمارە یەکی فەرەنسا و کوردستان! لە کاتێکدا حکومەتەکەی فرانسوا هۆلاند، چەندین جار، هەم لە کۆشکی ئێلیزێ و هەم لە کۆشکی ئەنجوومەنی وەزیران، پێشوازی لە خودی غەنوشی و وەزیرەکانی نەهزە کردووە و پەیوەندییەکی بەهێز لەنێوانیاندا هەیە.

چ سەرلێشێوانێکی گەورەیە کە تۆ ئەمینداری گشتیی یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان، سەلاحەدین بەهائەدین و ئەبوبەکری بەغدادی وەک یەک بخەیتە چوارچێوەی ئیسلامیزمەوە و بیانکەیت بە دوژمنی ژمارە یەکی فەرەنسا و کوردستان، لەکاتێکدا تەنها هەفتەیەک لەمەوپێش، وەک لە کۆنفرانسەکەدا گوتم، سەلاحەدین بەهائەدین هاوڕێیەتی بەڕێز مەسعود بارزانی دەکات بۆ بەغدا و بەشداری دەکات لە دانانی پلانی هێرشکردن بۆ سەر داعش و رزگارکردنی مووسڵ! لەوەش زیاتر گەر سەلاحەدین بەهائەدین دوژمنی ژمارە یەکی فەرەنسا و کوردستانە، ئەی بۆ ئەمەریکییەکان دەعوەتی دەکەن بۆ واشنتن و بەشداری دەکەن لە کۆنگرەی دیمۆکراتەکاندا ؟ ئەی بۆ لە کوردستاندا ئەندام پەرلەمان و وەزیریان هەیە و ئەی بۆ راپێچی زیندانەکانیان ناکەن ؟

گەر لە فەرەنسادا برایانی موسوڵمان و داعش وەکو یەک دوژمنی ژمارە یەکی جمهوریەتن، ئەی خێرە وەزارەتی ناوخۆی فەرەنسا ئەنجوومەنێکی فەرمی بۆ موسوڵمانانی فەرەنسا دروست کردووە و برایانیشی کردووە بە یەکێک لە لایەنە سەرەکیەکانی ئەو ئەنجوومەنە و مانگانە لەگەڵیان کۆدەبێتەوە و پێکەوە کاردەکەن ؟

ئەم تایپە لە رۆشنبیر ناتوانێت فێڵمان لێبکات و لە تاقیکردنەوەی "داتاکان"ی واقیعی کۆنکرێتیدا دەرناچێت. من لە چەندین توێژینەوەدا، بۆنموونە لە کتێبی "تیرۆریزم وەک بیناکردنی کۆمەڵایەتی"، بە وردی باسم لە ئیسلامیزم و هەموو چەمکەکانی دیکە کردووە و لێرەدا ناگەڕێمەوە سەریان، بەڵام دەمەوێت ئەم گۆشەیە بەوە کۆتایی پێ بهێنم کە: بەداخەوە، بەشێکی گرنگ لە میدیاکانیش، چ لە فەرەنسا و چ لە کوردستان، بەشداریی زیندوو دەکەن لە خستنە سەر شانۆی ئەم تایپە لە رۆشنبیر کە دوور لە ئەلف و بێ میتۆدۆلۆژییەکان، دروست وەک ماکینەیەکی "پۆپلیست/ شەعبەوی"، بەردەوام سەرگەرمی بەرهەمهێنانی "دێماگۆژیەتە". هەروەها بەداخەوە کە چەند ئەکتەرێکی سیاسیش، لەوانە یەکێک لە سیناتۆرە فەرەنسیەکان، لە کۆنفرانسەکەدا، هەمان دروشمیان چەندین جار دووبارە کردەوە، بەبێ ئەوەی تێبگەن لەوەی باسی چی دەکەن.

ئەمە چ جۆرە هاوپەیمانیەکی "نافەرمیە" کە لە نێوان رۆژنامەنووسێکی نابەرپرسیار و نووسەرێکی پۆپلیست و سیاسییەکی دێماگۆگدا دروست بووە!



هیوا جەمال

# چۆن بڕوات پێبکەم؟

جارێک لە تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبووک، پۆستێکم کردبوو لەبارەی ئەوەی کە پێویستە ئەوە نەبێتە کولتوور، بە هەموو شتێک هەر جنێو بدرێت، ئەگەرچی بەشێکی زۆر لە تێچێنەکان، لەگەڵ ئەو رایەی من بوون کە پێویستە بە ئەرگۆمێنت و دایەلۆگ بکرێت نەک بە جنێو، بەڵام هەندێ لە تێچێنەکان بڕوایان وابوو کە ئەوەندە زوڵم دەکرێت، جنێودان زۆر ئاساییە، ئەگەرچی دیسان لەگەڵ ئەوە نیم جنێو جێگەی دیالۆگ بگرێتەوە، بەڵام هەندێ جار دەگەمە ئەو بڕوایەی دیالۆگ هەندێ گرفت چارەسەر ناکات.

زۆر جار دەکەومە بیرکردنەوە، دەڵێم بیهێنە پێش چاوی خۆت خێزانداریت، منداڵێک یان دوو منداڵت هەن، کرێچیت، بە سێ یان چوار مانگ جارێک دوو سەت تۆ بڵێ پێنج سەت هەزار دینار مووچە وەردەگریت، هیچ دەرەتانی دیکەت نییە، هەرچی دابەشی دەکەیت و کۆی دەکەیتەوە، ئەو بڕە پارەیە نە بەشی قەرز، نە بەشی کرێی خانوو، نە بەشی جلوبەرگ و خواردن و شیر و میوان و دکتۆر و نەخۆشخانە ناکات، لە ماوەی یەک رۆژدا مووچەکەت تەواو دەبێت، هیچت پێ نامێنێت، ئەوەشت لەبەر چاوە لەهەمانکاتدا، ئەو بەرپرسانە کە 25 ساڵێک لەمەوبەر بە گیرفانی بەتاڵەوە هاتنەوە، بە چواریان دەچوونە ئۆتۆمبێلێکەوە، ئێستا تەنیا یەک منداڵیان چوار ئۆتۆمبێلی هەیە، خۆیان بە کاروان ئۆتۆمبێل و بە گەڕەک خانوو و ڤێلا و گردیان هەیە، لەسەر چی؟ بێگومان لەسەر بودجەی خەڵک، ئیتر دەگەمە ئەو بڕوایەی کە جنێودان تەنیا خۆخاڵیکردنەوەیەکە و کەمترین مافە کە دەبێ مومارەسەی بکەیت.

جارێک لە مەجلیسێکدا لەگەڵ یەکێک لە بەرپرسەکان کەوتمە گەنگەشەی کار و خەبات و سەروەت و سامان، پێمگوت با حسابێک بۆ خزمەتەکەت و سەروەت و سامانەکەت بکەین، لە پێش راپەڕینیش 20 ساڵت وەک خزمەت بۆ حساب بێت و لە دوای راپەڕین 20 ساڵ، گریمان مانگی یەک دەفتەر دۆلار مووچەکەت بێت و بە سافی بۆت مابێتەوە، هێشتا ناکاتە نیوەی ئەو سامانەی ئێستا هەتە، باشە پێتوایە ئەمە لەرێی یاسایی و شەرعییەوە پەیدا بووە؟ ماقوڵە؟ هیچ بەرپرسێک پرۆژەی بازرگانی خۆی ئاشکرا ناکات، هاوکات دەڵێ ئەویش وەک خەڵک مووچە وەردەگرێت و کە دەکەویتە گفتوگۆ لەگەڵی پێیوایە هەموو کەس لەگەندەڵی گلاوە ئەو نەبێت. کەچی وەک باسم کرد نیوەی سامان و ئۆتۆمبێل و ڤێلا و پرۆژە شاراوەکانی حساب بکە، بە 100 ساڵ مووچەخۆریی کۆنابێتەوە، ئەی کەواتە ئەمە چۆن پەیدا بووە؟

وابزانم سەرۆکی دەستەی دەستپاکی لە هەرێمی کوردستان گوتبووی، کاتێک فۆرمی دەستپاکی بە بەرپرسەکان پڕ دەکەیتەوە، بەشێکی زۆر نووسیویانە خانوویەک و ئۆتۆمبێلێکی هەیە بە ناویەوە، ئەگەر وابێت بەشێکی زۆری ڤێلا و ئۆتۆمبێل و خانوو و پارەی بانکەکان بێکەس دەمێننەوە، وەک چۆن کاتێک لەلایەن لیژنەیەکەوە تەنها پێنج لیست ناوی وەزارەتێک کرابوون بە یەک لیست، هەشت هەزار ناو زیادە دەرچوو بوو، کەسیش نەیگوتبوو مووچەکەی بڕاوە.

کەواتە بۆچی خەڵک بڕوا ناکات کە حکومەت پارەی نییە؟ چونکە ئەوانەی کە بە چینی بەرپرس و باڵادەست و سەرەوە ناسراون، هیچ لە عەیش و نۆشیان کەمی نەکردووە و هیچیان پێوە دیار نییە، ئێستاش دەبینرێت کە چۆن شەوانە بە دەیان هەزار دۆلار لە داوەتێکدا خەرج دەکەن، جگە لەوە، لەم هەرێمی کوردستانەدا کە هەمووان دانیان ناوە بەوەدا گەندەڵی هەیە، تەنانەت وەک نەوشیروان مستەفا، رێکخەری بزووتنەوەی گۆڕان دەڵێ، گەندەڵی وەک خۆڵبارانی لێهاتووە و بەر هەموومان کەوتووە، هیچ بەرپرسێک لەسەر گەندەڵی دەرنەکراوە و زیندانی نەکراوە و نەدراوە بە دادگا! کێ بڕوا دەکات؟

لەگەڵ ئەوەشدا لەو وڵاتەی تەنیشت خۆمان (عێراق دەڵێم) (ئەوە بە زمانی ئەوانەی پێیانوایە کوردستان عێراقێکی دیکەیە) وەک ئێمە نەوت دەفرۆشێت، کەچی مووچە دواناکەوێت، ئاخر چی وەڵامی خەڵک و مێژوو دەدەنەوە لە شارێکی وەک کەرکووک کە شۆڕشی لەسەر هەڵگیرسایەوە، فەرمانبەرانی کورد، داوا دەکەن بچنەوە سەر بەغدا، ئا بەوجۆرە چۆن کەرکووک دەگەڕێتەوە سەر هەرێمی کوردستان؟ ئەی چۆن عارەب و تورکمان رازی دەکەن بێنە پاڵمان؟

لەم کاتەدا کە باری حکومەت لارە و دەڵێت پارە نییە، لەبری ئەوەی کارێک بکات بڕوا بەخەڵک بێنێت کە بەڕاستی قاسەی حکومەت بەتاڵە، وا بکات شەفافیەت زیاتر بێت. کەچی ناشەفافیەت نەک بەردەوامە بەڵکو زیاتر دەبێت، چۆن دەبێت، چوار ساڵ لەمەوبەر راپۆرتی مانگانەی وەزارەتی سامانە سروشتییەکان سەبارەت بە فرۆشتنی نەوت 30 لاپەڕە بووبێت، کەچی ئەم مانگە سەرەڕای فرۆشتنی نەوتی زیاتر، تەنیا یەک لاپەڕە بێت؟

چۆن بڕوات پێبکەم؟

ئەم وتارانە گوزارشت لە رای نووسەرەکانیان دەکەن و بەهیچ شێوەیەک دەربڕی بۆچوونی تۆڕی میدیایی رووداو نین.

WWW.RUDAW.NET

RÛDAW

Rudaw Media Network

Rudaw readers know more



# شێنیێ خێر دەکات

« 19

خاوەنی ئیمتیاز : تۆڕی میدیایی رووداو

سەرنووسەر : سەلام سەعدی salam@rudaw.net

جێگری سەرنووسەر : ساڵح قادر rodan@rudaw.net

بەڕێوەبەرانی نووسین: نەوزاد مەحموود newzad@rudaw.net

هیڤیدار ئەحمەد hevidar@rudaw.net

بەڕێوەبەری هونەری: حوسێن هیممەتی himati@rudaw.net

ئەندامی شانازی ستاف : عەبدوڵڵا قرگەیی


دیزاینەران : هونەر مەرجان ، شاهۆ محەممەد

هەفتەنامەیەکی سیاسی گشتییە تۆڕی میدیایی رووداو دەریدەکات

نووسینگەی سلێمانی : بەرامبەر پارکی ئازادی 07501130997

ناونیشان: هەولێر ـ شەقامی رووناکی Tel: 0750 486 34 12 - 0750 488 56 96

rudaw@rudaw.net




LEGACY
CONSTRUCTION